# گوڵان

ساڵی بیست و نۆیەم (١٣٣٨)- (٢٤)ی تشرینی یەکەم




سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان:

## ستراتیژی وەرچەرخانی دیجیتاڵی بەشێکە لە پرۆسەی چاکسازییەکانی کابینەی نۆیەم

# حکومەتی ئەلیکترۆنی هۆکارێکی گرنگ بۆ حوکمڕانیی باش و خۆشگوزەرانی و کامەرانیی هاووڵاتیان






# دامەزراندنی زانکۆی دهۆک


٣٩

هاوینی ساڵی ١٩٩٢ دکتۆر عسمەت محەمەد خالید لەگەڵ کۆمەڵێک مامۆستا سەردانیان کردم و پرۆژەیەکیان خستە ڕوو بۆ دامەزراندنی زانکۆیەک لە دهۆک. هەرچەند دامەزراندن و کردنەوەی زانکۆیەک لە دهۆک بۆ من ئاوات و خەونێکی گەورە بوو، بەڵام دڵنیا نەبووم کە توانای مرۆیی و زانستیی پێویست هەبێت. دوای گفتوگۆیەکی وردی بابەتییانە قەناعەتیان پێ هێنام کە ئەو توانایە هەیە و دەکرێت. لە دانیشتنەکەدا هەستم کرد مامۆستایان متمانە و بڕوابەخۆبوونێکی بەهێزیان هەیە. بۆیە پێم گوتن: «چیتان لە من دەوێت؟» لە وەڵامدا گوتیان، هاوکاری و یارمەتی و پشتگیریی مەعنەوی و ژمارەیەک بینا لە دهۆک هەن کە پێشمەرگە و ئاسایشیان تێدایە، داوا دەکەین ئەو بنیایانەمان بۆ چۆڵ بکەت بۆ زانکۆ، منیش بەبێ دوو دڵی داواکەیانم پەسەند کرد. دواتر ئەم بەسەرهاتەم بۆ گێڕانەوە: «کابرایەک چووبووە سەر گۆمەئاوێک و سەتڵێک ماستی لەگەڵ خۆی بردبوو. ناوبەناو قاپێک ماست و قاپێک ئاوی تێکەڵ دەکرد و دەیڕژاندە ناو گۆمەئاوەکەوە، کابرایەکیش لێی پرسی: ئەوە سەرقاڵی چیت؟

کابراکەش وەڵامی دایەوە: بەنیازم ئەم گۆمەئاوە بکەم بە ماستاو، کەسەکە پێی گوت: کاکی خۆم نابێت، کابراش وەڵامی دایەوە: دەزانم نابێت، بەڵام ئەگەر بوو، دەزانی چی ڕوو دەدات!».

بەڕاستی دامەزراندنی زانکۆ کارێکی قورس بوو و پێم گوتن ئەگەر ئەو زانکۆیە دابمەزرێ، دەستکەوتێکی یەکجار گەورە دەبێت. سوپاس بۆ خوای گەورە لە ڕۆژی ٣١ی تشرینی یەکەمی ١٩٩٢–دا وەک هەنگاوێکی پیرۆز زانکۆی دهۆک دامەزرا.

# چاپکراوی نوێ




بەرگی یەکەمی کتێبی (لاپەڕە ئاوێنەییەکانی یادوەریم) لە نووسینی هونەرمەندی شێوەکار (دارا محەمەد عەلی) بە بەرگێکی ناوازەی (٣٨٤) لاپەڕە کەوتە بەردەست خوێنەران و کتێبخانەی کوردییەوە.

ئەم کتێبە گێڕانەوەی سەبردە و ژیاننامەی هونەرمەندە هەر لە سەرەتای منداڵییەوە، ئەو لەم گێڕانەوەیەدا هیچ قۆناغێکی ژیان نەماوە ئاماژەی پێ نەکردبێت، سەرەتا لە قۆناغی یەکەمی منداڵی لە گەڕەکی تەیراوە دەست پێ دەکات، دارا محەمەد عەلی لەم قۆناغەدا ئاماژە دەکات بە بارکردن بۆ هەولێر دواتر دێتە سەر باسکردنی شوێنە کۆن و میللییەکانی وەك گەرماوی حاجی قادر و سینەماو منارەی چۆلی و بن لەیلووکان و فێربوونی پایسکیل، ئینجا باس لە شەڕی نێوان گەڕەکی تەیراوەو قەڵات دەکات، تا دەگاتە تۆمارکردن لە قوتابخانە، هونەرمەند دارا محەمەد عەلی دێتە سەر گێڕانەوەی قۆناغی دووەمی منداڵی لە گەڕەکی کوران هەر لە دەوام کردنی لە قوتابخانەی ئازادی و چۆنێتی خولیابوونی بە هونەر، دواتر پەرە بە بەهرە و توانای هونەریی خۆی دەدات، بە هاوکاریی مامۆستای بابەتی هونەر، گێڕانەوەی سەربردەی مامۆستا دارا ڕووبەڕێکی زۆری کتێبەکەی گرتووەتەوە، لێرەدا ئەگەر هەموو قۆناغەکانی ژیان و چالاکییە هونەرییەکانی هەر لە پێشانگا و کارکردنی لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان و سیمینارو ئەو بەرهەمانەی کە چاپی کردوون بخەینە ڕوو لاپەڕەی زیاتر دەگرێت، بەڵام هەر لەم کتێبەدا ئەلبوومێکی تایبەت بە وێنەکانی خۆی هەر لە سەردەمی منداڵی و گەنجی و دواتر مامۆستایەتی و هەندێ لە بەرهەمی هونەری بڵاوکردووەتەوە.

دەستخۆشی لە هونەرمەندی شێوەکار (دارا محەمەد عەلی) دەکەین و بە هیوای بەرهەمی زیاتر.

## چاپکراوی نوێ




کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسی.. خوێندنەوەیەك لە ڕوانگەی جیهانگیریەوە) لە نووسینی (فەتحی مەلا عەلی مەلا عەبدوڵڵا مودەریس) بە (٢٠٤) لاپەڕە کەوتە کتێبخانەی کوردییەوە، کتێبەکە ڕۆشنایی دەخاتە سەر پێگەی کورد لەنێو دوو سەردەمی لە یەکچووندایە، ڕۆژهەڵاتناسی و جیهانگەرایی دەتوانرێت بگوترێت کە هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی ناسنامەی کورد لە ڕوانگەی ڕۆژهەڵاتناسەکان وەك سەردەمی کۆن و دۆزینەوەی ئەم ناسنامەیە لە ڕوانگەی جیهانگەرایی کە ساتەکانی ئێستایە تێیدا ژیان بەسەر دەبرێت، ڕۆژهەڵاتناسی وەك زانستێکی دیراساتی مرۆیی یان مێژوویی یان سیاسی یان ئاینی و کلتووری و کۆمەڵایەتی لە سەرەتای سەرهەڵدانی تاکو ئێستا جێگەی مشتومڕ و ناکۆکییەو بە شێوەیەك گشت توێژەر و مێژووناس و مێژوونووسان و ڕووناکبیران و ڕۆشنبیرانی خستۆتە نێو چەند بەرەیەکی جیاجیا کە یەکەمیان دژی ڕۆژهەڵاتناسین بە بەڵگەی ئەمەی کە ڕۆژهەڵاتناسەکان هەردەم ئامرازێك بوونە بۆ خزمەتکردنی سیستەمە سیاسی و عەسکەری و داگیرکاری، بەرەی دووەمیان لەگەڵ ڕۆژهەڵاتناسین بە بەڵگەی ئەوەی کە ڕۆژهەڵاتناسی خزمەتی گەورەی بە ڕۆژهەڵات کردووە و هەرگیز ئەمە لەبیر ناکرێ و کلتووری سەدان ساڵەی مرۆڤایەتی لەلایەن ڕۆژهەڵاتناسانەوە پارێزراوە، مامۆستا فەتحی مەلا عەلی مەلا عەبدوڵڵا مودەریس کتێبەکەی بەسەر سێ دەروازە دابەشکردووە، لەوانە دەروازەی مەعریفەت لە ڕۆژهەڵاتناسی ئەندێشەسازیی ڕۆژهەڵات، هەروەها وەرگێڕانی قورئانی پیرۆز و ڕۆژهەڵاتناسەکان، بەناوبانگترین ڕۆژهەڵاتناسەکان - ئەڵمانی، فەرەنسی، هۆڵەندی، ئیسپانی، ڕۆژهەڵاتناسی ڕووسی - سۆڤییەتی و کورد: ڕۆژهەڵاتناسی ئەڵمانی و کورد و فەرەنسی و کورد و بەریتانی کورد، دەروازەی مەعریفەت لە ڕێنیسانس و دەروازەی مەعریفەت لە جیهانگەرایی..

دەستخۆشی لە نووسەری کتێبی (ڕۆژهەڵاتناسی.. خوێندنەوەیەك لە ڕوانگەی جیهانگیریەوە) دەکەین، کە بەم بەرهەمە کەلێنێکی لە کتێبخانەی کوردی پڕکردووەتەوەو بەرچاوی خوێنەرانی بە ناوەڕۆکی ئەم کتێبە ئاشنا کردووە.

# چاپکراوی نوێ







چاپی یەکەمی کتێبی (ڕێگە چارەی ئابووری دەستوور، مووچە) و لە نووسینی مامۆستا ئەیوب ئەنوەر سماقەیی کەوتە بەر دیدی خوێنەرانەوە، ئەم کتێبە دوو ئامانج دەپێێت، یەکەمیان چارەسەرکردنی گرفتە ئابوورییەکان و دانانی دەستوورێکی گونجاو لەگەڵ پێشکەوتنی خێرای ئابووریی جیهان و گونجاو لەگەڵ دۆخی ئابووریی هەرێمی کوردستان ئەوە دەخوازێت دەستوورێکی دەوڵەمەند و ڕوون و ئاسان هەبێت بۆ دیاریکردن و چەسپاندنی سیستەمێك و فەلسەفەیەکی ئابووریی پێشکەوتوو بۆ هەرێمی کوردستانی عێراق، دووەمیان چارەسەرکردنی گرفتی پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران لە کەرتی گشتی لە هەرێمی کوردستان. ئەم کتێبە بەسەر چەندین بەش و باس دابەشکراوە، لەوانە شیکردنەوەی ڕۆڵی بەنك لە پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەراندا، بەنك و ڕۆڵی لە پاشەکەوتکردندا، دواتر پاشەکەوتی مووچەی فەرمانبەران لە هەرێمی کوردستاندا، لە کۆتاییدا ئەنجام و ڕاسپاردەکان.

مامۆستا و نووسەر ئەیوب ئەنوەر سماقەیی

چاپی یەکەمی کتێبێکی دیکەی بە ناوی (هەلیکۆپتەری دارایی) چاپ کردووە، ئەم کتێبە هەر وەك نووسەرەکەی ئاماژەی پێ دەکات بریتییە لە کۆمەڵێك بابەتی هەنووکەیی ئابووریی هەرێمی کوردستان و جیهان، ئەمە وەك دیارییەکە بۆ مامۆستایان و فێرخوازان و خوێنەرانی بواری ئابووری، بۆ هەموو ئەوانەی ئارەزووی فێربوونی زانستی ئابووریی سەردەمیانەیان هەبێت، هاوکات ئەم کتێبە یارمەتیدەرە بۆ خوێندکارانی بەشی ئابووری، بە مەبەستی هاندانیان بۆ خوێندن و فێربوونی زانستی ئابووری. ئەم کتێبەش ئاماژە بە هەندێ بابەتی ئابووری دەکات وەك: بایکۆت و باجی بایکۆت و توندووتیژیی ئابووری و سیستمی سوێفت و شەڕی دراوەکان و دراوی ئەلیکترۆنی و ڕەنگەکانی ئابووری.

دوو دانە لەم کتێبانە گەیشتوونەتە گولان، دەستخۆشی لە مامۆستا و نووسەر ئەیوب ئەنوەر سماقەیی دەکەین بۆ ئەو دوو بەرهەمە، کە هیواداریین سوودی گشتییان بۆ مامۆستا و پسپۆڕانی ئابووری هەبێت.




پ.د. شێرزاد نەجاڕ



## پارتی کۆمەڵەی ئاشتیی عەرەبی: دەستپێشخەرییەکی دەستەبژێری بۆ چارەسەری قەیرانەکان

## تاچەند حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم دەستپێشخەرییە سوودمەندە؟

لارا یوسف زارا :



## پاڵپشتیی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەلقووش نامەیەکی گرنگە بۆ پێکەوەژیانی ئایینی و خزمەتکردنی مەسیحییەکان

دڵشاد میران



## حکومەتی نوێی عێراق لە بەردەم دووڕییانی هێورکردنەوە و چارەسەرکردنی کاتی کێشەکانداية

پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید



## حکومەتی ئەلەکترۆنی دەستکەوت و ئاڵنگاری

نێگرۆن گۆنزالێس :



## بەرەنگاربوونەوەی گرووپە توندڕەوەکان پێویستی بە حوکمڕانیی باش هەیە

■ خاوەن ئیمتیاز
شەوکەت شێخ یەزدین
Concessioner
Shewket Sh. Yezdeen

■ سەرنووسەر
فەرهاد محەمەد
Editor-in-Chief:
Farhad M.hassn
frhd_mhmd@yahoo.co.uk
Mob: 07504030900

■ سکرتێری نووسین
د.هێمن غەنی

■ سیاسەت و ناوخۆ:
سالح عومەر
شەماڵ نوری
د. شێبان فەرهاد
بەهادین جەلال

■ گشتی:
د.عادل حوسێن
تارا عومەر
خەلیل بلەیی
سەنگەر شنۆیی
مەهدی حاجی سالح
کارزان کانەبی
رێبین ڕەمزی

■ بەڕێوەبەری کارگێڕی و دارایی:
سلێمان یاسین

■ بەڕێوەبەری هونەری:
شاخەوان جەعفەر

■ بەرگ:
لوقمان ڕەشیدی

■ وێنەگر:
کەمال ئاکرەیی

بۆ ریکلام کردن پەیوەندی بکە بە:
Mob: 0750 2206537
salih_omer2003@yahoo.com

چاپخانەی رۆکسانا - هەولێر

ناوونیشان: هەولێر -ڕووناکی/ شەقامی ٤٠ مەتری

Web: www.gulanmedia.com

نەجات حەسەن :

## پارتی بە سەرکەوتوویی کۆنگرە ئەنجام دەدات و بە هزرێکی هاوچەرخەوە درێژە بە خزمەتکردنی گەلی کوردستان دەدات



فەزیلە شۆڕش :

## هەر ئافرەتێک پێویستی بە ڕاوێژ و ڕێنمایی بێت، وەکو ئەنجومەنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە خزمەتیدایین



## زیانەکانی کات بەسەربردن تا درەنگانی شەو!



## داتاشۆی لەیزەری کۆکەرەوەی چەند ئامێرێک




هیوا سوعاد:

## حەوتەمین فیستیڤاڵی شانۆی هەولێر جیاوازیی زۆری دەبێت لەگەڵ خولەکانی پێشوو




یادی محەمەد :

## پێشکەوتنی یاری تۆپی دەست پێویستی بە ڕاهێنانی یاریزانی تازەپێگەیشتوو هەیە





# سەرۆک مسعود بارزانی
# لە ڕیفراندۆمدا شکۆی کوردستانی بردە قۆناغێکی نوێ





## دکتۆر خەلیل ئەترووشی

تایبەت بۆ گوڵانی نووسیوە

هێزی پێشمەرگە بە ڕابەرایەتیی مەرجەعی کورد و کوردستان مسعود بارزانی، توانی تیرۆرستانی داعش تێك بشکێنێت و، گەلی کوردستان بە جیاوازی ئایین و ئایینزا و نەتەوە و چین و توێژەکانی لەو هێزە دڕندانە بپارێزێت، بەمەش نەك هەر لەسەر ئاستی جیهان سەرکەوتنێکی سەربازیی بێ وێنەی تۆمار کرد، بەڵکو شکۆی بۆ گەلی کورد گەڕاندەوە، ئەم شکۆیە وای کرد گەلی کوردستان ئەم جارە شەرم لە داواکارییە ڕەواکانی خۆی نەکات، کە هەر لە سەردەمی مەلیکی و کۆماری و بەعس و تا ئێستاش لە عێراقی بەزۆر بەیەکەوە لکێنراو پێشێل دەکرێت. ئەوە بوو مسعود بارزانی ڕابەری کورد لە ٢٥ی ئەیلوولی ٢٠١٧ کۆدەنگییەکی بێ وێنەی لە نێوان هێزە سیاسییەکان و حزب و چین و توێژەکان دروست کرد، تەنانەت گەلی کوردستان بە سەرجەم نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانەوە ڕوویان لە سندووقەکانی دەنگدان کرد و بە بەشداریی ٧٢٪ کۆی دانیشتووانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان بە پارێزگای کەرکووك و ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم بە ڕێژەی لە ٩٢,٧٣٪ دەنگیان بۆ سەربەخۆیی باشووری کوردستان دا.

ڕیفراندۆم سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، کە بە لایەنگر و دۆست و دوژمنی ڕاگەیاندرا، چیتر گەورەترین گەل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بێ دەوڵەتە زوڵم و کۆمەڵکوژی قبووڵ ناکات، ئەمەش دوای ئەوەی چەندین ساڵ بوو خەبات و قوربانی دەدا لە پێناو بەدەستهێنانی ماف و شایستەکانی.

سەرۆك مسعود بارزانی کاتێك ڕژێمی بەعس ڕووخا و ڕۆڵی لە بونیاتنانی عێراقی نوێ هەبوو، لە پێناوەی ئەوەدا بوو کورد لە ناو عێراقێکی دیموکراتی بە هاوبەشی و یەکسانی بژی و، وەکو هاووڵاتیی پلە دوو سەیر نەکرێت، بەڵام جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستووری و کەمکردنەوەی بودجەی هەرێمی کوردستان لە پشکی بودجەی گشتی عێراق لە ١٧٪ بۆ کەمتر لە ٩٪ و زەوتکردنی ماف و ئیستحقاقاتەکانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، کە بەشێکە لە مەنزوومەی بەرگریی عێراق و، دواتر جووڵاندنی هێز لە دژی هەرێمی کوردستان و بڕینی بودجە و مووچەی خەڵکی کوردستان و دژایەتیکردنی کورد لە مەحافیلە نێودەوڵەتییەکان و، پشتگوێخستنی

**ڕیفراندۆم سەرەتای قۆناغێکی نوێ بوو لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کورد، کە بە لایەنگر و دۆست و دوژمنی ڕاگەیاندرا، چیتر گەورەترین گەل لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بێ دەوڵەتە زوڵم و کۆمەڵکوژی قبووڵ ناکات**

**سەرۆک بارزانی بە توندی ڕووبەڕووی برسیکردن و سزادانی خەڵکی کوردستان ڕاوەستایەوە و نەکەوتە ژێر ئەو فشار و پاڵەپەستۆیانەی کە دەیانویست ڕیفراندۆم نەکرێت، یان دوا بخرێت**

**سەرۆک مسعود بارزانی وای کرد لە ڕیفراندۆمدا دوابزمار لە تابووتی ئەو دەوڵەتە بدرێت کە کورد بە هاووڵاتی دەرەجە دوو سەیر دەکات و بەردەوام دژایەتیی سیاسی و سەربازی و ئابووریی کوردستان دەکات**

**لە ناو ئەو کێشمەکێش و فشار و پاڵەپەستۆیانەدا کە دەکرایە سەر سەرۆک بارزانی و گەلی کوردستان، سەرۆک بارزانی سازشی لەسەر مافی گەلەکەی نەکرد**

قەرەبووی کیمیاباران و ئەنفال و وێرانکردنی گوندەکانی کوردستان و کوشتن و قاتوقڕی، ئەمانە هەمووی وای کرد کورد هەست بە زوڵم و چەوساندنەوەیەکی زۆر بکات، بە تایبەتی لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم، هێزە مەزهەبییەکان کە بە پاڵپشتیی هێزی دەرەکی چاویان بە کوردستان هەڵ نەدەهات کە بە هەموو پێوەرەکانی سەقامگیری و ئارامی و وەبەرهێنان بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی عێراق جیاواز بووە، بەردەوام لە بۆسەدا بوون بۆ لێدانی هەر دەستکەوت و کارێکی باش، بۆیە سەرۆك بارزانی بە توندی ڕووبەڕووی برسیکردن و سزادانی خەڵکی کوردستان ڕاوەستایەوە و نەکەوتە ژێر ئەو فشار و پاڵەپەستۆیانەی کە دەیانویست ڕیفراندۆم نەکرێت، یان دوا بخرێت، لە کاتێکدا لە دەستووری عێراقدا ئەو مافە بە گەلی کوردستان دراوە کە ڕیفراندۆم بکات، تەنانەت لە دەستووری هەمیشەیی عێراقیشدا هاتووە: جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستوور زامنی یەکپارچەیی خاکی عێراق دەکات، هەرچەندە لە ڕووی واقیعەوە عێراق پارچە پارچە بووە و کورد هیچ ڕۆڵێکی لەو پارچە پارچە بوونە نەبووە، ئەوە هێزە مەزهەبی و بەکرێگیراوەکانی وڵاتانی دەوروبەرن وایان کردووە هیچ عێراقییەك هەست بە هاووڵاتیبوونی خۆی نەکات، سەرۆك مسعود بارزانی وای کرد لە ڕیفراندۆمدا دوابزمار لە تابووتی ئەو دەوڵەتە بدرێت کە کورد بە هاووڵاتی پلە دوو سەیر دەکات و بەردەوام دژایەتیی سیاسی و سەربازی و ئابووریی کوردستان دەکات.

کۆی پرۆسی ڕیفراندۆمەکە شێوازێکی ئاشتیخوازانە و مەدەنی پێوە دیار بوو، ڕەنگدانەوەی خواست و ویستی دانیشتووانی هەرێمی کوردستانی نیشان دا لەسەر چۆنیەتی دیاریکردنی پەیوەندیی نێوان هەرێم و حکومەتی فیدراڵی، بە پێچەوانەی ئەو تۆمەت و دژایەتییانەی نەیارانی کورد دەیانبەخشییەوە، ڕیفراندۆم بەپێی بەڵگەنامە و ڕێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکان مافێکی دەستووری و یاسایی هەموو گەلانی جیهانە بەگەلی کوردستانیشەوە، بەڵام چاویان لەو ڕاستییە نوقاند بوو کە دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین مافێکی سرووشتی و ئاسایی گەلی کوردستانە و هاوکۆکە لەگەڵ هەموو بەڵگەنامە و دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکاندا. لە ناو ئەو کێشمەکێش و فشار و پاڵەپەستۆیانەدا کە دەکرایە سەر سەرۆك بارزانی و گەلی کوردستان، سەرۆك بارزانی سازشی لەسەر مافی گەلەکەی نەکرد و، لە پرۆسەیەکی پاك و خاوێن و شەفاف و ڕێکوپێکدا گەلی بەرەو سندوقەکانی دەنگدان برد و بە کۆی دەنگ بە بەڵێ وەڵامی نەیاران و دوژمنانی کوردیان دایەوە. هەرچەندە سەرۆك بارزانی و گەلەکەی لە بەرامبەر هەڵوێستی لاواز و کزی هاوپەیمانەکان و دۆستەکان تووشی بێ ئومێدییەکی زۆر بوونەوە و، وتەکەی مەلا مستەفا بارزانی سەرکردەی مێژوویی و سیمبولی کوردیان بیر هێنایەوە بەوەی: «هاوڕێ و دۆستمان نییە جگە لە چیاکان»، بەڵام پێداگریی سەرۆك بارزانی و گەلی کورد و سەرجەم کوردستانییان ئەوەی سەلماند کە گەلی کوردستان پێداگرییەکی زۆری لەسەر دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان هەیە.

ڕیفراندۆم هەنگاوێکی مێژوویی و قۆناغێکی پێشکەوتووە لە قۆناغەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد، ئەم هەنگاوەشی بەپێی بەڵگەنامە و دیکۆمێنتە نێودەوڵەتییەکان و هەموو ڕێکەوتنامە جیهانییەکان بە ئاشتی و شەفافانە پەیڕەوکراوە و دەرئەنجامەکەشی هیچ گومان و کەموکورتییەکی بەسەرەوە نییە، بگرە لە ئەنجامدانی ڕیفراندۆمەکەدا زۆر سەرکەوتوو بووین و لەکاتی خۆیدا بوو، چونکە ڕیفراندۆم لە دەرئەنجامی ئەو شکست و نەهامەتی و زوڵمە زۆرە هات کە بە درێژایی مێژوو دەرهەق بە گەلی کوردستان بە پلان و بەرنامە جێبەجێ دەکرا، ئەمە وێڕای ئەوەی هەر خۆی لەخۆیدا کورد بە نەشتەرگەرییەکی شکستخواردوو بە زۆرەملێ بەستراوەتەوە بەم دەوڵەتەوە (پرۆسەی بەیەکەوە بەستنی کوردستانی باشوور، ویلایەتی مووسڵ، لەگەڵ عێراقی عەرەبی (ویلایەتی بەغداد و بەسرە)، حکومەتە یەك لە دوای یەکەکانی عێراق نەك هەر نەیانتوانی ئەو هەست و سۆزە بۆ کورد دروست بکەن کە هاووڵاتی پلە یەکی ئەو وڵاتەن، بەڵکو بە خراپترین و قێزەوەنترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون، تا گەیشتە ئاستی کۆمەڵکوژی و قەتڵوعام و دەرکردن و زەوتکردنی کەلتوور و زمان و خاك و مافی ژیان، هەر لەم ڕوانگەیەوە کەلتوور و دابونەریتی ناشیرینی سڕینەوەی بەرامبەر و ڕەتکردنەوە و ئازاردانی کورد، وەکو میراتییەکی ناشیرینی لێ هاتووە و

**ڕیفراندۆم لە دەرئەنجامی ئەو شکست و نەهامەتی و زوڵمە زۆرە هات کە بە درێژایی مێژوو دەرهەق بە گەلی کوردستان بە پلان و بەرنامە جێبەجێ دەکرا**

**حکومەتە یەک لە دوای یەکەکانی عێراق نەک هەر نەیانتوانی ئەو هەست و سۆزە بۆ کورد دروست بکەن کە هاووڵاتی پلە یەکی ئەو وڵاتەن، بەڵکو بە خراپترین و قێزەوەنترین شێوە مامەڵەیان لەگەڵدا کردوون**

**کەلتوور و دابونەریتی ناشیرینی سڕینەوەی بەرامبەر و ڕەتکردنەوە و ئازاردانی کورد، وەکو میراتییەکی ناشیرینی لێ هاتووە و تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامیی هەیە**

**حکومەتی عێراق هەموو هەوڵە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەکار هێنا بۆ فشارخستنە سەر هەرێم و گەمارۆی زەمینی و ئاسمانی و ئابووریشی دژی خەڵکی کوردستان و دابڕانیان لە جیهانی دەرەوە جێبەجێ کرد**

تا ئەمڕۆش هەر بەردەوامیی هەیە، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش هەموو ئەو بەڵگەنامە و عورفە نێودەوڵەتی و یاسا و ڕێسایانەیان ڕەت کردووەتەوە کە باس لە مافی گەلی کورد دەکات بۆ دیارکردنی چارەنووسی خۆی، ئەوەتا لە ٢٢ی تەمموزی ساڵی ٢٠١٠ ڕاگەیاندنی یەکلایەنەی دەوڵەتی کۆسۆفۆ پێشوازییەکی باشی لێ کرا و دادگای نێودەوڵەتی وەکو بیروباوەڕێکی مافی چارەی خۆنووسین سەیری کرد، واتا دادگای نێودەوڵەتی بڕوای بە بیرۆکەی ڕاگەیاندنی جیابوونەوە وەکو چارەسەرێکی گونجاو داوە، بە پێچەوانەی ڕاپرسییەکەی هەرێمی کوردستانەوە کە حکومەتی عێراق هەموو هەوڵە دیپلۆماسییەکانی لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی و نێودەوڵەتی بەکار هێنا بۆ فشارخستنە سەر هەرێم و گەمارۆی زەمینی و ئاسمانی و ئابووریشی دژی خەڵکی کوردستان و دابڕانیان لە جیهانی دەرەوە جێبەجێ کرد، بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ کۆنترۆڵکردن و داگیرکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە کەرکووك و شنگال و خانەقین و ناوچەکانی دیکە، پێشێلکارییەکی ڕوونی دەستوور بوو. بەیاننامەی ژمارە ٢٣ی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقیش بەوەی ڕیفراندۆم ناکۆکە لەگەڵ دەستووری هەمیشەیی عێراقدا لە ئاست دامەزراوەیەکی وەکو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقی فیدراڵیدا نەبوو، لە وڵاتێکدا کە چەندین نەتەوە و ئایین و ئایینزای تێدا دەژی، لە بەیاننامەیەکی سزادانی گەلی کوردستان دەچوو، بەتایبەتی کە ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق دەسەڵاتی دەرکردنی بڕیاری نییە، هەروەکو چۆن لە دادگای باڵای فیدراڵیدا هاتووە کە دەرکردنی بڕیار لە دەسەڵاتەکانی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقدا نییە. کەچی ئەم دادگایەش هاوشێوەی دەسەڵاتەکانی دیکەی دەوڵەتی عێراق ڕیفراندۆمەکەی ڕەت کردەوە و بە نادەستووریی دانا، لە کاتێکدا لە دیباجەی دەستووری هەمیشەیی عێراقدا هاتووە: یەکپارچەیی عێراق بە جێبەجێکردنی مادده و بڕگە دەستوورییەکانەوە بەستراوەتەوە، ئەم دادگایەش لەژێر ئەجێندەی دەرەکی و دژایەتیکردنی گەلی کوردستان هەموو ئەو مادده و بڕگە دەستوورییانەی پشتگوێ خستووە کە تایبەتە بە گەلی کوردستان و پاراستنی مافە دەستووری و نەتەوەیی و ئابوورییەکانی، بە ڕادەیەك ٦٣ ماددەی دەستووری کە تایبەتە بە مافەکانی هەرێم، پێشێل کراون و بە هۆی فشاری سیاسی حکومەت و دەسەڵاتدارانی میلیشیاتەکان و حکومەتەکانی ناوچەکەوە جێبەجێ نەکراون، بێ ئەوەی دادگای فیدراڵی هیچ هەڵوێستێکی هەبێت، بەتایبەتی پایتەختەکانی تورکیا و ئێران و سووریا کە هەریەکەو تۆمەتێکیان دژی ڕیفراندۆم هۆنیوەتەوە، لەمەش خراپتر ئەوە بوو کە میللەتێك سزا درا و گەمارۆی ئاسمانی و زەوییان لەسەر سەپاند و، هێزی سەربازییان دژی بەکارهێنا و، لە ناوچە کوردستانییەکان ماڵ و موڵکی کوردیان سووتاند و وێرانیان کرد و خەڵکە ڕەسەنەکەیان دەربەدەر کرد و، بە هێزی سەربازی و پاڵپشتی میلیشیات و وڵاتانی دوروبەر هێرشی توندیان کردە سەر پێشمەرگە و خەڵکی کوردستان.

پرسی کورد لە هەرێمی کوردستان و پارچەکانی دیکەی وڵاتانی دەوروبەر، بە پەراوێزخستن و پشتگوێخستن چارەسەر نابێت و دەرگای ململانێ و ناسەقامگیری و ئاڵۆزییەکان بە کراوەیی بەجێ دەهێڵێت، ئێستا چارەنووسی هەرێمی کوردستان و ناوچەکەش لە ناو دەوڵەتێکی بەزۆر لکێنراوی تائیفی و مەزهەبیدا ماوەتەوە، ئەمە لە کاتێکدایە لە سێ دەیەی ڕابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان سەلماندوویەتی کە فاکتەری ئارامی و سەقامگیرییە لە ناوچەکەدا و خوازیاری پێکەوە ژیان و دۆستایەتییە، بە ڕادەیەك هەرێمی کوردستان لە قۆناغ و سەردەمێکی هەستیاردا بوو بە پێگەیەك بۆ پێکەوە ژیان و لێبووردەیی و جێگەکردنەوەی هەموو لێقەوماو و ئاوارە و پەناهەندەی نەك ناوچەکانی عێراق، بەڵکو سەرجەم ناوچەکانی دەوروبەر. خەباتی داهاتووی دیپلۆماسی و سیاسیی کورد لە ئەوروپا و ئەمریکا و وڵاتانی هەرێمی، دەبێت زۆر زیاتر و بەهێزتر بێت، لە ناوخۆی هەرێمیشدا کورد پێویستی بە سەرۆك بارزانییە بۆ ئەوەی بە یەکگرتوویی بمێنێتەوە و تەبایی بهێنێتەدی و هێزی ئابووری و یەکگرتوویی هێزی پێشمەرگە بپارێزێت، تاوەکو لە قۆناغی داهاتوودا پارێزەری دەستکەوت و مافەکانی گەلی کوردستان بێت، تا ئەو کاتەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دان بە مافی دەستووری و یاسایی و شەرعیی خەڵکی کوردستان و نەتەوەی کورددا دەنێت و، چیتر کورد لە باشووری کوردستان و پارچەکانی دیکەی کوردستان قەتڵوعام نەکرێت.

**بەکارهێنانی هێزی سەربازی بۆ کۆنترۆڵکردن و داگیرکردنی ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی ئیدارەی هەرێم لە کەرکووك و شنگال و خانەقین و ناوچەکانی دیکە، پێشێلکارییەکی ڕوونی دەستوور بوو**

**٦٣ ماددەی دەستووری کە تایبەتە بە مافەکانی هەرێم، پێشێل کراون و بە هۆی فشاری سیاسی حکومەت و دەسەڵاتدارانی میلیشیاتەکان و حکومەتەکانی ناوچەکەوە جێبەجێ نەکراون**

**پرسی کورد لە هەرێمی کوردستان و پارچەکانی دیکەی وڵاتانی دەوروبەر، بە پەراوێزخستن و پشتگوێخستن چارەسەر نابێت و دەرگای ململانێ و ناسەقامگیری و ئاڵۆزییەکان بە کراوەیی بەجێ دەهێڵێت**

**لە سێ دەیەی ڕابردوودا حکومەتی هەرێمی کوردستان سەلماندوویەتی کە فاکتەری ئارامی و سەقامگیرییە لە ناوچەکەدا و خوازیاری پێکەوە ژیان و دۆستایەتییە**

مەلا شێخ عەبدولجەبار شێخ حەمدی
کەسایەتیی دیاری ئایینی لە زاخۆ بۆ گوڵان:

# لای مەلا مستەفا بارزانی ئایین و نیشتمانپەروەری بەهایەکی گەورەی هەبوو، ئێمەش لە وتارەکانماندا بانگەشەمان بۆ کوردایەتی دەکرد

مەلا شێخ عەبدولجەبار شێخ حەمدی مامۆستا و زانایەکی هەڵکەوتووی شارەزایە لە بواری شەریعەت و فقهی ئیسلامی، بە درێژایی تەمەنی خزمەتی زانستە شەرعییەکانی کردووە و لە قوتابخانە ئایینیەکان وانەی وتووەتەوە و ژمارەیەکی بەرچاو مامۆستای ئایینی لەسەر دەستی ئەو بڕوانامەی زانستیی مەلایەتییان وەرگرتووە. لە ئێستادا کەسێکی دیاری ئایینی و کۆمەڵایەتیی ئیدارەی سەربەخۆی زاخۆیە و لەناو ئەهلی زانست و زانایانی ئایینی ڕێزلێگیراوە و لەناو ڕیزەکانی یەکێتی زانایانیش جێدەستی خزمەتی دیار بووە و، لە شۆڕشی ئەیلوولیش جگە لە ئەرکە ئایینییەکەی پێشمەرگەش بووە و یادەوەری زۆری هەیە بە تایبەتی لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلول و مەلا مستەفا بارزانی کە ڕێز و تەقدیرێکی زۆری بۆ زانا و مامۆستا و مەلای ئایینی هەبووە و بەردەوام هانی داون بۆ پێکەوە ژیان و خزمەتکردنی هاووڵاتیان، گۆڤاری گوڵان دیدارێکی لەگەڵ ئەنجام دا و بەم جۆرە وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.

**بەو پێیەی تەمەنێکی درێژت لە خوداپەرستی و وانەوتنەوە بەسەر بردووە و زانیارییەکی باشت لە فقهی و شەریعەتی ئیسلامی هەیە، سەرەتا حەز دەکەین باسێکی ئەو ڕەسەنایەتییەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامان بۆ بکەیت کە لای مەلای کورد هەبووە؟**

-زانا و مەلای ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە کوردستان بە درێژایی مێژوو ڕۆڵێکی گەورەیان لە خزمەتکردنی ئایینەکەیان و پێگەیاندنی موسڵمانان هەبووە، لە مزگەوت و تەکیە و خانەقا و حوجرەکان بە دەیان کەسایەتیی بەناوبانگ و ڕۆشنبیر و شاعیر و سەرکردەیان پێگەیاندووە، عشق و خۆشەویستیی خودای گەورە و میهرەبان و پێغەمبەرمان محەمەد (دروودی خوای لەسەر بێت) لە دڵدا بووە، مەلای کورد تاکی کوردی بە شێوەیەك پەروەردە کردووە، ڕێز لە ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بگرن و ڕێزی ئایین و ئایینزاکانی دیکەش بگرن، بە ڕادەیەك کوردستان بووەتە نموونەی پێکەوەژیانی ئایینی و نەتەوەیی. مامۆستای ئایینی لە کوردستان وێڕای ڕۆڵیان لە پێگەیاندنی تاکی کورد، ڕۆڵێکی گەورەشیان لەناو شۆڕش و خەباتی کورد بینیوە، لە شۆڕشی ئەیلوول مامۆستایانی ئایینی زۆربەیان پێشمەرگەی شۆڕش و دۆستی نزیکی مەلا مستەفا بارزانی بوون، ئەوان لەبەر خۆشەویستی بۆ ئەو سەرکردە گەورەیە کە لە پێناو ئایین و خاك و نیشتمان و نەتەوەکەیدا گەورەترین و فراوانترین شۆڕشی لەناو کورد بەڕێوە برد، هەربۆیە هەموو مامۆستاو مەلا لایەنگرانی مەلا مستەفا بارزانی بوون.

مەلای کورد شارەزاییەکی باشی لە ئایینی پیرۆزی ئیسلام و قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) هەبووە و هەیە، من باسی کەسانێك ناکەم بە بیری هەڵەی هێنراو بۆ ناو ئایینەکە و بۆ ناو کۆمەڵگەی کوردی لایان داوە لە ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام، کە وایان کردووە فکری توندوتیژی و نامرۆڤانە



**کورد دەبێت لە دەوری مسعود بارزانی کۆببێتەوە، چونکە دوژمنی کورد زۆر و بەهێز و زاڵمن و پێویستیمان بەو بانگەشەی یەکگرتوویی و پێکەوە ژیان و لێبووردەییە هەیە کە بەڕێزیان بانگەشەی بۆ دەکات**

**مەلای کورد تاکی کوردی بە شێوەیەک پەروەردە کردووە، ڕێز لە ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بگرن و ڕێزی ئایین و ئایینزاکانی دیکەش بگرن**

**لە شۆڕشی ئەیلوول مامۆستایانی ئایینی زۆربەیان پێشمەرگەی شۆڕش و دۆستی نزیکی مەلا مستەفا بارزانی بوون**

**مامۆستا و زانای ئایینی ئیسلامی پیرۆز بە هیچ شێوەیەک دوای بیری توندوتیژی و تەکفیری نەکەوتوون و موسڵمانی کوردیان بەهەڵەدا نەبردووە و نایبەن**

**ئەوە خودای گەورە و دلۆڤانە پێمان دەڵێت بە زۆر کەس نەکرێتە ئیسلام و ڕێز لە هەموو مرۆڤایەتی بگرن. ئەگەر بە قسەی خودای گەورە و پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) نەکەن، ئەوە گومڕان**

**دەبێت مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام زیاتر بچنە ناو نەتەوەکانی دیکەوە و ڕەسەنایەتی و موسڵمانێتی و مرۆڤدۆستی و ئاشتیخوازیی گەلی کورد زیاتر بگەیەننە ئەو نەتەوانە بۆ ئەوەی ڕژێم و حکومەتەکانیان بە هەڵە ڕاستیەکانیان بۆ نەگوازنەوە**

تێکەڵ بە دینەکە بکەن. دەزانین ئایینی پیرۆزی ئیسلام خودای گەورە و میهرەبان بۆ هەموو بەشەرییەتی هێناوە. خودای گەورە و میهرەبان دەفەرموێت: «وَلَقَدْ كَرَّمْنَا بَنِي آدَمَ وَحَمَلْنَاهُمْ فِي الْبَرِّ وَالْبَحْرِ وَرَزَقْنَاهُم مِّنَ الطَّيِّبَاتِ وَفَضَّلْنَاهُمْ عَلَىٰ كَثِيرٍ مِّمَّنْ خَلَقْنَا تَفْضِيلًا». لە ئایەتێکی دیکەدا هاتووە پەروەردگار بە پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) دەڵێت: «وَمَا أَرْسَلْنَاكَ إِلَّا رَحْمَةً لِّلْعَالَمِينَ». مامۆستا و زانای ئایینی ئیسلامی پیرۆز بە هیچ شێوەیەك دوای بیری توندوتیژی و تەکفیری نەکەوتوون و موسڵمانی کوردیان بەهەڵەدا نەبردووە و نایبەن.

*** ئەم ڕەسەنایەتی و تێگەیشتنەی ئایینی پیرۆزی ئیسلامە وای کردووە کورد کەلتوورێکی بەرزی پێکەوە ژیان و لێبووردەیی هەبێت، ئایا ڕۆڵی مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام چییە لە دژایەتیکردنی توندوتیژی و چاندنی تۆوی پێکەوەژیان و لێبووردەیی؟**

- خودای گەورە ئایەتێکی بۆ پێغەمبەر (دروودی خوای لەسەر بێت) هێنایە خوارەوە و پێی وت: «لَا إِكْرَاهَ فِي الدِّينِ قَد تَّبَيَّنَ الرُّشْدُ مِنَ الْغَيِّ..»، واتا کۆتایی هاتووە خەڵکی بە زۆر بکرێنە ئیسلام، واتا ئەوە خودای گەورە و دلۆڤانە پێمان دەڵێت بە زۆر کەس نەکرێتە ئیسلام و ڕێز لە هەموو مرۆڤایەتی بگرن. ئەگەر بە قسەی خودای گەورە و پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) نەکەن، ئەوە گومڕان. ئایینی پیرۆزی ئیسلام ئایینی پێکەوە ژیان و لێبووردەییە. خودای گەورە و میهرەبان لە ئایەتێکدا کە بۆ پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) دابەزیوە وتوویەتی: «لَكُمْ دِينُكُمْ وَلِيَ دِينِ». بۆ پێکەوە ژیانی نێوان نەتەوەکانیش بە هەمان شێوە ئایینی پیرۆزی ئیسلام بۆ هەموو مرۆڤایەتی و کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی هاتووەتە خوارەوە، لەم ڕووەوە خودای گەورەو میهرەبان لە قورئانی پیرۆزدا ئەمجارە بە ئێمەش دەڵێت: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ ۚ إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ». ئەرکی سەرەکیی مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام بووە لە ناو کورد ئەم جوانی و ڕەسەنایەتییەی ئیسلام بگەیەنن و لە ناو دڵی یەکە یەکەی تاکی کورد بیچێنن. مەلا مستەفا بارزانی سەرکردەی گەورەو دیاری کوردیش هەر پەروەردەی مزگەوت و ئەهلی خوداپەرستی و ئەم قوتابخانە ڕەسەنایەتییەی ئایینی و کوردایەتی بووە. ئەوەتا مزگەوت و کەنیسە و پەرستگای زۆر لە کوردستان هەن، گوندەکانی کوردستان هەمووی دراوسێی یەکترن و موسڵمان و کریستیانی تێدایە، هیچ جوداکاری و جیاوازییەك لە نێوان مرۆڤەکان ناکەین، لە پارێزگای دهۆك بە تایبەتی تێکەڵەیەکی زۆری موسڵمان و کریستیان و ئێزدی هەن. داواکارم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر کار لەسەر ئەم ڕەسەنایەتییەی کورد بکات، کورد نەتەوەیەکی زوڵملێکراوە و بە زۆرینە موسڵمانە، بەڵام ئێزدی و کاکەیی و چەندین ئایین و مەزهەبی دیکەشمان تێدا هەیە و کریستیانەکانیش بە هەموو تائیفەکانیانەوە هەرگیز کورد زوڵم و ستەمیان بەرامبەر نەکردووە و ناشیکات، ئەمانە ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە ڕێگەی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانەوە پێمان دەڵێن و هەروەها مەلا مستەفا بارزانی لەسەری ڕۆشتووە و پەیڕەوی کردووە.

*** کورد وێڕای ئەوەی موسڵمانە نەتەوەیەکی ئاشتیخواز و میواندۆستیش بووە، لە هەموو سەردەم و قۆناغە مێژووییەکاندا هەرگیز بە دوای تۆڵە و توندوتیژی نەکەوتووە و باوەشی واڵا کردووە بۆ هەموو لێقەوماو ئاوارە و پەناهەندەیەك، دەوروبەریشمان میللەتی موسڵمانی عەرەب و فارس و تورکی لێیە، بۆەڵام بەداخەوە حکومەت و ڕژێمەکانی ئەوان بە پێچەوانەوە بەردەوام هێرشیان کردووەتە سەرمان، ئایا تاچەند ئەمە دژی دەقی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و فەرموودەکانی پێغەمبەرمانە (د.خ)؟**

- کورد گەلێکی مرۆڤدۆست و ئاشتیخواز بووە و عشق و خۆشەویستی بۆ خاك و نیشتمانەکەی زۆرە، گەلێکی خوداپەرست و گوێڕایەڵی کاری چاکە و باشەیە، هەمیشە وەکو برا سەیری نەتەوەکانی دیکەی عەرەب و فارس و تورکی کردووە، لاپەرەکانی مێژوو هەڵبدەنەوە پڕیەتی لە چاکە و بە فریاکەوتنی بەرامبەر، بەداخەوە زوڵم و ستەمی دەوروبەر و لە لایەن حکومەت و ڕژێمەکانی عەرەب و تورك و فارس کە هەندێك جار ئەم قین و ڕقەیان بە ئەنقەست لە ناو

نەتەوەکانی خۆیانیشدا چاندووە، زۆر جار بە کافر و لادەر وەسفیان کردووین، ئەوان زۆرینە و باڵادەستن و دەیانەوێت ڕۆڵی براگەورە نەگێڕن، بە پێچەوانەوە خوازیاری ئازاردان و داگیرکردنی زەوی و خاکی کوردن، لە وتەکانی خوای گەورەو میهرەبان کە پێمان دەڵێت: «يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَاكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَاكُمْ شُعُوبًا وَقَبَائِلَ لِتَعَارَفُوا * إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ اللَّهِ أَتْقَاكُمْ * إِنَّ اللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ». هەروەکو چۆن پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) دەفەرموێت: «المسلم من سلم الناس من لسانه ويده) لەفەرموودەیەکی دیکەش دەفەرمووێت: «الْمُسْلِمُ أَخُو الْمُسْلِمِ لاَ يَظْلِمُهُ وَلاَ يُسْلِمُهُ». دەبێت مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام زیاتر بچنە ناو نەتەوەکانی دیکەوە و ڕەسەنایەتی و موسڵمانێتی و مرۆڤدۆستی و ئاشتیخوازیی گەلی کورد زیاتر بگەیەننە ئەو نەتەوانە بۆ ئەوەی ڕژێم و حکومەتەکانیان بە هەڵە ڕاستیەکانیان بۆ نەگوازنەوە و تووشی گوناحی گەورەیان بکەن، خودای گەورە و دلۆڤان لە سوورەتی مائیدەدا پێمان دەڵێت: «مَنْ قَتَلَ نَفْسًا بِغَيْرِ نَفْسٍ أَوْ فَسَادٍ فِي الْأَرْضِ فَكَأَنَّمَا قَتَلَ النَّاسَ جَمِيعًا وَمَنْ أَحْيَاهَا فَكَأَنَّمَا أَحْيَا النَّاسَ جَمِيعًا». واتا هەر کەسێك کەسێك بکوژێت، یان خراپەکارییەك لەسەر زەوی بکات، وەکو ئەوە وایە هەموو مرۆڤەکانی کوشتبێت، هەر کەسێکیش بە فریای مرۆڤێك بکەوێت، وەکو ئەوە وایە بە فریای هەموو خەڵکی کەوتبێت.

*** زاناو مامۆستایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلام لە ناو کورد بەردەوام ئەرکی پاراستنی ڕەسەنایەتیی ئایینی پیرۆزی ئیسلام و خوداپەرستی و پاراستنی خاك و نیشتمانەکەیان بووە، ئایا تا چەند پاڵپشتیی پێشمەرگە و شۆڕشیان کردووە؟**

- پێش وەڵامی پرسیارەکە دەمەوێت بڵێم من زۆر گلەییم لەو ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیرانە هەیە کە وشەی «مەلا» لە مەلا مستەفا بارزانی دەکەنەوە. دەزانیت بۆچی مەلای کورد دوای مەلا مستەفا بارزانی کەوتبوون، چونکە لە ئایین و نیشتمانپەروەری و خزمەتی کورد لای نەدەدا، ئایین و نیشتمانپەروەری لای مەلا مستەفا بارزانی بەهایەکی گەورەی هەبوو، ئێمەش جگە لە ئەرکە دینییەکەمان لە وتارەکانماندا بانگەشەمان بۆ کوردایەتی دەکرد. خودای گەورە و پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) هانمان دەدەن بەرگری لە خاك و نەتەوە و مرۆڤایەتی بکەین، پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) کە مەککەی بەجێهێشت بە هۆی زوڵمی کافرەکانەوە وتی: «ما أطيبَكِ من بلَدٍ وأحبَّكِ إليَّ ، ولولا أنَّ قومي أخرجوني منكِ ما سكنتُ غيرَكِ». مەلا مستەفا بارزانی لەسەر ئەو بیروباوەڕە پیرۆزەی ئیسلام و کوردایەتی کوردستانی خۆش ویستووە و کاتێکیش هەموو مەلاکانی لەناو یەکێتی زانایانی ئایینی پیرۆزی ئیسلامی کوردستاندا کۆیانی کردەوە، تەنیا بۆ بەهێزکردنیان و پاڵپشتیکردنیان بوو بۆ خزمەتکردنی ئایین و نەتەوە و خاکەکەیان بوو، هەر خۆی مەلا مستەفا بارزانی دامەزرێنەر و ئەندامی ڕەمزیی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامی کوردستان بووە و مەلاکان لە دەوری کۆدەبوونەوە و ڕێنمایی دەکردن، ئەو دەمەش لێرە و لەوێ هەندێك مەلای لادەر هەبوون کە خزمەتیان بە داگیرکەر دەکرد، بەڵام ژمارەیان زۆر کەم بوون. مەلا مستەفا بارزانی زۆر ئامۆژگاری دەکردین بەوەی ڕێگا نەدەین لە ناو خەڵك و میللەتدا تەفرەقە و پشێوی و فیتنە هەبێت، چونکە دەیزانی دوژمنە زۆرەکانی ئەم گەلە تەنیا بە تەفرەقە و پشێوی ئازاریان داوین و مەرام و ویستی خۆیان بە دەست هێناوە، لە ئێستاشدا دەبێت کورد هەروەکو چۆن گوێڕایەڵ و گوێبیستی مەلا مستەفا بارزانی بوو، هەروا لە دەوری سەرۆك (مسعود بارزانی ) کۆ ببینەوە و وەکو مەرجەع و کەسێکی ڕێزدار و خۆشەویست گوێڕایەڵی ئامۆژگاری و قسەکانی بین، هەروەکو چۆن نابێت خێزان شیرازەی تێك بچێت و باوك پارێزەر و خزمەتکار و بەخێوکەری بێت، هەرواش ئێمەش ڕێز و خۆشەویستیمان دەبێت بۆ سەرۆك هەبێت، کورد دەبێت لە دەوری مسعود بارزانی کۆببێتەوە، چونکە دوژمنی کورد زۆر و بەهێز و زاڵمن و پێویستیمان بەو بانگەشەی یەکگرتوویی و پێکەوە ژیان و لێبووردەییە هەیە کە بەڕێزیان بانگەشەی بۆ دەکات، نابێت بهێڵین بە هۆی فیتنەکارانەوە پشێوی و نائارامی بکەوێتە نێوماڵی کورد و موسڵمانان و ئایین و ئایینزاکان و نەتەوەکانی دیکەش لەگەڵماندا هەمووان زیانمەند بین.

**زۆر گلەییم لەو ڕاگەیاندن و ڕۆشنبیرانە هەیە کە وشەی «مەلا» لە مەلا مستەفا بارزانی دەکەنەوە**

**خودای گەورە و پێغەمبەرمان (دروودی خوای لەسەر بێت) هانمان دەدەن بەرگری لە خاك و نەتەوە و مرۆڤایەتی بکەین**

**مەلا مستەفا بارزانی دامەزرێنەر و ئەندامی ڕەمزیی یەکێتی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان بووە و مەلاکان لە دەوری کۆدەبوونەوە و ڕێنمایی دەکردن**

**مەلا مستەفا بارزانی زۆر ئامۆژگاری دەکردین بەوەی ڕێگا نەدەین لە ناو خەڵك و میللەتدا تەفرەقە و پشێوی و فیتنە هەبێت، چونکە دەیزانی دوژمنە زۆرەکانی ئەم گەلە تەنیا بە تەفرەقە و پشێوی ئازاریان داوین و مەرام و ویستی خۆیان بە دەست هێناوە**



# حکومەتی ئەلیکترۆنی و سیاسەتی یەک پەنجەرە

سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت لە ئەزموونی دەوڵەتانی شکستخواردووی خاوەن سەرچاوەی سرووشتی دوورمان بخاتەوە و، هەرێمی کوردستان بەرەو ئەزموونی دەوڵەتانی سەرکەوتووی خاوەن سەرچاوەی سرووشتی ببات

بەڕێز مسرور بارزانی لە «لوتکەی جیهانی حکومەتەکان – دوبەی» کە لە ڕۆژانی ٢٩ و ٣٠ ئاداری ٢٠٢٢ لە دوبەی بەڕێوەچوو، لە بەشێك لە وتارەکەیدا وتی: «دەمانەوێت لە پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت سوود لە ئەزموونی سەرکەوتووی دەوڵەتی ئیمارات وەربگرین، کە چۆن وزەیان بەکار هێنا وەك فاکتەرێکی گرنگ بۆ سەرخستنی پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت». ئەم دید و تێڕوانینەی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ سەرخستنی پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت و درێژەپێدانی پرۆسەی پەرەپێدانی بەردەوام لە دەیەی دووەمی سەدەی بیست و یەکەم، ئەوەی لێ دەخوێندرێتەوە کە سیاسەت و ستراتیژیەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ پەرەپێدان و وەبەرهێنان لە کەرتی وزە «نەوت و گاز» تەنیا بۆ ئەوە نییە کە هەرێمی کوردستان هاوشێوەی زۆربەی دەوڵەتانی بەرهەمهێنەری «نەوت و گاز» مامەڵە لەگەڵ ئەم سێکتەرە گرنگە بکات، بەڵکو دەیەوێت بە شێوازی دەوڵەتە سەرکەوتووەکان کە یەکێکیان «ئیماراتی عەرەبی یەکگرتووە» کە توانیویانە نموونەیەکی دەوڵەتی سەرکەوتووی ئەوتۆ پێشکەش بکەن کە هەموو جیهانی سەرسام کردووە، ئەم نموونە سەرکەوتووەش نەك تەنیا «دەوڵەتی خۆشگوزەران - welfare states» نییە، بەڵکو نموونەی «دەوڵەتی کامەرانی و خۆشگوزەران - Happiness and Welfare State»یشە.

دیارە یەدەگ و هەناردەی نەوتی ئیمارات لە یەدەگ و هەناردەی نەوتی هەر یەکە لە «ڤەنزویلا و عێراق و ئێران» زیاتر نییە، بەڵکو لەوانەیە یەدەگ و هەناردەی ئەو دەوڵەتانە لە یەدەگ و هەناردەی دەوڵەتی ئیمارات زیاتر بێت، بەڵام ئیمارات ڕۆکێت دەنێرێت بۆ خولگەی مەریخ و پارکی موعجیزە و مۆزەخانەی ئایندە دروست دەکرێت و لە



ڕیزبەندی ئەو ١٠ دەوڵەتەیە کە هەنگاو بۆ دەوڵەتی کامەرانی و خۆشگوزەرانی هەڵدەگرێت، عێراقیش وێڕای ئەوەی ڕۆژانە زیاتر لە ١,٥ ملیۆن بەرمیل نەوت لە ئیمارات زیاتر هەناردە دەکات، بەڵام بەپێی دوایین ئاماری پۆلینکردنی کامەرانی بۆ هاووڵاتیان، عێراق لە دوای ئەفغانستان و لوبنان بە پلەی سێیەم دێت و، وەك ئابووریناسەکان ئاماژەی پێ دەکەن ڕێژەی خوار هێڵی هەژاری لە عێراقدا خەریکە ٣٠٪ تێدەپەڕێنێت.

لەسەر ئەم بنەمایە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەیەوێت ئەوەمان پێ بڵێت: «مەرج نییە وڵاتێك خاوەنی سەرچاوەی سرووشتی بێت، توانیبێتیان لە پرۆسەی بونیانی دەوڵەت سەرکەوتوو بن و هاووڵاتیانیان خۆشگوزەران و کامەران بکەن»، هەر بۆیە دەیەوێت لە ئەزموونی دەوڵەتانی شکستخواردووی خاوەن سەرچاوەی سرووشتی دوورمان بخاتەوە و، هەرێمی کوردستان بەرەو ئەزموونی دەوڵەتانی سەرکەوتووی خاوەن سەرچاوەی سرووشتی ببات، بایەخدانیشی بە ئەزموونی سەرکەوتووی بونیادنانی دەوڵەت لە ئیمارات لەو خاڵە وردەوە سەرچاوەی گرتووە کە ئەزموونە سەرکەوتووەکانی دیکەی بونیادنانەوەی دەوڵەت وەك «تایوان، سەنگافورا، کۆریای باشوور، پتسوانا و ڕوواندا و.. هتد»، ئەزموونی دەوڵەتانی خاوەن سەرچاوەی سرووشتی «نەوت وگاز» نین و، ئەزموونی سەرکەوتووش لەناو دەوڵەتانی خاوەنی سەرچاوەی سرووشتی زۆر کەمن، کە دەشێت دوای بەلجیکا تەنیا ئیماراتی یەکگرتوویی عەرەبی بێت، هەر بۆیە دەرکەوتنی ئەزموونێکی سەرکەوتووی وەك ئەزموونی ئیمارات لە ناوچەیەکی وەك ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە بارودۆخی هەرێمی کوردستان زۆر نزیکە.

بەڵام پرسیاری گرنگ لێرەدا ئەوەیە ئایا

**ئایا هەنگاوەکانی حکومەتی ئیمارات بۆ ئەم سەرکەوتنە گەورانە چی بوون؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە بریتی دەبێت لە شەفافییەت و ڕاگرتنی گەندەڵی، کەمکردنەوەی ڕۆتین، سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیاری و پیادەکردنی سیاسەتی یەک پەنجەرە**

**هەفتەی پێشوو بەڕێز مسرور بارزانی بە گەلی کوردستان و جیهانی ڕاگەیاند: « لە یەک دوو ساڵی داهاتوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی دەبێتە حکومەتێکی دیجیتاڵی، یان ئەلیکترۆنی»**

**دەوڵەت هەیە خۆی خاوەنی سەرچاوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە بەڵام نەیتوانیوە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بکاتە فاکتەرێک بۆ حوکمڕانیی باش، بەڵکو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای کردووەتە سەرچاوەی نەهامەتی بۆ وڵاتەکەی، باشترین نموونەش لەم بوارەدا کۆریای باکوورە**

**سەرچاوەکانی سامانی سرووشتی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیاری دەشێت بکرێنە فاکتەرێکی گرنگ بۆ حوکمڕانیی باش و کامەرانی و خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیان، لە هەمان کاتدا دەشکرێت خراپ بەکار بهێنرێت و ببێتە سەرچاوەی نەهامەتی و نەگبەتی بۆ هاووڵاتیان و شکستهێنانی پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت**

هەنگاوەکانی حکومەتی ئیمارات بۆ ئەم سەرکەوتنە گەورانە چی بوون؟ بێگومان وەڵامی ئەم پرسیارە بریتی دەبێت لە ڕاگرتنی گەندەڵی، شەفافییەت، کەمکردنەوەی ڕۆتین، سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیاری و پیادەکردنی سیاسەتی یەك پەنجەرە، کە ئەمانە پێکەوە دەبنە هۆکار و فاکتەری دەرکەوتنی حوکمڕانیی باش لە سەدەی بیست و یەکەمدا.

کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان کە لە تەمموزی ٢٠١٩ متمانەی لە پەرلەمانی کوردستان وەرگرت، جیا لەوەی هاتە سەر کۆمەڵێك دەرهاویشتەی کەڵەکەبووی ساڵانی ڕابردوو، ئەمەش بە هۆی شەڕی دژی داعش و بڕینی بودجە و مووچەی کوردستان لەلایەن حکومەتی عێراق و هەروەها نەبوونی سەقامگیریی سیاسی و حوکمڕانی لە کوردستاندا، لە هەمان کاتدا ڕووبەڕووی کۆمەڵێك قەیرانی گەورەی دیکە بووەوە کە پێشتر مەزندەی بۆ نەکرابوو، ئەوانەش وەك پاشاگەردانی سیاسی لە عێراقدا دوای دەستپێکردنی خۆپیشاندانەکانی تشرینی ٢٠١٩، دوای ئەویش بڵاوبوونەوەی کۆڤید ١٩ و دارِمانی ئابووری لەسەر ئاستی گلۆباڵی و دابەزینی نرخی نەوت بۆ خوار سفر و سەرباری هەموو ئەمانەش دیسان حکومەتی عێراق بودجە و مووچەی هەرێمی بڕییەوە، هەموو ئەم قەیرانە تازانەش هاتنە سەر دەرهاویشتە کەڵەکەبووەکانی پێشتر، بەڵام لەبەر ئەوەی بەرنامەی کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەسەر کۆمەڵێك بنەمای کۆنکرێتی بۆ بونیادنانی حوکمڕانیی باش دانرابوو، ئەوا وەك بینیمان لە ناو ئەو هەموو قەیران و کێشانەدا نەك هەر توانی پارێزگاری لە خۆی بکات، بەڵکو لەماوەی تەنیا دوو ساڵدا توانی هەنگاوی زۆر گەورە لە بواری حوکمڕانی باش هەڵبگرێت کە دوایینیان ئەوە بوو هەفتەی پێشوو بەڕێز مسرور بارزانی بە گەلی کوردستان و جیهانی ڕاگەیاند: « لە یەك دوو ساڵی داهاتوو حکومەتی هەرێمی کوردستان بە تەواوەتی دەبێتە حکومەتێکی دیجیتاڵی، یان ئەلیکترۆنی»، ئەمەش بەو مانایە نییە کە لە ئێستاوە دەست بە بونیادنانی ئەو حکومەتە دەکرێت، بەڵکو بەو مانایە کە حکومەتی ئەلیکترۆنی لە بەشێکی باشی وەزارەت و دامەزراوەکان دەستی پێ کردووە و لە چەندین بواری جۆراوجۆردا کاری پێ کراوە و سەرکەوتنیشی بە دەست هێناوە، ئامانجە گەورەکە ئەوەیە کە هەموو سێکتەرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگرێتەوە.

پرسیاری دیکە لێرەدا ئەوەیە: ئایا بە تەنیا بە سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیاری، یان بە دیجیتاڵیکردنی حکومەت، حوکمڕانیی باش و دەوڵەتی کامەرانی خۆشگوزەران دێتە بەرهەم؟ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارەش بەو جۆرەیە چۆن پرۆسەی بونیادنانی دەوڵەت تەنیا بە بوونی سەرچاوەی داهاتی سرووشتی «(نەوت و گاز و کانزا) سەرکەوتوو نابێت، بە هەمان شێوە بە تەنیا بە سوودوەرگرتن و بەکارهێنانی تەکنەلۆژیای زانیاری ناتوانرێت حوکمڕانییەکی باش و سەرکەوتوو پیادە بکرێت، هەر بۆ نموونە دەوڵەت هەیە خۆی خاوەنی سەرچاوەی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە بەڵام نەیتوانیوە پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا بکاتە فاکتەرێك بۆ حوکمڕانیی باش، بەڵکو پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای کردووەتە سەرچاوەی نەهامەتی بۆ وڵاتەکەی، باشترین نموونەش لەم بوارەدا کۆریای باکوورە کە ڕۆژانە مووشەکی بالیستی و کڵاوەی ئەتۆمی لە زەریاکاندا تاقی دەکاتەوە، بەڵام وڵاتەکەی و هاووڵاتیانی لە هەموو خزمەتگوزارییەکی سەرەکی بێبەشن.

کەواتە ئەم ئاراستەیە ئەوەمان پێ دەڵێت: «سەرچاوەکانی سامانی سرووشتی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیای زانیاری دەشێت بکرێنە فاکتەرێکی گرنگ بۆ حوکمڕانیی باش و کامەرانی و خۆشگوزەرانیی هاووڵاتیان، لە هەمان کاتدا دەشکرێت خراپ بەکار بهێنرێت و ببێتە سەرچاوەی نەهامەتی و نەگبەتی بۆ هاووڵاتیان و شکستهێنانی پرۆسەی بونیادنانەوەی دەوڵەت».

هەڵوەستەکردنمان لەسەر ئەم خاڵە بۆ ئەوەیە بڵێین: ئەوە تەنیا سەرچاوەی داهاتی سرووشتی و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای زانیاری نییە کە بوونە هۆی گەشەسەندن و هەنگاوە سەرکەوتووەکانی کابینەی نۆیەمی




حکومەتـی هەرێمـی کوردسـتان، بەڵکـو ئـەوە بەرنامـەی کابینەکەیـە کـە هەمـوو توخمـەکان بـۆ هەنگاوهەڵگرتـن بـەرەو حوکمڕانیـی بـاش و کامەرانـی و خۆشـگوزەرانیی هاووڵاتیانـە و ئامانجـی کۆتایـی ئەوەیـە کـە بگەینـە ئـەو قۆناغـەی سیاسـەتی «یـەك پەنجـەرە» لـە هەمـوو سـێکتەرەکانی حکومـەت پیـادە بکرێـت و، بـە ئاسـتێك ڕۆتیـن کـەم بکرێتـەوە کـە ئیـدی پێویسـت نـەکات هاووڵاتیـان بـۆ ڕاییکردنـی مامەڵەکانیان ئەم پەنجەرە و ئەو پەنجەرە بکەن، بەڵکـو پێویسـتە هاووڵاتیـان لـە یـەك پەنجـەرە و لە ماوەیەکی زۆر کورتدا تـەواوی مامەڵەکانیان بـە شـێوەی ئەلیکترۆنـی بـۆ تـەواو بکرێـت.

لایەنێکـی دیکـە کـە پێویسـتە هەڵوەسـتەی لەسـەر بکرێـت ئەوەیـە چـۆن سیاسـەت و ستراتیژیەتی کابینـەی نۆیـەم بـۆ سـوودوەرگرتن لـە سـەرچاوەی سرووشـتی «نـەوت و گاز» وەك هۆکارێـك بـۆ سەرخسـتنی بونیادنانـەوەی دەوڵەت بە شێوەیەك دارێژراوە کە نابێت لەسەر حیسابی ژینگـەی کوردسـتان بێـت، بـۆ ئەمـەش ئاراسـتەی بەرهەمهێنانـی وزە بـە جۆرێـك وەرچەرخێنـراوە کـە دووبـارە سـوود لـەو گازە وەربگیرێتـەوە کـە لـە سـووتانی نەوتـی کێڵگـە نەوتییـەکان تێکـەڵاوی ژینگـەی کوردسـتان دەبێـت، بەمـەش بەرهەمهێنانـی وزەی کردووەتـە بەرهەمهێنانـی دۆسـتی ژینگـە، بـە هەمـان شـێوە لـە سـوودوەرگرتنیش لـە تەکنەلۆژیـای زانیـاری و هەنـگاوەکان بـۆ بونیادنانـی حکومەتـی ئەلیکترۆنـی، هەوڵـەکان لـە چوارچێـوەی بەرنامـەی کابینـەی نۆیـەم بـەو جـۆرەن کـە سوودوەرگرتن لـە تەکنەلۆژیا ببێتـە فاکتەرێکـی بەسـوود بـۆ «ڕێگرتـن لـە گەندەڵی، نەهێشـتنی ڕۆتیـن و بەرهەمهێنانـی شـەفافییەت» کـە هەمـوو ئەمانـە دەبنـە ژێرخانێکـی پتـەو بـۆ حوکمڕانیی بـاش و خۆشـگوزەرانی و کامەرانیـی هاووڵاتیـان و درێژەپێدانـی پەرەپێدانـی بـەردەوام.

**ستراتیژیەتی کابینەی نۆیەم بۆ سوودوەرگرتن لە سەرچاوەی سرووشتی «نەوت و گاز» وەک هۆکارێک بۆ سەرخستنی بونیادنانەوەی دەوڵەت بە شێوەیەک دارێژراوە کە نابێت لەسەر حیسابی ژینگەی کوردستان بێت، بۆ ئەمەش ئاراستەی بەرهەمهێنانی وزە بە جۆرێک وەرچەرخێنراوە کە دووبارە سوود لەو گازە وەربگیرێتەوە کە لە سووتانی نەوتی کێڵگە نەوتییەکان تێکەڵاوی ژینگەی کوردستان دەبێت**

# حکومەتی ئەلەکترۆنی دەستکەوت و ئاڵنگاری

لە یەکەم داهێنانی ئامێری تەکنەلۆژیای زانیاری و کۆمینیکەیشن I C، ئیتر مرۆڤ گفتوگۆ و کۆمینیکەیشنەکانی لە ڕووبەڕووەوە بوو بە کۆمینیکەیشن لەگەڵ ئامێر، ئیتر لە بری ئەوەی حیکایەتخوانێك و دەماودەم چیرۆك و شتەکانمان بۆ بگێڕێتەوە، ڕۆژنامە و تەلەفزیۆن و ڕادیۆ بۆی دەگێڕاینەوە. ئەگەر بە پێی ئەو قۆناغبەندییەی کە پسپۆڕان بۆ سەردەمەکانی دیجیتاڵبوونیان کردووە کە قۆناغی سەرەتا، یان پێش دیجیتاڵی Pre- digital age و قۆناغی ناوەڕاستی دیجیتاڵی Mid-Digtal age بگەڕێینەوە، سەردەمی پۆست دیجیتاڵی Post Digital بە هاتنی هەر ئامێرێکی تەکنەلۆژیا و زانیاری لەگەڵ خۆیدا قۆناغ و نۆرمێکی ژیانی بۆ مرۆڤەکان هێناوە، کە لە زۆر شتدا جیاواز بووە لە نۆرمی ژیان لە پێش ئەو سەردەمە، سەرهەڵدانی ئینتەرنێت بە تەواوەتی کۆمەڵگەی کردە کۆمەڵگەیەکی گریمانەیی، مرۆڤی کردە مرۆڤێکی گریمانەیی و دیجتاڵی، ڕۆژانە پەلکێشی مرۆڤ دەکات لە ژیانە واقعییەکەیەوە بۆ ژیانی ناو ئۆنلاین. سەرباری تۆڕە کۆمەڵایەتی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکە، سوودوەرگرتن لەم هێزی ئینتەرنێتە زۆر خێرا لە بواری بازرگانی و ڕیکلام و مارکێتین و کەرتە تایبەتەکان چووە پێشەوە، توانییان مرۆڤەکان گرێ بدەن بە خۆیانەوە و کۆمینیکەیشن و گفتوگۆی ئۆنلاینیان لەگەڵ ئەنجام بدەن، پەیامی خۆیانیان پێ بگەیەنن. لەو لاشەوە سوود لە کۆکردنەوەی داتا و زانیارییە کەسییەکان لە بەکارهێنەرانیان وەربگرن، زۆربەی حکومەتەکانیش سوودیان لەم هێزەی ئینتەرنێت و جیهانی ئۆنلاین و تەکنەلۆژیای زانیاریی کۆمینیکەیشن وەرگرت، بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی ئەلەکترۆنی و دیجیتاڵی، کە لە ڕێگەیەوە خزمەتگوزارییەکانیان بۆ هاووڵاتی دابین و جیبەجێ بکەن. لەو لاشەوە خەزێنەیەکی داتا و زانیاریی دروست بکەن، کە ئەمە بناغەیەکی باشی بەڕێوەبردنێکی مۆدێرنیی دیجیتاڵیی سەرکەوتووی وڵاتە، چونکە حکومەتی دیجتاڵی واتە بناغەدانانی حکومەتی ئایندە و ئۆنلاین، کە ئەویش لەسەر بوونی داتا و زانیاری لەسەر کەسەکان و هاووڵاتیان بناغە دەگرێت، نموونەی وڵاتێکی پێشکەوتووی ئەم حکومەتە ئەلەکترۆنی و دیجتاڵییەش «ئیستۆنیا»یە کە لە ساڵی ١٩٩١ سەربەخۆیی وەرگرت و لە ساڵی ١٩٩٧ سەرەتای دەستپێکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی ئۆنلاینی بۆ هاووڵاتیان هێنا، ئێستا بە یەکێك لە هەرە پێشکەوتووترین حکومەتە ئەلەکترۆنییەکانە لە وڵاتانی ئەورووپا، کە لە بوارەکانی پەروەردە، تەندروستی، ئاسایش، بانك و بازرگانی تەواوی هاووڵاتیانی پێکەوە بەستووەتەوە لە سیستمێکی ئۆنلایندا، تا ئەو ڕاددەیەی ئێستا چەمکی Digital Citizen واتە هاووڵاتی دیجیتاڵیی بەرهەم هێناوە، کە خەڵك لە دەرەوەی ئیستۆنیا دەتوانێت داخڵی هەندێك لە خزمەتگوزارییەکانی ئەو وڵاتە ببێت و، دەتوانێت کۆمپانیای بازرگانی وەبەرهێنان لە ڕێگەی ئەم حکومەتە ئەلەکترۆنییەوە لە ناو ئیستۆنیا دابمەزرێنێت، کە جگە لە سوودی



## پ.ی.د. نەزاکەت حوسێن حەمەسەعید

بۆ گوڵان نووسیویەتی

بۆ ژێرخانێکی گەورەی ئابووریی وڵاتەکەیان، سوودیشی بۆ کارئاسانی و کەمکردنەوەی کات و خەرجی تێچوونی هاوولاتی هەیە بۆ گەیشتن بە خزمەتگوزارییەکانی حکومەت، کە بتوانێت لە بواری پەروەردە و بانك و پارەدان و باج، لە چەند خولەکێکدا کارەکانی بە کەمترین تێچوونی ماددی ئەنجام بدات.

ڕاگەیاندنی ئەم سیستمە و ئەم حکومەتە لە هەرێمی کوردستان نیشانەیەکی بەرزی گەشەسەندوویی حکومەتە، بناغەدانانە بۆ ئایندەیەکی گەشەسەندوو و حکومەتێك بۆ ئایندە، گواستنەوەی ئەو خزمەتگوزارییەی کە تائێستا زۆرتر لە کەرتی تایبەت هەبووە بۆ کەرتی گشتی، ئەگەرچی سالانێکە لە بورای زانکۆیی و هەندێك بواری سنوورداری خزمەتگوزاریی ئۆنلاین کارەکان ئەنجام دراون، بەڵام لە بوارەکانی دیکەی تەندروستی و بانك و پارەدان و کارە ڕۆتینیاتەکانی دامودەزگاکانی حکومەت بۆ خزمەتوگزارییەکانی هاوولاتی ئەم سیستمە نەبووە. لە ئێستادا دامەزراندنی ئەم سیستمە ئومێدی گەورە دەداتە هاوولاتیان، چ بۆ خزمەتگوزارییە کەسییەکانی خۆیان، چ بۆ ئایندەی ولاتەکەیان. گەڕاندەوەی متمانە و بەهێزکردنی هاوولاتییە بە حکومەت و بەهێزکرنی کۆمینیکەیشن و ئاسان گەیشتنی حکومەت و پردی پەیوەندییە لەگەڵ هاوولاتیان و نەمانی ڕۆتینات، بەڵام ئەمیش کۆمەڵێك پرەنسیپ و دابینکاریی دەوێت، کە دەبێت حکومەت دابینی بکات، تاکو ئەم سیستمە ئەکتیڤ ببێت و جێی متمانەی هاوولاتیان بێت و نەبێتە ئاڵنگاری.

لەوانە بوونی سیستمێکی IT بەهێز، دابینکردنی ئاسایشی سایبەری Cyber Security، بوونی مەرکەزییەتی داتا و وەرگرتن و کۆکردنەوەی زانیاری کە هەموو داتا و زانیارییەکان لە یەك مەرکەز وەربگیرێت و کۆ بکرێتەوە، لە هەمووشی زیاتر پەروەردەی دیجتاڵی و ڕۆشنبیریی دیجیتاڵییە، کە پێویستە نەوەکان و هاوولاتیان بەم نۆرمە نوێیەی دەستگەیشتن بە خزمەتگوزاری ڕابهێنرێن، کە چۆن مامەڵەی لەگەڵ بکەن، نازانم ئەمەش ئاسانە لە ئێستادا یان نا، لەگەڵ ئەمەشدا بوونی ناسنامەیەکی دیجیتاڵی (ID) بۆ هەموو هاوولاتیان کە بە هۆیەوە داخڵ بە زانیارییەکانی ببێت، ئەمە جگە لە پاراستنی خاوەندارێتیی داتا و زانیاری لەسەر ئاستی کەسی، یان دامەزراوە. لە کۆی گشتیدا ئەمە هەنگاو و بناغەدانانی حکومەتێکی ئایندەیە کە سەرباری سوودە ناوخۆییەکانی بۆ هاوولاتی و بەڕێوەبردنی ولات و ژێرخانێکی ئابووری و داتایی و بانکی، هاوکات زانیارییە و دابینکردنی ئاسایش بۆ ولات بناغەیە بۆ بەستنەوەی ئەم هەرێمە بە جیهانەوە، وەك چۆن ئێستا کۆی ولاتانی یەکێتیی ئەروپا کە سیستمی حکومەت بۆ حکومەت OOTS Once Only Technical System یان دابین کردووە و کۆی ولاتانی یەکێتی ئەورووپا دەتوانن لە نێوان حکومەتەکاندا زانیاری بگۆڕنەوە، هاوولاتیانش بە هۆی ئەم سیستمەوە دەتوانن سوود لە خزمەتگوزاریی ئەو ولاتانە وەربگرن.

# تاکەی پرۆسەیەکی سیاسیی شکستخواردووی سەپێندراو لە عێراقدا بەردەوام دەبێت؟


دوای ڕووخاندنی ڕژێمی دیکتاتۆری لە ٢٠٠٣دا پرۆسەیەکی سیاسی لە عێراقدا دەستی پێ کرد، کە بە ڕواڵەت بنەماکانی لە دەستووری ساڵی ٢٠٠٥ بە هەموو کەموکوڕییەکانەوە بەرجەستە بوو، کەچی بە شێوەیکی پراکتیکی بەشێکی زۆری بەندەکانی، کە گوایە سێ بابەتی گرنگی تەوافق و شەراکەت و هاوسەنگی دابین بکات، جێبەجێ نەبوون، ئەو پرۆسەیە کە گوایە پشت بە دیموکراسیی تەوافقی دەبەستێت و هەڵبژاردن و ئاڵوگۆڕکردنی دەسەڵات لەم چوارچێوەیەدا دەکات، دوای زیاتر لە نۆزدە ساڵ گەیشتە بنبەستی سیاسی، کە لە ساڵانی ڕابردوودا چەندین جار ئەم بنبەستییە ڕووی داوە و، هەڵبژاردنی پێشوەخت دادی نەدا.

ئەم پرۆسەیە بنەماکەی سیستمی پەرلەمانی و بوونی دادگایەکی ئیتحادیی سەربەخۆ بوو، کەچی بە شێوەیەکی پراکتیکی دادگای ئیتحادی بوو بە بەشێك لە ململانێی سیاسی لەسەر دەسەڵات و، لە چەند مانگی ڕابردووشدا کە ململانێی ڕەوتی سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگی لە نێو شەقامدا تەقییەوە و گەیشتە کشانەوەی ڕەوتی سەدر لە پەرلەمان و، وەرچەرخانێکی نوێ لە ڕەوشی سیاسیدا ڕووی دا و گۆڕانکارییە چەندایەتییەکان هەنگاو بۆ جۆرێك لە گۆڕانکاریی چلۆنایەتی دەنێت، کە تا ئێستا گەڵاڵە نەبووە و گۆی نەکردووە.

یەکێك لەو خاڵانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە تا ئێستا بەردەوامە، بوونی گەندەڵییە، کە دواهەواڵ سەبارەت بەم بابەتە دۆسێی دوو ملیار و نیو دۆلارە و، وەزارەتی دارایی عێراق و بەڕێوەبەرایەتیی باج لێی بەرپرسیارە، لە کاتێکدا ئەم وەزارەتە خۆی بە خاوەنی سیاسەتی ئابووریی «کاغەزی سپی» حکومەتەکەی کازمی دادەنا، ئەمەش هاوکاتە لە گەڵ نەبوونی سیاسەتێك کە گەشەپێدان زامن بکات و ژیانی شایستە و بژێوی و سادەترین خزمەتگوزاری پێشکەش بکات، کە ئەمانەش زەمینەی سەرەکیی ناڕەزایی خەڵکە لە ڕەوشی سیاسی و تاقمی حوکمڕان.

ئەم بابەتە زەمینەی سیاسیی ئامادە کردووە بۆ هاندانی خەڵك لە لایەن گرووپی سیاسیی جیاواز بۆ یەکلاکردنەوەی ناکۆکی و ململانێی سیاسییان، کە پەیوەندی بە بەرژەوەندیی خەڵکەوە نییە.

**یەکێک لەو خاڵانەی کە لە ساڵی ٢٠٠٣وە تا ئێستا بەردەوامە، بوونی گەندەڵییە، کە دواهەواڵ سەبارەت بەم بابەتە دۆسێی دوو ملیار و نیو دۆلارە و، وەزارەتی دارایی عێراق و بەڕێوەبەرایەتیی باج لێی بەرپرسیارە، لە کاتێکدا ئەم وەزارەتە خۆی بە خاوەنی سیاسەتی ئابووریی «کاغەزی سپی» حکومەتەکەی کازمی دادەنا**



**د. کاوە مەحموود**
سکرتێری حزبی شیوعیی کوردستان
بۆ گوڵانی نووسیوە

ئەو ململانێیەی لە نێوان ڕەوتی سەدر و چوارچێوەی هەماهەنگیدا ڕوو دەدات و تا ئێستاش بەردەوامە، ململانێیە لەسەر دەسەڵات و ئەو ڕاستییە دەردەخات کە تایفەی یەکگرتوو بوونی نییە و، مەسەلەکان لە چوارچێوەی ئەوەدایە کە کێ خۆی بە نوێنەری ڕاستەقینەی تایفەیەکی دیاریکراو دادەنێت و ئیحتکاری دەسەڵات دەکات، وڵاتی ئیقلیمیش بە ناوەندە جیاوازەکانیەوە لەم بابەتەوە تێوەگلاون و، دەستێوەردانیان بەردەوامە و پرۆژەی هەردوو لایەنی ململانێکە لە چوارچێوەی پرۆژەی ئیسلامی سیاسیی شیعە دەرناچێت.

ئەم ڕووداوانە و پاشخانەکانی لە گوتاری بلاسخارت نێردراوی سەرۆکی ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی بۆ عێراق، لە بەردەم ئەنجومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتیدا ڕەنگی دایەوە و، لە چوارچێوەی عەقڵییەتی باوی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بۆ هۆکارەکانی قەیرانی سیاسی لە عێراقدا دەستی لەسەر هۆکاری ڕووداو و پەرەسەندنەکان دانا و، بە پەلە ئاماژەی بۆ پاشخانی هەندێ لە دیاردە سیاسییەکان کرد.

لەو ڕاپۆرتەدا ئاماژە بە گرنگیی پاراستنی هێمنی و گرتنەبەری دیالۆگ و جێبەجێکردنی دەستوور و ڕێزگرتن لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی و بوونی حکومەتێکی کاریگەر کرا، کە خزمەتگوزاری و ئاسایش و قەڵاچۆکردنی گەندەڵی و دابینکردنی عەدالەت مسۆگەر بکات، لایەنە کوردستانییەکانیش هەمان ئەم خاڵانە دووبارە دەکەنەوە، بەڵام نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان هۆکاری جێبەجێ نەکردنی تێکڕای ئەم بابەتانە بۆ گوێنەدان بە ئەرکی هاوبەش و کارکردن بۆ سەپاندنی هەژموون و فەرامۆشکردنی بەرژەوەندیی نیشتمانی لە لایەن سەرجەم پێکهاتەی سیاسی لە عێراقدا دەگەڕێنێتەوە و، ڕووداوەکانی ساڵی ڕابردوو و ئەو بنبەستە سیاسییەی کە هەشە، بە زەنگی مەترسی دادەنێت. بەڵام ئەوەی کە بە تەمومژاوی سەبارەت بەم خاڵە لە ڕاپۆرتەکەی بەڕێز بلاسخارت ماوەتەوە، چەمکی بەرژەوەندیی نیشتمانییە و پێناسەی نیشتمانە لەلایەن گەلانی عێراقەوە و، لکاندنی ئەم پێناسەیە لەلایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە چەمکی دەوڵەتەوە.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەنجومەنی ئاسایش لە چوارچێوەی هەژموونی عەقڵییەتی

**گرفت لە سەپاندنی یەک دەوڵەت بە سەر چەند نیشتمانێکدا، کرۆکی قەیرانی دەوڵەتە لە عێراقدا، ئەمەش قەیرانێکە لە گەڵ مێژووی دروستکردنی دەوڵەت لە عێراقدا هەیە**

سیاسیی باودا، جیاوازە لە بوونی دەوڵەت لە عێراقدا، کە لە چوارچێوەی کۆمەڵێك هۆکاری سیاسیی دەرەکیدا دروست کراوە و، بە سەر چەند نیشتمانێکی جیاوازدا دوور لە ئیرادەی گەلانی ئەو نیشتمانانە سەپێندراوە، لە گەڵ پێناسە و شوناسی نیشتمان کە دیاردەیەکی مێژوویییە بە بڕیار و ئیرادەی سیاسی دروستنەکراودا جیا ناکاتەوە، هەر بۆیە گرفت لە سەپاندنی یەك دەوڵەت بە سەر چەند نیشتمانێکدا، کرۆکی قەیرانی دەوڵەتە لە عێراقدا، ئەمەش قەیرانێکە لە گەڵ مێژووی دروستکردنی دەوڵەت لە عێراقدا هەیە و، بە درێژایی مێژووی ئەم دەوڵەتە بە شێوازی جۆراجۆر بەردەوامە و، مایەی ناسەقامگیریی گشتییە و، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش بە تەراویلکەی «هاووڵاتیبوون» لە چوارچێوەی قەیرانی دەوڵەتدا دەسووڕێتەوە، لە کاتێکدا کە لەمێژە زەنگی مەترسی لێ دراوە و، بەردەوام خەڵکی زەحمەتکێش بۆ سەپاندنی بەرژەوەندیی دەسەڵاتدارانی نەتەوەی سەردەست دەبنە قوربانیی ئاژاوە و پێکدادانەکان.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پرۆسەیەکی سیاسیی بەسەر عێراقدا سەپاندووە، بەڵام ئەوەی باسی لێ ناکات، دەستنیشانکردنی ئەو لایەنانەیە کە دەستووری ئیتحادی جێبەجێ ناکەن و قەناعەتیان بە بەفیدراڵبوونی دەوڵەت نییە و، لە چوارچێوەی دەوڵەتی ناوەندیی ڕەهادا بە شێوەیەکی پراکتیکی مامەڵە دەکەن، ئەو بنەمایانەشی کە دەبوایە پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا دوای ساڵی ٢٠٠٣ لەسەری بنیاد بنرایە، فەرامۆش دەکەن و، لە جیاتی ئەوەی دەست لەسەر هۆکارە سەرەکییەکان دابنرێت، کە لە قەیرانی دەوڵەتدا بەرجەستە دەبێت، تەنیا ئاماژە بۆ قەیرانی سیستمی سیاسی و ڕێساو و سیاسەت و سیستمی حوکمڕانی دەکرێت. کاتێکیش ئاماژە بۆ پێکدادان لە شەقام و تێکچوونی ڕەوشی ئاسایش و قوربانییەکان دەکرێت، ئاماژە بۆ هۆکاری سەرەکیی ئەم پێکدادانە ناکرێت و، گوتاری فەرمیی دەسەڵاتداران لە ناوەندا لە باشترین حاڵەتدا باسی گرووپی میلشیای چەکداری دەکات، لە کاتێکدا سەرجەم ئەو میلشیایانە بەشێکن لە گرووپەکانی حەشدی شەعبی و لە دەوڵەتەوە مووچە وەردەگرن.

**کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پرۆسەیەکی سیاسیی بە سەر عێراقدا سەپاندووە، بەڵام ئەوەی باسی لێ ناکات، دەستنیشانکردنی ئەو لایەنانەیە کە دەستووری ئیتحادی جێبەجێ ناکەن و قەناعەتیان بە بەفیدراڵبوونی دەوڵەت نییە**

**بەڕێز بلاسخارت لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژە بۆ بۆردومانکردنی تورکیا و ئێران دەکات، کە بێگومان خاکی کوردستان دەگرێتەوە، بەڵام دیسانەوە هیچ داواکاری و پێشنیارێکی تێدا نییە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ هەڵوێست وەرگرتن لەم بابەتە**

بەڕێز بلاسخارت لە ڕاپۆرتەکەیدا ئاماژە بۆ بۆردومانکردنی تورکیا و ئێران دەکات، کە بێگومان خاکی کوردستان دەگرێتەوە، بەڵام دیسانەوە هیچ داواکاری و پێشنیارێکی تیدا نییە بۆ نەتەوە یەکگرتووەکان، بۆ هەڵوێست وەرگرتن لەم بابەتە، کە دەکرێت بڕیارێك لە شێوەی بڕیاری ٦٨٨ی دژە فڕین لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە بڕیاری لێ بدرێت، بەتایبەتی کە خەڵکی سڤیلی ناو شارەکان بوونەتە قوربانیی درۆنی ئێران و تورکیا، ئەمە جگە لە تۆپبارانکردنی بەردەوامی ناوچەکانی کوردستانی باشوور.

یەکێك لە گرفتەکان لە بۆچوونی سەرجەم نوێنەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەو ڕیزبەندییە سیاسییەیە کە پێشتر لە ئەجێندەی کارەکانیاندا ئامادە دەکرێت و، لایەنە سیاسییەکانی عێراقیش لەو بازنەیەدا دەرناچن.

سەبارەت بە ڕەوشی ئێستای عێراقیش ئەو ئەجێندەیە خۆی لە دیالۆگدا دەبینێتەوە لە پێناوی ڕێککەوتن لەسەر سەرۆك کۆمار و سەرۆك وەزیران و دامەزراندنی حکومەت، لە کاتێکدا ئەزموونی ساڵانی پێشتر ئەوەی خستووەتەڕوو کە تەنیا دانانی سەرۆك کۆمار و دامەزراندنی حکومەت و سازشکردن لە سەری، وەك نەتەوە یەکگرتووەکان داوای دەکات، قەیرانە سەرەکییەکان چارەسەر ناکات.

ئەم لۆژیکە لە هەڵسەنگاندن و مامەڵەکردن لە گەڵ ڕەوشی عێراق لە لایەن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە، ئەوەمان بۆ دەردەخات کە پرۆسەیەکی شکستخواردووی سیاسی بنبەستی سەپێندراوە و لایەنە کوردستانییەکانیش لە چوارچێوەری ئەم پرۆسەیەدا کار دەکەن.

خوێندنەوەی واقیع ئەوەمان بۆ دەردەخات کە ئەوەی پەیوەندی بە جێبەجێکردنی ماددەکانی دەستوورەوە هەیە، وەك ئەنجومەنی ئیتحادی و بابەتی دابەشکردنی بودجە و شەراکەت و هاوسەنگی لە دابەشکردنی سامان و نەهێشتن و ڕاگرتنی سیاسەتەکانی گۆڕانکاریی دیموگرافی و، جێبەجێکردنی سەرجەم بنەماکانی فیدراڵیزم لە دەستووردا، کە پەیوەندییان بە گەشەپێدان و وەبەرهێنان و سامانی سرووشتییەوە هەیە، لەوانە بابەتی

نەوت و دەسەڵاتی هەرێم و پارێزگاکان، ئەوا لە دیدی حوکمڕانانی نەتەوەی باڵادەست و تایفەی گەورەوە بریتییە لە سەپاندنی حوکم لە ڕوانگەی ناوەندێتی ڕەهاوە، هەر ئەم ڕەوشەش زەمینەی بۆ دەوڵەتی پەرەلێڵ و هەژموونی میلشیا و پشتبەستن بە هێزی دەرەکی و نەبوونی پرۆسەکانی گەشەپێدان و زیادبوونی دیاردەی گەندەڵی دروست کردووە. بەم شێوەیە نابێت گەشبینییەکی نادروست پێشکەش بە جەماوەری گەلی کوردستان بکرێت، کە بناغەکەی بریتی بێت لە هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمار و دامەزراندنی حکومەت و ڕێککەوتن لە سەر بەرنامەی حکومەت، کە پێشتریش ئەم خاڵانە لە ساڵانی ڕابردوودا چەندین جار ئەنجام دراون، کەچی کێشەی کوردستان لەگەڵ عێراقدا چارەسەر نەبووە.

پرۆسەی سیاسی لە عێراقدا لە بازنەیەکی داخراودا دەخولێتەوە، لە خاڵێکی ئەم بازنەیەدا هەڵبژاردنێك دەکرێت، کە لە هەر گەڕێکیدا یاساکەی دەگۆڕدرێت و پاشان بۆ ماوەیەك کە لەوانەیە کورت، یان درێژ بێت (کە ئەم جارەیان ساڵێکی خایاند) باسی بنبەستی سیاسی دەکرێت و، پاشان حکومەت دوای خستنەڕووی بەرنامەیەکی سیاسی کە جێبەجێ ناکرێت، دروست دەبێت و، بە چەند دێڕێك باس لە حکومەتی خزمەتکردن دەکرێت، بێ ئەوەی هیچ ڕوونییەك لە پلان و نەخشە و سیاسەتی ئابووریدا بخرێتە ڕوو، زۆر بە ئاسانی مەرجەکانی سندوقی دراوی نێودەوڵەتی و هەنگاوەکانی بەتایبەتکردنی سەرجەم بوارەکانی چالاکیی ئابووری لە سایەی فراوانبوونی گەندەڵیدا پەیڕەو دەکرێت.

هەر لە نێو ئەو بازنە داخراوەدا خاڵی نارەزایەتی خەڵك بە هۆی نەبوونی سادەترین پێداویستییەکانی ژیانی پڕ کەرامەت بۆ خەڵکی زەحمەتکێش، دەست پێ دەکات، هەر ئەمەش دەبێتە هەلێك بۆ لایەنی سیاسیی دەسەڵاتدار لە دەوڵەت و کۆمەڵگەدا کە بە هۆی کەلتووری سونەتییەوە نارەزاییەکانی خەڵك لە ململانێی سیاسی لەگەڵ یەکتردا وەبەربهێنن و، بە شێوەیەکی پراکتیکییش بزافی جەماوەری نەزۆك دەکەن، بەم جۆرە باس لە هەڵبژاردنی پێشوەخت دەکرێت و پاش ماوەیەك کەم بێت یان زۆر، لە چوارچێوەی یاساکانی ململانێ لەم بازنە داخراوەدا ئەو هەڵبژاردنە ئەنجام دەدرێت و، کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش پیرۆزبایی خۆی دەنێرێت، بەم جۆرەش خولی بازنەکە بەردەوام دەبێت.

ڕووداوەکان ئەوە دەردەخەن کە بنبەستی سیاسی لە بابەتی ئەنجامدانی هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی سەرۆك کۆمار و سەرۆکی حکومەت نییە، بەڵکو بنبەست لە خودی پرۆسەی سیاسی لە عێراق و بنەماکانیدا هەیە، بنبەست لە قەناعەتبوون بە دیموکراسی و باوەڕبوون بە فیدراڵی و قایلبوون بە کوردستان وەك شەریك لە دەوڵەتدا هەیە.

بێگومان ئەم بنبەستییە کە هەشە، ڕەنگدانەوەی بازنەی داخراوی ئەم پرۆسە سیاسییەیە، کە تا ئێستا لایەنی کوردستانی وا مامەڵەی لە گەڵدا دەکات، کە بەسەریدا سەپێندراوە و ئامادەی دیالۆگێکی ناوخۆیی سەبارەت بەم بابەتەش نییە، کە باس و لێکۆڵینەوە سەبارەت بە ئەگەرەکان و ئایندەی ئەم پرۆسە داخراوە بکات.

ڕێگەی داکۆکیکردن لە دەستکەوت و مافەکانی گەلی کوردستان لە دەوڵەتی عێراقدا بە کردنەوەی چوارچێوەی ئەو بازنە داخراوە دەبێت، ئەمەش لە سەرەتاوە پێویستی بە ئاوەڕدانەوە لە ڕەوشی کوردستان هەیە، کە دەستوورمان هەبێت و ئازادییەکان بپارێزرێت و، سیاسەتی ئابووری لە بەرژەوەندیی گەشەپێدان و زەحمەتکێشاندا بێت و، سەقامگیریی سیاسی و ئەمنی بپارێزرێت.

ئەگەر باس لە دیالۆگ لە سەر ئاستی هێزە سیاسییەکانی عێراقیش بکرێت، ئەوا پێویستە دیالۆگێکی کراوەی بێ هێڵی سوور و دانانی خاڵی پیرۆزی پێشوەخت سەبارەت بە چارەنووسی دەوڵەت بکرێت، کە ئەمەش پێویستی بە قەناعەتبوونە بە ئازادیی گەلانی عێراق لە دەستنیشانکردنی چارەنووسی خۆیان و، بیرکردنەوە لە پاراستنی گەل پێش پاراستنی دەوڵەت، ئەمەش هەنگاوی یەکەمی هەستکردنە بە لێپرسراوێتی لە کاتی بەرزبوونەوەی ئاستی بارگرژی و مەترسییەکاندا.

**تەنیا دانانی سەرۆک کۆمار و دامەزراندنی حکومەت و سازشکردن لە سەری، وەک نەتەوە یەکگرتووەکان داوای دەکات، قەیرانە سەرەکییەکان چارەسەر ناکات**

**ئەگەر باس لە دیالۆگ لە سەر ئاستی هێزە سیاسییەکانی عێراق بکرێت، ئەوا پێویستە دیالۆگێکی کراوەی بێ هێڵی سوور و دانانی خاڵی پیرۆزی پێشوەخت سەبارەت بە چارەنووسی دەوڵەت بکرێت**



# حکومەتی نوێی عێراق

## لە بەردەم دووڕێیانی هێورکردنەوە و چارەسەرکردنی کاتی کێشەکاندایە



## دڵشاد میران

**سیاسەتمەدار و دیپلۆماتکار**

**بۆ گوڵانی نووسیوە**

پرۆسەی سیاسیی عێراق تا ڕادەیەك لەو چەقبەستووییەی پێشوو دەرباز بوو، ئەمەش دوای ئەوەی سەرۆك بارزانی دەستپێشخەریی کرد و بەربژێرەکەی کشاندەوە و وادیارە جۆرێك لە ڕێککەوتن لەگەڵ ئیتاری تەنسیقی لەسەر زۆر مەسەلەی پەیوەندیدار کراوە، لەمەشدا سەرۆك بارزانی سەرکەوتوو بوو، بەوەی لە پێناو بەرژەوەندیی باڵا و زۆر بابەتی چارەنووسسازدا دەستپێشخەری کرد و سەرۆك کۆماری عێراق دکتۆر لەتیف ڕەشید بووە سەرۆك کۆمارێك کە تا ڕادەیەکی زۆر بەربژێری سەپاندن نییە، بەڵکو بەربژێری پارتی و ئیتاری تەنسیقیشە و یەکێتییەکانیش دەڵێن بەربژێری ئەوانە، هەرچەندە ئەوان لەناو هۆڵی پەرلەماندا دەنگیان پێ نەدا.

بە بیروبۆچوونی من لەم نزیکانە محەمەد شیاع سوودانی سەرۆك وەزیرانی ڕاسپێردراو بۆ پێکهێنانی حکومەتی عێراقیش کێشە و گرفتی نابێت و حکومەتەکەی پێکدەهێنێت، زۆربەی بۆچوونەکان بەو ئاراستەیە دەچن بەوەی سەرۆك وەزیرانی نوێ خواستی هەیە کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات، بە تایبەتی کە نووری مالیکی پاڵپشتی دەکات و ئێمەش چاوەڕوانی دەستپێکردنی گفتوگۆکانین بۆ چارەسەرکردنی



کێشـەکانی نێـوان هەرێـم و بەغـدا. هـەر خـۆی لـە خۆیـدا حکومەتـی نوێـی عێـراق نییـەت و ئامادەیـی چارەسـەرکردنی ئـەو کێشـانەی هەیـە، چونکـە خـۆی کێشـە و مەترسـیی کەمـی نییـە، بـەڵام پرسـیارە گرنگەکـە ئەوەیـە تـا چ ڕاددەیـەك محەمـەد شـەیاع سوودانی ئیرادە و پاڵپشـتی هەیە بـۆ چارەسـەرکردنی کێشـەکان و ناکەوێتـە ژێـر فشـاری دەرەکـی و میلیشـیاتە چەکدارەکانـەوە، یـان تاچەنـد دەتوانێـت کۆتایـی بـەو گەندەڵییـە بهێنێـت کـە وەکـو دیـاردە و کەلتـووری لـێ هاتـووە و گـەورە بەرپرسـانی سیاسـی لـە عێراقـدا تێـوەی گلاون؟ دیـارە جێبەجێکردنـی بەڵێـن و پەیمانـەکان بـە تونـدی دەکەونـە ژێـر چاودێریـی ڕەوتـی سـەدر، ئـەو ڕەوتـەی بـە قسـە وازی لـە کاری سیاسـی هێنـاوە و بـە کـردار لـە نزیکـەوە چاودێـری بارودۆخەکەیـە و شـەقامیش کـەم نییـە کـە لەبەردەسـتیدایە و کـەی بیەوێـت دەتوانێـت بیجوولێنێـت، ڕەنگـە ئەمـە لـە بەرژەوەندیـی ئێمـە بێـت حکومەتێـك لـە ژێـر چاودێـری و لێپرسـینەوە بێـت و ماوەیەکـی کەمـی لەبەردەمدایـە تاوەکـو بەڵێـن و قسـەکانی بـەدی دەهێنێـت.

دیپلۆماسـییەتی سـەرۆك بارزانـی زۆر سـەرکەوتوو بـوو، بـەوەی بـە جوانـی گەمەکـەی کـرد و چیتـر ئامـادە نەبـوو بەردەوامـی بـە بارودۆخەکـە ناهەموارەکـە بـدات، دوای ئـەوەی پێشـتر بەڕێـز هوشـیار زێبـاری بـە بڕیارێکـی سیاسـی و لـە ژێـر فشـاردا دادگای فیدراڵـی ڕێگای نـەدا خـۆی هەڵبژێرێت و لـە بەرامبـەردا بەڕێـز ڕێبـەر ئەحمـەدی نـارد کـە بەربژێرێکـی بەهێـز بـوو، بـەڵام گوشـارەکانی ئێـران و ئیتـاری تەنسـیقی و بارودۆخەکـە ئـەوەی دەخواسـت پاڵپشـتیی حکومەتێکـی نوێـی عێـراق بکەیـن کـە ئامـادە بێـت و نییەتـی چارەسـەرکردنی کێشـەکانی نێـوان هەرێـم و بەغـدای هەبێـت، لـە پێـش هەمووشـیانەوە هـەر دوو مەسـەلەی نـەوت و گاز و پشـکی هەرێـم لـە بودجـەی گشـتیی عێـراق، تەنانـەت لـە کشانەوەی لـە هاوپەیمانیـی سێ قۆڵـی هیـچ کەمتەرخەمییەکـی نەبـوو، ئـەوە سـەدر بـوو هـەر جارەو بڕیـار و هەنگاوێکـی بـە تاکڕەوانـە دەدا و تـا دەهـات ئینتـاری تەنسـیقی بەهێزتـر دەکـرد، لـە بەرامبـەردا ئیتـاری تەنسـیقی و ئێران و ئەمریـکاش هەمـوان بـاش دەزانن بـە بێ سـەرۆك بارزانـی مومکیـن نەبـوو ئـەم حکومەتـە نوێیـەی عێراق دابمەزرێت، چونکـە بارزانـی پێگـە و قورسـایی خـۆی لەنـاو شـەقامی کوردسـتانی و عێراقـی و ناوچەکـە و نێودەوڵەتیشـدا هەیـە، سـەرۆك بارزانـی وەکـو مەرجەعێکـی کـوردە لـە ڕووی عەمەلـی و کـردارەوە تایبەتمەندێتـی خـۆی لەنـاو کـورد نـەك هـەر لـە کوردسـتانی باشـوور بەڵکـو لـە هـەر چـوار پارچـەی کوردسـتان هەیـە، تەواجـودی کـورد لـە بەغـدا واتـە تەواجـودی بارزانـی، ئەمـە نـەك هـەر وەکـو عورفێکـی لـێ هاتـووە، بەڵکـو بووەتـە ئەمـری واقیـع و عێراقـی نـوێ لەسـەر ئـەو بنەمایـە بونیـاد نرایـەوە و یەکپارچەیـی خاکـی پارێـزراوە کـە کـورد دەبێـت هاوبەشـێکی بەهێـز بێـت لـە بەغـدا و لەنـاو پرۆسـەی سیاسـی و ئیـداری و لـە هـەر سێ سـەرۆکایەتییەکەی عێراقـدا، هـەر ئەمـەش بـوو وای کرد بارزانـی و پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ڕۆڵـی دکتـۆر بەرهـەم سـاڵح لـە سـەرۆك کۆمـاری نیگـەران بـوون، چونکـە بـە درێژایـی ئـەو ماوەیـە نـەك هیـچ ڕۆڵێکـی نەبـوو، بەڵکـو زۆرجـار ڕۆڵێکـی سـلبی هەبـوو بەرامبـەر بـە دۆسێ و بابەتەکانی کـورد وەکـو پشـکی هەرێم لە بودجـەی گشـتی و بۆردومانەکانـی فڕۆکەخانـە و کێڵگـە نەوتـی و غازییـەکان و مووشـەکبارانکردنی هەولێـر و مەسـەلەی کێشـەی نـەوت و غـاز و دەیـان بابـەت و وێسـتگەی دیکـە. بەرهـەم سـاڵح یارمەتیـدەر نەبـوو لـە چارەسـەرکردنی کێشـەکاندا، سـەپاندنی بەربژێرێـك بـۆ سـەرۆکایەتیی کۆمـار لـە حزبێکـەوە کـە زۆرینـەی کورسـییەکانی کـوردی لـە پەرلەمانـی عێراق لـە دەسـتدا نییـە و خوازیـار بـوو درێژە بـەو تراژیدیایـە بـدات، ئەمـە بەڕاسـتی نـەك هـەر لەلایـەن سـەرۆك بارزانـی قبـووڵ نەبـوو، بەڵکـو لای زۆرینـەی کوردیـش قبـووڵ نەکـراو بـوو، لـە کاتێکـدا هـەر دوو پۆسـتە سـیادییە بەرزەکانـی دیکـەی وەکـو سـەرۆك پەرلەمـان و سـەرۆك وەزیـران دەنگیـان بـۆ مەسـەلە چارەنووسسـازەکانی نەتـەوە و مەزهـەب و پێکهاتەکەیـان هەبـوو، دەبوایـە سـەرۆك کۆمـار ڕۆڵێکـی مەعنـەوی و تەواجودێکـی بەهێـزی لـە مەسـەلە چارەنووسسـازەکان هەبێـت، کاتێـك برادەرانـی دیکـە سـوور بـوون لەسـەر دکتـۆر بەرهەمـم سـاڵح ئـەو پۆسـتەیان وەکـو دەسـتکەوتێکی شەخسـی بـەکار دەهێنـا، ئـەو

**زۆربەی بۆچوونەکان بەو ئاراستەیە دەچن بەوەی سەرۆک وەزیرانی نوێ خواستی هەیە کێشەکانی عێراق چارەسەر بکات**

**ئیتاری تەنسیقی و ئێران و ئەمریکاش هەمووان باش دەزانن بە بێ سەرۆک بارزانی مومکین نەبوو ئەم حکومەتە نوێیەی عێراق دابمەزرێت، چونکە بارزانی پێگە و قورسایی خۆی لەناو شەقامی کوردستانی و عێراقی و ناوچەکە و نێودەوڵەتیشدا هەیە**

**ئەوەی بەلای کورد و سەرۆک بارزانییەوە گرنگە ئەوەیە کە کێشە و ململانێکانی عێراق نەگوازرێتەوە بۆ نێوماڵی کورد و ئەو حکومەتەی لە بەغدا دادەمەزرێت، گوێڕایەڵی خواست و ویستی خەڵکی کوردستان بێت**

کات سەرۆك بارزانی سەلماندی کە سەرۆك کۆمار ویست و ئیرادەی گەلەکەی دەوێت و دەبێت کەسێکی مامناوەند بە دەنگێکی کوردی بکرێتە سەرۆك، هەرواش دەرچوو چارەسەرێکی مامناوەندی بوو، لە دوارۆژدا دەر دەکەوێت کە تا چەند دکتۆر لەتیف ڕەشید ئەوەی لەبەرچاو دەبێت کە بە دەنگی کورد بە تایبەتی پارتی بووەتە سەرۆك کۆمار و دەبێت ڕۆڵی لە چارەسەری کێشەکان هەبێت و هەمووان بە یەکەوە کۆبکاتەوە.

ئەوەی بەلای کورد و سەرۆك بارزانییەوە گرنگە ئەوەیە کە کێشە و ململانێکانی عێراق نەگوازرێتەوە بۆ نێومالی کورد و ئەو حکومەتەی لە بەغدا دادەمەزرێت، گوێڕایەڵی خواست و ویستی خەڵکی کوردستان بێت، هەر خۆی لە خۆیدا حکومەت دوو کێبڕکێی بەهێزی لەسەر شەقام هەیە کە سەدر و تشرینییەکانە، لەم ڕوانگەیەوە بۆ ئەم چوار ساڵە هەلێکی باشمان لە بەردەمدایە بۆ ئەوەی چارەسەری کێشەکان بکەین. ئیتاری تەنسیقی کە بەشێکی گەورەی ئەم حکومەتە پێك دەهێنێت، لەم قۆناغە و لە ئێستادا بە ناچاری بێت و یان وەکو پیلان و مەرام بێت، یان ستراتیژیەت بێت، ویستی چارەسەری کێشەکانیان هەیە، ئەگەر ئەم حکومەتە حکومەتی خزمەتگوزاری و چارەسەری کێشەکان بێت و لە ژێر فشاری شەقامی سەدرییەکان و تشرینیەکاندا بێت، ئەوا بۆ ئێمەی کورد هەلێکی لەبارە کێشەکانی خۆمان چارەسەر بکەین و نێومالی کورد بە تایبەتی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەهێزتر بکەین و بەرەو بونیادنان و ڕاستکردنەوەی ئابووری و سەربەخۆیی ئابووری بچین.

من لەو باوەڕەدا نیم حکومەتی نوێی عێراق بتوانێت هەموو کێشە ئابووری و سیاسی و چەکدارییەکان چارەسەر بێت، ڕەنگە هەنگاو بنێت لە بارەی کەمکردنەوەی نرخ و هەڵاوسان و کەمکردنەوەی گەندەڵی و لاوازکردنی هێزی چەکداری، بەڵام چارەسەری یەکجارەکی چەکداری و میلیشیاتەکانی بۆ ناکرێت، بەڵام خۆ ئەگەر چارەسەری گەندەڵیشی بۆ نەکرێت، بە لانی کەم گەندەڵی ڕاوەستێنێت و لەمەودوا ئەو بودجە و پارەیەی لەبەردەستیدایە بۆ پێگە و پایەی خۆی بە کاری بهێنێت و لە ڕوانگەی ناوچەکە و نێودەوڵەتییەوە هەیبەتێك بگەڕێنێتەوە بۆ حکومەت و سنوورێك بۆ دەستتێوەردانی دەرەکی و میلیشیاتە چەکدارەکان و کارتێلە مافیا و گەندەڵکارەکان دابنێت و، ڕێگا نەدات کار و کردەوە تیرۆریستییەکانی داعش سەرهەڵبداتەوە، ئەوا دەتوانین بڵێین حکومەتێکی سەرکەوتوو دەبێت و تا ڕاددەیەکی کەمیش بێت لە ئاست خواست و ویستی شەقام و خەڵکی بە گشتی دەبێت. یەك خاڵی دیکە لەناو ئەم هاوکێشەیەدا زۆر گرنگە ئەویش هەڵکشانی بارگرژی و دۆخی ناوخۆی ئێران و دوورکەوتنەوەی ئەمریکا و ئەورووپایە لە دانوستانەکانی دۆسێی ئەتۆمیی ئێران، کە لەم دواییەدا ناردنی درۆنە سەربازییەکانی ئێران بۆ ڕووسیا و بەشدارییپێکردنی لە شەڕی ئۆکرانیا و لێدانی ژێرخانی ئەو وڵاتە بەتایبەتی لە کەرتی وزە و نەوت و پرد و...هتد نیگەرانی و تووڕەییەکی زۆری ئەمریکای لێ کەوتووەتەوە و ڕەنگە جگە لە گەمارۆ و سزا نێودەوڵەتییەکان بارگرژییەکان زیاتر بن، خۆ ئەگەر میلیشیاتە چەکدارەکانی ئێران لە عێراق ئەم وڵاتە تێکەڵ بەو ململانێ و شەڕە بکەن، ئەوا بارودۆخی عێراق هەمووی پێچەوانەی ئەو ئومێد و گەشبینییەی لێ دێت و عێراقیش زیانی گەورەی بەردەکەوێت. خۆ ئەگەر بارگرژی و نارەزایەتییەکانی ئێران تەشەنە بکات، ئەوا ئێران فشار و پاڵەپەستۆکانی لەسەر چەکداران و گرووپەکانی لە عێراق کەم دەبێتەوە، کە ئەمە لە بەرژەوەندیی عێراق دەبێت و دەستوەردانەکان و کۆنترۆڵی بڕیارەکانی ناوخۆی عێراق کەم دەبێتەوە، بە تایبەتی کە تا دێت فشار و پاڵەپەستۆی ڕۆژئاوا لەسەر ئێران ڕووی لە زیادبوون کردووە.

لە دوای هەموو ململانێیەك وڵات پێویستی بە قۆناغێکی هێوربوونەوە هەیە. خۆ ناکرێت پاشاگەردانیی سیاسی و ئابووری و بژێویی ژیان و بێکاری و هەژاری هەر بەردەوام بێت، پێویستی بەوە هەیە بە دۆخێکی ئارامدا تێپەڕ بێت و خەڵکی ئاهێك وەرگرێت و کەمێك لە ڕووی بژێویی ژیان و دامەزراندن و کار و ژیان و ئارامی ببینێت.

**لەو باوەڕەدا نیم حکومەتی نوێی عێراق بتوانێت هەموو کێشە ئابووری و سیاسی و چەکدارییەکان چارەسەر بێت**

**لەم دواییەدا ناردنی درۆنە سەربازییەکانی ئێران بۆ ڕووسیا و بەشدارییپێکردنی لە شەڕی ئۆکرانیا و لێدانی ژێرخانی ئەو وڵاتە بەتایبەتی لە کەرتی وزە و نەوت و پرد و...هتد نیگەرانی و تووڕەییەکی زۆری ئەمریکای لێ کەوتووەتەوە**


**ئەگەر بارگرژی و نارەزایەتییەکانی ئێران تەشەنە بکات، ئەوا ئێران فشار و پاڵەپەستۆکانی لەسەر چەکداران و گرووپەکانی لە عێراق کەم دەبێتەوە، کە ئەمە لە بەرژەوەندیی عێراق دەبێت**

### کۆمەڵەی ئاشتیی عەرەبی: دەستپێشخەرییەکی دەستەبژێری بۆ چارەسەری قەیرانەکان

# تاچەند حکومەتی هەرێمی کوردستان لەم دەستپێشخەرییە سوودمەندە؟

کۆمەڵەی ئاشتیی عەرەبی وەك ڕێکخراوێکی ناحکوومی لە ئەیلوولی ساڵی ٢٠٢٢ لە عەممانی پایتەختی شانشینی ئوردنی هاشمی (دوای ماوەیەك لە ئامادەکاری و درێژکردنەوەی ماوەکەی لە ساڵی ٢٠١٨)وە دامەزراوە. ئامانجی ئەم ڕێکخراوە بەشداریکردنە لە دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە ئاڵۆزەکانی ناوچەی عەرەبی، وەك بەشێکی گرنگی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە بە دەست قەیرانی زۆر و ململانێی چەکداری و شەڕی ناوخۆوە دەناڵێنێت، ئەم دۆخە پێویستی بە دەستپێشخەریی بەردەوام هەیە، بۆ بنیادنانی ئاشتییەکی بەردەوامی گەشەسەندوو، بۆیە کۆمەڵێك لە کەسایەتیی شارەزا و سیاسەتوان و چالاك و ئەکتیڤ لە بوارەکانی عەرەبی و نێودەوڵەتی، کە ڕۆڵی گرنگیان لە سێکتەری ڕۆشنبیری و فیکریدا هەیە، لە ڕێی دیالۆگ و گەنگەشەیەکی زۆر دەستپێشخەرییان کرد، لەوەی بیر لە دامەزراندنی کۆمەڵەیەك بکەنەوە، کە ئامانجی بڵاوکردنەوەی کەلتووری ئاشتی و هۆشیاری بێت، هاوکات لە کاتی پێویستدا ئەرکی ناوبژیوانکارێکی پاك و بێلایەن لە نێوان لایەنە پێکناکۆکەکاندا جێبەجێ بکات، بۆ گەیشتن بە چارەسەر و یەکلاکردنەوەی ئاشتییانە و لێکگەیشتنی سیاسی، کە بەرژەوەندیی لایەنەکان بێنێتە دی و پارێزگاریی لێ بکات لە چوارچێوەی پاراستنی بەرژەوەندییەکانی گەل و هاووڵاتیان و دەوڵەت.

بۆیە، کۆمەڵەکە ڕێککەوت لەسەر دامەزراندنی هاوبەندییەکی ئاشتی، کە کەلتووری ئاشتی بڵاو بکاتەوە و بهێنێتە دی، هەروەها هاووڵاتیان لە ئاستی گرنگیی ئەم کەلتوورە هۆشیار بکاتەوە، هەروەها بەشداری بکات لە ئەکتیڤکردنی ڕۆڵی لایەنە فەرمییەکان، تاکو ئەرکی سیاسی و یاسایی و ئەخلاقی و مرۆییان لە بواری ڕێگەگرتن و خۆپارێزی لە ململانێ چەکدارییەکان و بنیادنانی ئاشتی ڕاپەڕێنن. لەم سۆنگەوە کۆمەڵەکە هەوڵ دەدات پەیوەندیی هاریکاریی چالاکانە لەگەڵ ڕێکخراوە لۆکاڵی و هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان و لە سەرووشیانەوە نەتەوە یەکگرتووەکان دابمەزرێنێت، لەگەڵ جەخت




کردنـەوە لەسـەر کۆمـەکاری دەوڵەتانـی عـەرەبـی لـە ڕووی کەلتـووری ئاشـتی و خسـتنەڕووی دەستپێشـخەری بـە مەبەسـتی ئامانجـە باڵاکـە «ئاشـتی و دیالـۆگ وەك تاکـە ڕێگـە بـۆ چارەسـەری کێشـە و ململانێیـەکان».

کەواتـە ئامانجـی کۆمەڵـەی ئاشـتیی عـەرەبـی بریتییـە لـە:

* بڵاوکردنـەوەو پەرەپێدانـی کەلتـووری ئاشـتی و دیالـۆگ و وەلانانـی توندوتیـژی و دەمارگیـری و پەڕگیـری.

* کارکـردن بـۆ وەدیهێنانـی دادپـەروەری و ویژدانخـوازی و کۆتاییهێنـان بـە داگیـرکاری، هەروەها ڕێزگرتـن لە مافەکانی مرۆڤ و مافی گـەلان لـە دیاریکردنـی چارەنووسـدا.

* ئاڵوگـۆڕی شـارەزایی و ئەزمـوون و بنیادنانـی توانـا لـە بـواری ئاشـتی و خۆپاراسـتن لـە ململانـێ چەکدارییـەکان.

* هەتـا بکرێت ئەرکـی ناوبژیـکاری لـە نێـوان لایەنـە پێکناکۆکەکانـدا ئەنجـام بدرێـت.

* ڕێزگرتـن لـە فرەچەشـنی و فرەیـی و یەکدی قبووڵکـردن و دداننـان بـە مافـی بەرانبـەر لـە جیاوازیـدا، وەلانانـی هەمـوو شـێوەیەکی جیـاکاری لەسـەر بنەمـای ئیتنـی و ئایینـی و ئایینزایـی، یـان تایفەگـەری.

بـۆ دەسـتکردن بـە کاری ئەکتیڤی دامەزراوەیی ئـەم کۆمەڵەیـە لـە ١٣ تـا ٢٠٢٢/١٠/١٤ کۆبوونـەوەی دامەزراندنـی کۆمەڵەکـە لـە بـارەگای کۆمـەکاری دەوڵەتانـی عـەرەبـی لـە قاهیـرە بـە چاودێـری و ئامادەبوونـی پرۆفیسـۆر دکتـۆر ئەحمـەد ئەبولغەیـس و بـە بەڕێوەبردنـی بیرمەنـد دکتـۆر عەبدولحسـێن شـەعبان سـاز کـرا. کۆبوونەوەکـە بـە وتەیەکـی سـەرۆکی کۆمەڵەکـە (سـەرۆکی پێشـووتری یەمـەن) عەلـی ناسـر محەمـەد دەسـتی پـێ کـرد، دواتـر وتـەی هەماهەنـگکاری گشـتیی کۆمەڵەکـە لەلایـەن ئەندازیـار سـەمیر حەباشـنە (وەزیـری پێشـووی ناوخـۆی ئـوردن) خوێندرایـەوە، دوای ئـەو باڵیـۆز حیسـام زەکـی وتـەی ئەمینـداری گشـتیی کۆمـەکاری عـەرەبـی (کـە دوای ماوەیەکـی کـەم لـە دەسـتپێکردنی کۆبوونەوەکـە ئامـادە بـوو)

**ئامانجی کۆمەڵەی ئاشتیی عەرەبی بریتییە لە بڵاوکردنەوەو پەرەپێدانی کەلتووری ئاشتی و دیالۆگ و وەلانانی توندوتیژی و دەمارگیری و پەڕگیری**



خوێندەوە، ئەو خاڵە گرنگانەی کە لە وتەکەی ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبیدا هاتبوو، بریتی بوون لە: ناوچەکە بە قۆناغێکی مەترسیداردا تێدەپەڕێت و کەوتووەتە نێو گێژاوی قەیرانگەلێکی فرەچەشن، کە کاریگەرییان بۆ سەر ئاسایش و بارودۆخی هەرێمی هەبووە، دواتر قەیرانی کۆرۆنا و شەڕی ئۆکرانیای هاتە سەر، ئەوەش ناوچە قەیراناوییەکەی زیاتر ڕووبەڕووی تەحەدیگەلێکی تازە کردەوە، هاوکات وای لە دەوڵەتانی ناوچەکە کرد، ڕووبەڕووی هەڕەشە پێشبینی نەکراوەکان ببنەوە، وەك قەیرانی خۆراك و سستیی ئابووری، وێڕای دۆخی نادڵنیایی کە لووتکەی سیستمی نێودەوڵەتیی گرتووەتەوە، ئەمەش دۆخەکە زیاتر ئاڵۆز دەکات. ئەمانە بریتین لە تەحەددیگەلێکی زۆر کە تا ئەو پەڕی ئاستیان پێویست بە گەلەکۆمەکێی تواناکان و کۆکردنەوەی وزەی کۆمەڵگە و دەوڵەتان دەکات. بارودۆخی نێودەوڵەتی بە خێرایی تێدەپەڕێت کە لەسەرووی پێشبینییەکانە و بە ئاراستەگەلێکە کە هەرگیز چاوەڕوان ناکرێت، بۆیە یەکەم شت پێویستە دیدگایەکی گشتگیر پێك بهێنرێت و ستراتیژیەتێکی تەواویش بنیاد بنرێت، ڕووداوەکان هەمیشە پێش ئێمە دەکەون و پەرەسەندنی دۆخەکەش لە ناکاو ڕووبەڕوومان دەبێتەوە.

سەبارەت بە کۆمەڵەی ئاشتیی عەرەبی، ئەمینداری گشتیی کۆمکاری عەرەبی ڕوونی کردەوە کە کۆمکارەکە «هیوا لەسەر کۆمەڵەی ئاشتی عەرەبی هەڵدەچنێت، بەو پێیەی بەشدارییەکی ڕەسەنە و پێویستمان پێی دەبێت لە پێناو بەرهەمهێنانی بیروبۆچوون و دەستپێشخەرییەکاندا، ئەو تێکەڵەیەی کە کۆمەڵەکە لێی پێك دێت، چەندین بیرمەندی ناسراو و سیاسەتوانی بەرپرسی پێشوو لەسەر باڵاترین ئاست لەخۆ دەگرێت، کە شایانی ئەوەن ڕۆڵ بگێڕن بۆ پڕکردنەوەی بۆشاییەکی گەورە لە بەرهەمهێنانی بیروبۆچوون و کاراکردنی دەستپێشخەرییەکان وەکو یەك.»

لە دوو کۆبوونەوەی دواتر، بیرمەند عەبدولحسێن شەعبان وتەیەکی پێشکەش کرد سەبارەت بە کاری کۆمەڵەکە و ئامادەکردنی پەیڕەو و پڕۆگرامی بنەڕەتی و ناوخۆیی کە پەسند کرا، دوای ئەوە بەیاننامەی کۆتایی کۆبوونەوەکە خوێندرایەوە.

شایانی بیرهێنانەوەیە نزیکەی (٥٠) کەسایەتیی خەباتگێڕی سیاسی و فیکری لە زۆربەی دەوڵەتانی عەرەبی و لەسەر باڵاترین ئاست (سەرۆك وەزیران، وەزیران، پەلەمانتاران، بیرمەندان، کەسایەتیی ئەکادیمی) بەشدارییان

**لەبەر ئەوەی کۆمەڵەی ئاشتیی عەرەبی هەوڵ دەدات توندوتیژی وەلاوە بنێت و کەلتووری ئاشتی لە ڕێی دیالۆگ و ناوبژیکاری بەهێز بکات، بۆیە پێموایە حکومەتی هەرێم دەتوانێت سوود لەو کۆمەڵەیە وەربگرێت**



لە دامەزراندنی کۆمەڵەکەدا کرد، هەروەها (٢٥) کەسایەتی لە کۆبوونەوەی قاهیرەدا ئامادەبوون، لە سەروویانەوە: سەرۆك عەلی ناسر محەمەد، ئەندازیار سەمیر حەباشنە، بیرمەند د. عەبدولحسێن شەعبان، وەزیری دەرەوەی سوودان خاتوو مریەم ئەلسادق ئەلمەهدی، وەزیری دەرەوەی مۆریتانیا د. مەکفولە بنت ئەکات، خەباتگێڕی فەلەستینی باڵیۆز عەباس زەکی، ئەکرەم عەبدوللەتیف ئەندامی ئەنجومەنی نیشتمانی فەلەستینی، لە ئیماراتەوە باڵیۆز یوسف ئەلحەسەن، پەرلەمنتار د. عەبدوڵلا عوێدات لە ئوردن، باڵیۆز عەلی موحسین حەمید لە یەمەن، د. عاتف مغاوری لە میسر، ڕاوێژکار عەلی عەبدولکەریم لە یەمەن، ڕاوێژکار ئەحمەد ئەلمسلمانی لە میسر، د. مالیك مەهدی لە سوودان، د. شێرزاد نەجار لە کوردستان - عێراق.

لە میانی کۆبوونەوەکەی قاهیرەدا پەیکەربەندیی کۆمەڵەکە چەسپا کە بەم شێوەیە پێکهاتبوو:

* دەستەی گشتی:

* ئەنجومەنی ڕاپەڕاندن لە (١١) ئەندام و سەرۆك پێکدین، عەلی ناسر محەمەد سەرۆکایەتیی دەکات، ئەمینداری گشتی ئەندازیار سەمیر حەباشنە، د. عەبدولحسێن شەعبان ئەندامی ئەنجومەن لە پاڵ ئەندامانی دیکە.

* ئەنجومەنی ڕاوێژکاری لە ئەندامانی دەستەی گشتی و دەرەوەی، خاوەن شارەزایی و ئەزموونی زۆر و کارامە.

**تا چەند حکومەتی هەرێمی کوردستانی عێراق لە کۆمەڵەی ئاشتیی عەرەبی سوودمەندە؟**

لەبەر ئەوەی کۆمەڵەی ئاشتیی عەرەبی هەوڵ دەدات توندوتیژی وەلاوە بنێت و کەلتووری ئاشتی لە ڕێی دیالۆگ و ناوبژیکاری بەهێز بکات، بۆیە پێموایە حکومەتی هەرێم دەتوانێت سوود لەو کۆمەڵەیە وەربگرێت بە تێکڕا، هەروەها لە کەسایەتییەکانی خاوەن ئەزموونی دوور و درێژ لە بواری سیاسەت و کەلتوور و فیکر، و گوێ بگیرێت لە ڕاوبۆچوونەکانیان لە ڕووی چۆنێتیی چارەسەرکردنی کێشەکانی حکومەتی هەرێم لەگەڵ حکومەتی فیدراڵدا، بۆ وەدیهێنانی بەرژەوەندیی هەر دوو لا و بەرژەوەندیی باڵای گەل، بەتایبەتی دەتوانین سوود لەو بڕگەیەی ناو پەیڕەوە بنەڕەتییەکەی کۆمەڵەکە وەربگرین، کە جەخت لە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسیان و ڕێزگرتن لە فرەیی و یەکدی قبووڵکردن دەکاتەوە.

**دەتوانین سوود لەو بڕگەیەی ناو پەیڕەوە بنەڕەتییەکەی کۆمەڵەکە وەربگرین، کە جەخت لە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤ و مافی گەلان لە دیاریکردنی چارەنووسیان و ڕێزگرتن لە فرەیی و یەکدی قبووڵکردن دەکاتەوە.**

دیمانەی تایبەت



نێگرۆن گۆنزالێس

سەرۆکی بەشی دیراساتی ئەمنی لە زانکۆی نیوهامشایەر بۆ گوڵان:

# بەرەنگاربوونەوەی گرووپە توندڕەوەکان پێویستی بە حوکمڕانیی باش هەیە

**نێگرۆن گۆنزالێس سەرۆکی بەشی دیراساتی ئەمنییە لە زانکۆی نیو هامشایەر، هەروەها وانەبێژی بواری دیراساتی جیهانی و سیاسەتی بەراوردکارییە و لە توێژینەوەکانیدا بایەخ بە چەند پرس و بابەتی گرنگ دەدات، وەك بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان، کۆمەڵگەی مەدەنی، بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و مافەکانی مرۆڤ، نۆرمە نێودەوڵەتییەکان و برەودان بە ئاسایشی مرۆیی (بەتایبەتی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن)، دوایین توێژینەوەکانیشی پەیوەستن بە پەیوەندیی نێوان بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و مافەکانی مرۆڤ و شرۆڤەکاریی ئەوەی چۆن ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەتوانن دەوڵەت ڕووبەڕووی بەرپرسیارێتی بکەنەوە، کاتێك دەست دەدەنە پێشێلکاری مافەکانی مرۆڤ لە سەروەختی ناکۆکییە چەکدارییەکاندا. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد، کە پەیوەست بوون بە پرسی بەرەنگاربوونەوەی تیرۆریزم و پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن و چەند بوارێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** ئێوە کەسێکی تایبەتمەندن لە بواری بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەی گرووپە توندڕەو و تیرۆریستییەکان و ئاشکراشە کە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست یەکێکە لەو ناوچانەی کە سەرەڕای ئەوەی بارگرانە بە چەندین تەنگژە و قەیرانی سەخت و قووڵ، چەندین گرووپی تیرۆریستی مەترسیداریش لەم ناوچەیەدا سەریانهەڵداوە، ئێوە چۆن لەم پرسە دەڕوانن و پێتان وایە هۆکارە ڕیشەییەکانی بوونی ئەم گرووپانە چین و کاراترین ڕێکار و ڕێگاچارە بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەرپەرچدانەوەیان چین؟**

- بە دڵنیاییەوە ئەوەی ئێوە ئاماژەی پێ دەکەن ڕاستە، واتە چەندین گرووپی ڕادیکاڵ هەن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت وریا بین لەم ڕووەوە و گشتاندنێك نەکەین لەم ڕووەوە، مەبەستم ئەوەیە دەبێت ئەو ڕاستییە لەبەرچاو بگرین کە هەر گرووپێکی میلیشیایی و توندڕەو لە هەلومەرج و بارودۆخێکی تایبەت و دیاریکراودا سەرهەڵدەدەن و دێنەئاراوە. ئەوەی پەیوەست بێت بە هۆکارە بنەڕەتی و ڕیشەییەکانەوە کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی ئەم گرووپانە، ئەوا هۆکارەکان جیاواز و جۆراوجۆرن و لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە جیاوازن و دەگۆڕێن. لەگەڵ ئەوەشدا دەتوانین ئەوە بەدی بکەین کە لەو وڵاتانەی ئەم جۆرە گرووپانەیان تێدا سەرهەڵدەدات و چالاکن تێیاندا، بریتین لەو وڵاتانەی کە گرفتارن بە دەست چەندین کێشە و تەنگژەی قووڵی حوکمڕانییەوە، هاوشان بە بوونی بارگرژیی نێوان پێکهاتە کۆمەڵایەتییەکان کە لە دەرئەنجامدا سەردەکێشن بۆ دروستبوونی ناسەقامگیری و لە کۆتاییشدا ئەم ناسەقامگیرییە بەکار دەهێنرێن لەلایەن ئەم گرووپانەوە و پانتاییەکیان بۆ دروست دەبێت بۆ ئەوەی برەو بە خۆیان بدەن و خۆیان بەهێز بکەن. بۆ نموونە لە عێراقدا لە ماوەی دوو دەیەی ڕابردوودا قەیران و تەنگژەکانی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی وڵات، هەروەها بەربڵاوی و تەشەنەسەندنی گەندەڵی و پێشێلکارییەکان بەرامبەر سوننەکان کەشێکی لەباری بۆ گرووپە توندڕەو و تیرۆریستییەکان ڕەخساند بۆ ئەوەی خەڵکی ناڕازی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن. لە هەمان کاتدا ئەو ڕووداو و پەرەسەندنانەی لە سووریاش ڕوویان دا و پەڕینەوەی کاریگەرییان و دەستتێوەردانی دەرەکی لە عێراقدا هەموویان بوونە هۆی ئەوەی دروستبوونی پشێوی و پاشاگەردانییەك کە لە کۆتاییدا ئەم گرووپانە بتوانن تێیدا بەهێز بن. لە پەیوەندی بە باشترین، یان کاراترین ڕێگای بەرەنگاربوونەوەیان، ئەوا بە دڵنیاییەوە بەرەنگاربوونەوەی گرووپە توندڕە و تیرۆریستییەکانی وەك ڕێکخراوی داعش لە عێراق و سووریا پێویستی بە ڕێکارێکی بەهێزی سەربازی هەبوو، بەڵام نابێت تێکڕای ڕێگاچارەکە لە چارەسەری سەربازیدا کورت ببێتەوە. یەکێك لە گەورەترین کێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بنەڕەتیترین هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم گرووپانە بریتییە لە ناکارایی حکومەت. لەم ڕوانگەیەوە بەرەنگاربوونەوەی ئەم گرووپانە پێویستی بە حوکمڕانیی باش هەیە بۆ هێنانەئارای ئەو گۆڕانکارییە بونیادی و بنەڕەتییەی کە خەڵکی خوازیارین و دەیانەوێت. بە داخەوە پێ ناچێت زۆرێك لە سەرکردەکانی ئەم ناوچەیە لە ئاست ئەم ئەرکەدا بن.

**بەربڵاوی و تەشەنەسەندنی گەندەڵی و پێشێلکارییەکان بەرامبەر سوننەکان کەشێکی لەباری بۆ گرووپە توندڕەو و تیرۆریستییەکان لە عێراق ڕەخساند بۆ ئەوەی خەڵکی ناڕازی بۆ لای خۆیان ڕابکێشن**

**بەرەنگاربوونەوەی گرووپە توندڕە و تیرۆریستییەکانی وەک ڕێکخراوی داعش لە عێراق و سووریا پێویستی بە ڕێکارێکی بەهێزی سەربازی هەبوو، بەڵام نابێت تێکڕای ڕێگاچارەکە لە چارەسەری سەربازیدا کورت ببێتەوە**

**حکومەتی سووریا بەرپرسیارێتی سەرشانی خۆی جێبەجێ نەکردووە لە پەیوەندی بە پاراستنی سوورییەکان و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لەم وڵاتەدا ئەنجام دراوە**

**تا ئێستا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کردنەوەی ڕێڕەوە مرۆییەکان و دەستپێشخەرییەکانی ئاشتی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە سووریا نزیکەی ٣٠ بڕیاری دەرکردووە**

**لەم ساڵانەی دواییدا زۆرێک لە چالاکان و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ ڕووبەڕووی سەرکوتکاری و سنووردارکردنی سەرسەختانە بوونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵیان نەداوە و لە ئەرکی خۆیان سارد نەبوونەتەوە**

**مافەکانی مرۆڤ پێویستی بە دامەزراندن و خستنەگەڕی میکانیزم و ڕێوشوێنی بەهێزی نێودەوڵەتی هەیە، سەرباری بەهێزکردنی ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی بواری داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ**

*** بوارێکی دیکەی تایبەتمەندیی ئێوە بریتییە لە پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن، کە جێبەجێ دەکرێت بە سەر ئەو دەوڵەتانەی ناتوانن هاووڵاتییەکانیان لە هەڕەشە و مەترسی و پێشێلکارییەکان بپارێزن، یان خودی دەوڵەتەکە دەبێتە سەرچاوەی ئەم هەڕەشە و پێشێلکارییە، ئایا ئێوە چۆن لەم پرسە و دەرئەنجامە کردارییەکانی دەڕوانن، بە تایبەتی لە پەیوەندی بە شەڕی سووریاوە کە ئێوە لەسەر ئەم پرسەش کارتان کردووە؟**

- لە ڕاستیدا نۆرم و پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن مایەی بیروبۆچوون و مشتومڕێکی زۆر بووە هەر لە سەرەتای هاتنەئارایەوە. ئەگەرچی زۆر کەس هاوڕان لەسەر بیرۆکەی پشت سەرهەڵدانی ئەم پرەنسیپە، بە تایبەتی لەو ڕووەوە کە پێیان وایە پێویستە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی خەڵکی لە تاوان و پێشێلکارییەکان بپارێزێت، ئەگەر هاتوو حکومەتی ئەم خەڵکانە نەیتوانی، یان نەیوست ئەم پارێزگارییە دەستەبەر بکات. بەڵام ناکۆکی و بۆچوونە جیاوازەکە لەوەدا بەرجەست دەبێت کە دەبێت کێ ئەم پارێزگارییە دەستەبەر بکات و بە چ ڕێوشوێن و میکانیزمێک؟ جێبەجێکردنی پرەنسیپی بەرپرسیارێتی پاراستن لەلایەن کۆمەڵگە نێودەوڵەتییەوە پێویستی بە گرتنەبەری ڕێکارەکان هەیە لەلایەن ئەنجومەنی ئاسایشی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، هەر ئەمەش مایەی کێشە بوو لە پەیوەندی بە سووریاوە. چونکە ئاشکرایە کە حکومەتی سووریا بەرپرسیارێتی سەرشانی خۆی جێبەجێ نەکردووە لە پەیوەندی بە پاراستنی سوورییەکان و تاوانی جەنگ و تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی لەم وڵاتەدا ئەنجام دراوە. هەروەها کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش نەیتوانی بەرپرسیارێتی خۆی جێبەجێ بکات لە پەیوەندی بە پاراستنی سوورییەکانەوە لەبەر ئەوەی ڕووسیا ڕێگری کرد لە دەرکردنی چەندین بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان لەدژی سووریا، لەگەڵ ئەوەشدا تا ئێستا ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان سەبارەت بە کردنەوەی ڕێڕەوە مرۆییەکان و دەستپێشخەرییەکانی ئاشتی و بەکارهێنانی چەکی کیمیایی لە سووریا نزیکەی ٣٠ بڕیاری دەرکردووە. بەڵام جێی داخەوە ئەم ڕێکارانە وەک پێویست نەبوون و نەبوونە هۆی ئەوەی وەک پێویست لە بارگرانی دۆخەکە کەم بکرێتەوە.

*** بوارێکی دیکەی کارکردنی ئێوە بریتییە لە ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە ڕووبەڕووکردنەوەی دەوڵەت بۆ گرتنەبەری بەرپرسیارێتی پێشێلکارییەکانی مافی مرۆڤ، ئایا تا چەند ئەزموونی ئەم ڕێکخراوانە لەم ڕووەوە کارا بووە و دەرئەنجامی خوازراویان لێ کەوتووەتەوە؟**

-ئێمە دەزانین کە لەم ساڵانەی دواییدا زۆرێک لە چالاکان و داکۆکیکارانی مافەکانی مرۆڤ ڕووبەڕووی سەرکوتکاری و سنووردارکردنی سەرسەختانە بوونەتەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا کۆڵیان نەداوە و لە ئەرکی خۆیان سارد نەبوونەتەوە. هەروەها دەتوانین بڵێین کە ئەم چالاک و داکۆکیکارانە کارا و سەرکەوتوو بوون لە چاودێریکردن و بە دۆکیۆمێنتکردنی پێشێلکارییەکانی مافەکانی مرۆڤ و دەستەبەرکردنی هاوکاری و پشتیوانی بۆ قوربانییەکان، هەروەها خستنەگەڕی هەڵمەتەکانی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری دەر هەق بەم پرسە، هەم لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و هەم لەسەر ئاستی ناوخۆیی. ئەوەی پەیوەندی بە تورکیاوە هەبێت، ئەوا ئاشکرایە کە لەو کاتە تورکیا هەوڵی جددی خستبووەگەڕ بۆ بەدەستهێنانی مافی ئەندامێتی لە یەکێتی ئەورووپادا، ئەوا ئەم چالاکانە سوودییان لە بارودۆخەکە وەرگرتووە و چەندین زانیاریی گرنگیان دەستەبەر کرد بۆ یەکێتی ئەورووپا و بۆ ئەنجومەنی ئەورووپی، کە ئەم ئەنجومەن و ئەم یەکێتییەش دەستیان دەکرد بە دروستکردنی گوشار لەسەر بەرپرسانی وڵاتی تورکیا بۆ ئەوەی ڕێز لە مافەکانی مرۆڤ بگرن. خاڵێکی دیکەی بەرچاو و دەستکەوتێکی دیکەی دیاری ئەم چالاک و داکۆکیکارانە بریتی بوو لەوەی ڕۆڵیان بینی لە دووبارە داڕشتنەوە، یان چاکسازیکردن لە یاساکان کە پەیوەستن بە مافەکانی ئافرەتان و پرسی ئەشکەنجەدان و بوارە پەیوەندیدارەکانی دیکە. ئەوە بوو لە ماوەی چەند دەیەی ڕابردوودا بە هەزاران کەیس بەرزکرانەوە بۆ دادگای ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤ و زۆرێک لە ئەم کەیسانەوە لە بەرژەوەندیی سکاڵاکاران کۆتاییان هات و یەکلا کرانەوە. بەڵام ئەوەی جێی داخەوە ئەوەیە کە زۆرێک لە بەرپرسان بڕیارەکانی دادگای ئەورووپی بۆ مافەکانی مرۆڤیان جێبەجێ نەکرد و لەم ڕووەوە فەرامۆشکردن و پشتگوێخستن ڕووی دا لە ئاست خواست و بانگەشەکانی پەیوەست بە ڕێزگرتن لە مافەکانی مرۆڤەوە. لە ڕاستیدا و لەبەر ئەم هۆکارە، من پێم وایە پاراستنی مافەکانی مرۆڤ پێویستی بە دامەزراندن و خستنەگەڕی میکانیزم و ڕێوشوێنی بەهێزی نێودەوڵەتی هەیە، سەرباری بەهێزکردنی ڕێکخراوە ناوخۆییەکانی بواری داکۆکیکردن لە مافەکانی مرۆڤ.

دیمانەی تایبەت



**ڕۆکسانا باتول**

**پڕۆفیسۆری سیاسەتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی کەمبریج بۆ گوڵان:**

# ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تووشی پشێویی زیاتر دەبێت ئەگەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی لەگەڵ ئێراندا ئەنجام نەدرێت

**ڕۆکسانا باتول وانەبێژی سیاسەتی نێودەوڵەتییە لە بەشی سیاسەت و دیراساتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی کەمبریج و بەڕێوەبەری ئەکادیمی پرۆگرامی دیراساتی ماجستێرە لە هەمان زانکۆ و تێیدا سیاسەتی نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا دەڵێتەوە، هەروەها سەرۆکایەتیی بەشی دیراساتی نێودەوڵەتی لە ئەنستیتۆتی خوێندنی بەردەوام لە هەمان زانکۆ دەکات. لە ساڵی ٢٠٠٢ تا ٢٠٠٥ سەرنووسەری گۆڤاری (Cambridge Review of International Affairs) بووە. گوڵان لە میانەی دیمانەیەکدا چەند پرسێکی لەگەڵدا تاوتوێ کرد کە پەیوەست بوون بە دۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و بوونی توندڕەوی و گرووپە تیرۆریستییەکان لەم ناوچەیە و چەند بابەتێکی دیکەی پەیوەندیدار.**

*** بە شێوەیەکی گشتی چۆن لە بارودۆخی ئێستای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڕوانیت، بەتایبەتی سەبارەت بە کێشەکانی پەیوەست بە بەرەوپێشچوونی پرۆسەی حوکمڕانی و بە دیموکراسیکردنەوە، کە ئاشکرایە تەنانەت دوای بەهاری عەرەبییش ئەم ناوچەیە پەرەسەندنی گەورە و بەرچاوی بە خۆیەوە نەبینی و ئەوەتا ئەزموونی تونسیش تووشی کێشە و گرفتی جددی بووەتەوە؟**

- لە ڕاستیدا ئەگەر بە شێوەیەکی گشتی لەم مەسەلەیە بڕوانین و تاوتوێی بکەین، ئەوا ئەوەی بەدی دەکرێت ئەوەیە کە بەهاری عەرەبی- هەروەك لە پرسیارەکەدا ئاماژەی پێ کراوە- نەبووە خاڵی وەرچەرخان بۆ هێنانەئاری ئاڵوگۆڕی دیموکراسی، ئەویش بۆ چەند هۆکار دەگەڕێتەوە، گرنگترینی ئەو هۆکارانەش ئەوەیە کە تێکڕای ناوچەکە (ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست) نەیتوانیوە پەیوەندییەکی کارا لە نێوان ئیسلام و لیبراڵ دیموکراسیدا بهێنێتە ئاراوە. لەوەش زیاتر، بارودۆخی ئابووریی تێکڕای وڵاتانی ناوچەکە، جگە لە وڵاتانی ناوچەی کەنداو، لە بارێکی نالەبار و خراپدایە، بە چەشنێك ناتوانین بڵێین هەلومەرجەکە لەبار و گونجاوە بۆ ئاڵوگۆڕ و گۆڕانکاریی دیموکراسی، لەبەر ئەوەی ئەم وڵاتانە نەیانتوانیوە وەك پێویستت پشت بەخۆیان ببەستن و دەستەوەستان بوون لە دەستەبەرکردنی هەلی کار، یان شکۆ و کەرامەت بۆ گەنجەکانیان، لەوەش زیاتر جیهانی ڕۆژئاوا بەتایبەتی دوای قەیران و تەنگژە ئابوورییەکەی ساڵی ٢٠٠٨، لە بار و پێگەیەکی باشدا نەبوو بۆ ئەوەی هاوکاری و پاڵپشتی گۆڕانکاریی دیموکراسی بکات لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، یان تەنانەت لە بارێکدا نەبوو کە دارایی پێویست دەستەبەر بکات بە چەشنی تونس بۆ هاوکاریکردن لە بواری بووژاندنەوەی ئابووریدا. هۆکاری کۆتایی، پەیوەستە بە سیستەمە هەواڵگرییەکانی ئەم وڵاتانەوە کە ٧-٥ دەیە پێش ئێستا دامەزرێنران و دروست کران لە نزیکەی تێکڕای وڵاتانی ئەم ناوچەیەدا، وەك سیستەمی دەوڵەتی سێبەری هێزە کۆلۆنیاڵییەکان کاریان کرد و لە ئێستاشدا بە چەشنێکی کارا بەرفراوان بوون و بە هۆی بەکارهێنانی تەکنەلۆژیاوە زۆر بەتوانا بوون لە جڵەوکردن و کۆنترۆڵکردنی گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی، وەك ئەوەی حکومەتی نوێی تونس بۆی ئاشکرا بوو، دوای ئەوەی بن عەلی وڵاتەکەی جێهێشت و هەڵات، دەرکەوت کە هەڵوەشاندنەوەی ئەم دامەزراوەیە زۆر سەخت و دژوارە. کەواتە تاوەکو ئەو هۆکارانە بە چەشنێکی بنەڕەتی گۆڕانکارییان بەسەردا نەیەت، ئەوا ئەگەر و چاوەڕوانیی پەیوەست بە گەشەکردن و هاتنەئارای دیموکراسی لەم ناوچەیەدا بە لاوازی دەمێنێتەوە.

*** ئێوە توێژینەوەتان کردووە لە بارەی کارلێك و پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن، ئاسایش و بیروباوەڕەکاندا، کە هەروەك ئاشکرایە لەم ناوچەیەدا چەندین گرووپ و لایەنی تیرۆریستی و توندڕەو هەن کە کاولکاری و کوشتارێکی زۆریان بەرپا کردووە و، ئێستاش وەك مەترسییەکی گەورە ماون و لەناو نەچوون، بە تێڕوانینی ئێوە ئایا هۆکارە ڕیشەیی و بنەڕەتییەکانی سەرهەڵدان و هاتنەئارای ئەم گرووپانە بۆچی دەگەڕێتەوە و چۆن دەکرێت کار بۆ بەرەنگاربوونەوە و بەگژداچوونەوەیان بکرێت؟**

- بە تێڕوانینی من باشترین ڕێگای بەرەنگاربوونەوە و بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم بریتییە لە بەهێزکردن و برەودان بە کۆمەڵگەی مەدەنی، هاوشان بە دامەزراندنی سیستەمێکی بەهێزی دادوەری و گەلاڵەکردنی ڕێسای بەهێز کە بەسەر تێکڕای هاووڵاتییانی وڵاتەکەدا پیادە و جێبەجێ بکرێن. لەلایەکی دیکەوە من پێم وایە تاوەکو ئاڵوگۆڕە نێوخۆییەکانی ئەم وڵاتانە بە ناهاوسەنگی بمێننەوە، بە چەشنێك کە هاوکێشەکە لە قازانج و بەرژەوەندیی ئەو کەسانەدا بێت کە لە

**باشترین ڕێگای بەرەنگاربوونەوە و بەگژداچوونەوەی تیرۆریزم بریتیە لە بەهێزکردن و برەودان بە کۆمەڵگەی مەدەنی، هاوشان بە دامەزراندنی سیستمێکی بەهێزی دادوەری و گەلاڵەکردنی ڕێسای بەهێز کە بەسەر تێکڕای هاووڵاتییانی وڵاتەکەدا پیادە و جێبەجێ بکرێن**

دەسەڵاتدان و جڵەوی حوکمڕانییان بەدەستەوەیە و باقی هاووڵاتییانی دیکە لە بار و پێگەیەکی لاواز و بێبەشی و پەراوێزخستندا بن، هەروەها هەتا پەنا ببرێتە بەر گەندەڵی و بەکارهێنانی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری تایبەتی، ئەوا ناکرێت و ناتوانرێت چاوەڕوانی هیچ بەرەوپێشچوونێك بکەین. لەم ڕوانگەیەوە زەمینەی تەشەنەکردن و بەهێزبوونی تیرۆریزم لە ئارادا دەمێنێت. ئەوەی جێی سەرنجە ئەوەیە کە لە ئێستادا ڕوودانی هەمان پەرەسەندن لە نێو ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا بەدی دەکرێت، ئەوەتا نایەکسانیی ئابووری و ئیمتیازەکان بوونەتە هۆکار و سەرچاوەی ناکۆکی و دووبەرەکییەکی گەورەی سیاسی و تەنانەت سەرهەڵدانی تیرۆریزمی ناوخۆیی. ئەگەر وەڵامەکە پوخت بکەمەوە، ئەوا پێم وایە کۆمەڵگەیەك کە سەروەریی یاسا تێیدا باڵادەست بێت و دەسەڵاتی مەدەنی بە دامەزراوەیی کرابێت، باشترین بەربەست و پاراستنن لە بەرامبەر تیرۆریزمدا.

*** ئاشکرایە یەکێك لە کێشە بنەڕەتی و گەورەکانی دیکەی ئەم ناوچەیە بریتیە لە کێشە و ناکۆکیی نێوان ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا و ئێران و بە دیاریکراوی پرسی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکەی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانە، ئایا پێت وایە هیچ ئەگەر و ئومێدێك هەیە بۆ ئەوەی ئەم گفتوگۆیانە بگەنە ڕێککەوتن و بتوانرێت ئەم کێشەیە یەکلا بکرێتەوە؟**

- من پێم وایە ئەگەرێکی لاواز لە ئارادایە لە پەیوەندی بە گەیشتن بە ڕێککەوتنی پەیوەست بە پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا، ئەویش لەبەر چەند هۆکارێك، یان لەبەر ئەوەی بیروبۆچونی جیاواز و ناکۆکی هەیە لە بارەی چەند پرسێکی سەرەکییەوە. ئەو زەمانەتەی ئێران دەیەوێت بەدەستی بهێنێت لەبارەی ئەوەی جارێکی دیکە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێککەوتنەکە نەکشێتەوە، ئەمریکا ناتوانییێت ئەم بەڵێن و پابەندبوونە دەستەبەر بکات بە هۆی سرووشتی سیاسەت لە نێو ئەو وڵاتەدا (ئەمریکا) و زەمانەتی ئەوەی دەبێت چاودێریی سزاکان بکرێن بە چەشنی چاودێریکردنی پرۆگرامە ئەتۆمییەکە، بە چەشنێك کە چیتر بانکەکان خواستی دەستەبەرکردنی دارایی ڕەت نەکەنەوە، هەروەها ئاژانسی نێودەوڵەتیی وزەی ئەتۆمی بتوانێت لێکۆڵینەوە لەو بوارە نوێیانەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکە بکەن کە جێی نیگەرانی و بایەخپێدان بوون و دەستنیشان کراون لە دوای گەیشتن بە ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لە ساڵی ٢٠١٥دا. کەواتە پێ ناچێت گفتوگۆکان دەست پێ بکەنەوە، تاوەکو دوای ئەنجامدانی هەڵبژاردنە نیوەییەکانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە مانگی تشرینی دووەمی ئەم ساڵدا. لە هەمان کاتدا، ئەمە سەرباری ئەو بەرهەڵستییە ناوخۆیی و پەرەسەندنە سیاسییانەی لە ئێراندا هاتوونەتە ئاراوە، لە نێویاندا خۆپیشاندانەکانی پەیوەست بە مردنی مەهسا ئەمینی کە کەسێکی کورد بوو، بە هۆی ئەوەی بانگەشەی ئەوە کرا کە وەك پێویست حیجابی نەپۆشیبوو. کەواتە لە ئێستادا ئێران لە نێو ناکۆکی و دابەشبوونێکی ناوخۆییدایە، لەگەڵ ئەوەشدا فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئاست بەرز هەناردەی ڕووسیا دەکات بۆ ئەوەی لە شەڕەکەی دژ بە ئۆکرانیا بە کاری بهێنن. کەواتە پەرەسەندنە ناوخۆییەکان و بارە نێودەوڵەتی و دەرەکییەکە، چەند هۆکارێکن کە کاریگەرییان هەیە لەسەر حکومەتەکەی ڕەئیسی لە پەیوەندی بە گەیشتن بە ڕێککەوتن لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا، بە چەشنێك حکومەتەکەی ڕەئیسی پێی وایە گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی لەم چەشنە کەمتر کاریگەریی ئەرێنی لێ دەکەوێتەوە لەسەر باری بازرگانی و پشتیوانیی نێودەوڵەتی بۆ ئێران، بە بەراورد بە پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا و چیندا. لەلایەکی دیکەوە، ئیدارەی ئەمریکا هەستیاریی بەرهەڵستی سەرسەختی کۆمارییەکان لە دژی ڕێککەوتنە ئەتۆمییەکە لەگەڵ ئێراندا لەبەرچاو دەگرێت، بەو پێیە پێی وایە ئێران زیاتر و زیاتر وەك هاوبەشێك دەردەکەوێت کە نەتوانرێت کاری لەگەڵدا بکرێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنەکە و لە دەرئەنجامدا هەڵوێستێکی سەختگیرانەی گرتووەتەبەر. کەواتە بە لەبەرچاوگرتنی هەڵوێستی هەردوولا (ئەمریکا و ئێران) ئەوە دەخەنەڕوو کە ئەگەرێکی کەم لە ئارادایە بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی سەرکەوتوو، بەلای کەمەوە لە ئایندەیەکی نزیکدا. کەواتە ئەگەر هەوڵ و گفتوگۆکانی گەیشتن بە ڕێککەوتن شکست بهێنن، ئەوا ئەگەری ئەوە دێتەئاراوە کە ئەو گرژییەی ئێستا لە ناوچەی کەنداودا هەیە بەرەو هەڵکشان بچێت، ئەویش بە هۆی بوونی هاوپەیمانێتی نێوان وڵاتانی کەنداو و ئیسرائیل و پشتیوانیی هەڵکشاوی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ ئەم وڵاتانە. کەواتە ئەگەری ئەوە زیاترە کە ئێران پتر لە چین و ڕووسیا نزیك ببێتەوە و پەیوەندی بازرگانی ببەستێت لەگەڵ دەوڵەتانی ڕۆژهەڵاتی وڵاتەکەیدا. لەبەر ئەوە ناوچەکە بەرەو شڵەژان و پشێوی زیاتر دەڕوات، ئەگەر ئەم ڕێککەوتنە ئەنجام نەدرێت، ئەمەش لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی زیاتری نرخی وزە و ڕەنگە لە کۆتاییدا سەربکێشێت بۆ هەڵگیرسانی شەڕ.

**هەتا پەنا ببرێتە بەر گەندەڵی و بەکارهێنانی بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری تایبەتی، ئەوا ناکرێت و ناتوانرێت چاوەڕوانی هیچ بەرەوپێشچوونێک بکەین**

**نایەکسانیی ئابووری و ئیمتیازەکان بوونەتە هۆکار و سەرچاوەی ناکۆکی و دووبەرەکییەکی گەورەی سیاسی و تەنانەت سەرهەڵدانی تیرۆریزمی ناوخۆیی**

**لە ئێستادا ئێران لە نێو ناکۆکی و دابەشبوونێکی ناوخۆییدایە، لەگەڵ ئەوەشدا فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی ئاست بەرز هەناردەی ڕووسیا دەکات بۆ ئەوەی لە شەڕەکەی دژ بە ئۆکرانیا بە کاری بهێنن**



لارا یوسف زارا
بەڕێوەبەری ناحیەی ئەلقووش بۆ گوڵان:

# پاڵپشتیی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ ئەلقووش نامەیەکی گرنگە بۆ پێکەوەژیانی ئایینی و خزمەتکردنی مەسیحییەکان

**ئەلقووش وەکو ناحیەیەك کە زۆرترین پێکهاتەی مەسیحی تێدا دەژی، تاکە ناوچەیە لە دەشتی نەینەوا و ئەو پارێزگایە، کە تێیدا پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکان کۆچیان نەکردووە و پارێزگارییان لە کەلتوور و ڕەسەنایەتی ناوچەکەیان کردووە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە هێزی پێشمەرگە دوای ڕووداوەکانی ١٦ ئۆکتۆبەر پارێزگارییان لەم ناحیە و دانیشتووانە ڕەسەنەی لە مەسیحی و موسڵمان و ئێزدی کردووە، حکومەتی هەرێمی کوردستانیش زۆر لە خزمەتگوزارییەکانیان بۆ دابین کردوون، بەڵام هێشتا ناوچەکەیان بەو پێیەی ساڵانێکی زۆرە لەلایەن حکومەتی خۆجێی نەینەواوە پەراوێز خراوە، پێویستی بە ئاوڕلێدانەوە هەیە، لەم دیمانەیەدا لارا یوسف زارا بەڕێوەبەری ناحیەی ئەلقووش وەڵامی پرسیارەکانی گۆڤاری گوڵان دەداتەوە.**

*** مەسیحییەکانی ئەلقووش جیاواز لە مەسیحییەکانی دیکەی دەشتی نەینەوا و ناوەڕاست و خوارووی عێراق، توانیوایانە بمێننەوە و کۆچ نەکەن، وەکو بەڕێوەبەری ناحیە دەکرێت باسێکی ئەلقووشمان بۆ بکەیت لە ڕووی ئیداری و پڕۆژە خزمەتگوزارییەکانەوە؟**

- ئەلقووش ناحیەیەکی مەسیحی نشینە و سەر بە پارێزگای نەینەوایە، دەکەوێتە سەر شاخێك لە دووریی ٥٠ کیلۆمەتر لە باشووری مووسڵەوە، بەڵام لە ئێستادا لەلایەن پێشمەرگەوە دەپارێزرێت، ناوچەیەکی کوردستانییە و لە ناو سنووری ئیدارەی حکومەتی هەرێمی کوردستاندایە، بوونی هێزی پێشمەرگە و پاراستنی ئارامی و ئاسایش لە ئەلقووش وای کردووە ژمارەی ئەو مەسیحییانەی لە ئەلقووش کۆچیان کردووە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی مووسڵ و ناوەڕاست و خوارووی عێراق زۆر زۆر کەمە، بۆ پارێزگاریکردنیش لەم پێکهاتەیە، ئەلقووش پێویستی بە ئاوڕلێدانەوەی زیاتر هەیە. ئەلقووش ژمارەی دانیشتووانەکەی ٦٠ هەزار کەسە و ٤٢ گوند لەخۆ دەگرێت، گەورەترین گوندەکان وەکو گوندی سوورە کە نزیکەی ١٠ هەزار کەس لەخۆ دەگرێت، ئەلقووش مێژوویەکی زۆر کۆنی هەیە و چەندین کەنیسە و دێر و پەرستگای پێغەمبەر ناحوومی تێدایە و لە ڕووی شوێنەواریشەوە جێگەی بایەخە.

*** کەواتە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕووی ئەمنییەت و پاراستنی ناوچەکەوە ئەو ئەرکەی لەسەر شانە، جگە لەمە لە ڕووی هاوکاری و پڕۆژەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مەسیحییەکانی ئەلقووش چی کراوە؟**

- ئیدارەی پارێزگای نەینەوا وەکو پێویست هاوکاری و کاری ئاوەدانکردنەوەی لەم ناوچەیە نەکردووە، لە شەڕی داعشدا ئەگەر بەڕێز مسعود بارزانی سەرۆکی ئەوکاتی هەرێمی کوردستان دەستی هاوکاری و یارمەتیی بۆ سەدان خێزانی ئاوارەی مەسیحی درێژ نەکردایە و ئەو هەموو ئاسانکاری و یارمەتییەی پێشکەش نەکردباین، ئێستا ئەلقووشیش وەکو زۆر ناوچەی دیکەی مەسیحی و ئێزدینشین چۆڵ کرابوو، گەلی کوردستان لەو نەهامەتییە بە فریای مەسیحییەکان کەوتن، وەکو هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستان مامەڵەیان لەگەڵ کردین، لە ڕووی کارەبا و هەندێك خزمەتگوزاریی دیکەوە هاوکاری دەکرێین، ماوەیەك لەمەوبەر نزیکەی یەك ملیار و ٧٠٠ ملیۆن دینار لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تەرخان کرا بۆ ڕێگەوبانەکانی ناحیەی ئەلقووش، بەڵام ئەم بڕە پارەیە بەش ناکات، ناوچەکە زۆر دەمێکە فەرامۆش کراوە، من دەزانم بودجەی هەرێمی کوردستان بەشی ئەو هەموو پارێزگا و ئیدارە سەربەخۆ و قەزاو ناحیانە ناکات، بەڵام ناحیەکەمان لە گەورەبووندایە و ژمارەیەکی زۆری گوند لەخۆ دەگرێت، دانیشتووانەکەی چاوەڕێی ئاوڕلێدانەوەی زیاتری سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستانن.

*** لە ڕووی پێکەوەژیانەوە ئەلقووش جگە لە مەسیحی، موسڵمان و ئێزدیشی تێدایە، واتە وەکو ناوچەیەکی پێکەوە ژیان سەیر دەکرێت، ئایا تاچەند ئەم پێکەوە ژیانە لە ناو خێزانە مەسیحییەکانیشدا ڕەنگی داوەتەوە؟**

**بوونی هێزی پێشمەرگە و پاراستنی ئارامی و ئاسایش لە ئەلقووش وای کردووە ژمارەی ئەو مەسیحییانەی لە ئەلقووش کۆچیان کردووە بەراورد بە ناوچەکانی دیکەی مووسڵ و ناوەڕاست و خوارووی عێراق زۆر زۆر کەمە**

**ماوەیەک لەمەوبەر نزیکەی یەک ملیار و ٧٠٠ ملیۆن دینار لە لایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە تەرخان کرا بۆ ڕێگەوبانەکانی ناحیەی ئەلقووش، بەڵام ئەم بڕە پارەیە بەش ناکات**

**تاکە مۆڵگەی ئارام بۆ ئێمەی مەسیحی هەرێمی کوردستان بووە، هەر لەبەر ئەمەیە زۆرجار ڕێکخراوەکان و بەرپرسانی فاتیکان و نوێنەرانی کونسوڵخانەکان پێمان دەڵێن چیتان بۆ بکەین، لە وەڵامدا پێیان دەڵێین هەرچی بۆ هەرێمی کوردستان بکەن، وەکو ئەوە وایە بۆ ئێمەتان کردبێت**

**ئاوارە مەسیحییەکانیش کە لە ناوچەکانی دیکەی مووسڵ و عێراق بۆ کوردستان کۆچیان کردووە، هەست بەوە ناکەن لێرە غەریبن**

**ئاسایی نەبوونەوەی دۆخی شنگال و دەشتی نەینەوا بە گشتی و جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور زیانی گەورەی بە پێکهاتەکانی مەسیحی و ئێزدی و ئایین و ئایینزاکانی دیکە گەیاندووە**

**سەرۆک و مەرجەعی کوردستان مسعود بارزانی ڕێز و تەقدیری زۆری بۆ ئایین و ئایینزاکان هەیە، لە شەڕی داعش و لە هەموو وێستگەکاندا زۆر جەخت لەسەر پارێزگاری لە پێکهاتەکان دەکاتەوە**

- هەمووان دەزانن مەسیحی ئاشتیخوازە و خوازیاری پێکەوە ژیانە لەگەڵ نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی دیکەدا، ئێمە بە درێژایی مێژوو وەکو هاووڵاتی ڕەسەنی عێراق زوڵم و دەربەدەری زۆرمان بینیوە، بە پێچەوانەوە تاکە مۆڵگەی ئارام بۆ ئێمەی مەسیحی هەرێمی کوردستان بووە، هەر لەبەر ئەمەیە زۆرجار ڕێکخراوەکان و بەرپرسانی فاتیکان و نوێنەرانی کونسوڵخانەکان پێمان دەڵێن چیتان بۆ بکەین، لە وەڵامدا پێیان دەڵێین هەرچی بۆ هەرێمی کوردستان بکەن، وەکو ئەوە وایە بۆ ئێمەتان کردبێت، چونکە کوردەکان وەکو خوشک و برای خۆیان سەیرمان دەکەن و تەنانەت ئاوارە مەسیحییەکانیش کە لە ناوچەکانی دیکەی مووسڵ و عێراق بۆ کوردستان کۆچیان کردووە، هەست بەوە ناکەن لێرە غەریبن، بەڵکو وەکو هاووڵاتی کوردستانی مامەڵەیان لەگەڵ دەکرێت، هەروەها پێیان دەڵێین کوردستان هەرێمی پێکەوە ژیان و ئارامی و سەقامگیرییە، تاکە ناوچەیە کە دەبێت بیپارێزن، ئەگەر ئەتانەوێت ڕێگە لە کۆچ بگرن، لە پاراستنی ئەم پێگە ئارامەوە دەست پێ بکەن، ئێمە خۆمان بە هاووڵاتی ڕەسەنی کوردستانی دەزانین.

*** ئەلقووش بەوە ناسراوە خاوەنی کۆنترین کەنیسە و دێرە، ئایا هەوڵتان داوە ناوچە پیرۆزەکان نۆژەن بکەنەوە، بە تایبەتی کە کەنیسەکەی ئەلقووش تەمەن و مێژوویەکی کۆنی هەیە و بە مۆرکێکی گەشتیاریی شوێنەواریش ناسراوە؟**

- ئەلقووش زیاتر لە پێنج کەنیسە و دێری تێدایە و بە کەنیسە مێژووییەکەی و شوێنەوارەکانی بەناوبانگە.. دێر ڕەبان هورمزدی و پەرستگای پێغەمبەر (ناحوم) ماوەیەک لەمەوبەر لەلایەن سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بەڕێز مەسرور بارزانی نۆژەن کرایەوە، پیرۆزییەکی زۆری هەیە و مەسیحییەکان و ئایین و ئایینزاکانی دیکەش سەردانی دەکەن، ئەم کەنیسەیە کە مێژووەکەی بۆ ١٥٠٠ تا ٢٠٠٠ ساڵ زیاتر دەگەڕێتەوە، پیرۆزییەکی زۆری لای مەسیحییەکان هەیە، داواکاریم لە حکومەتی هەرێمی کوردستان ئەوەیە گرنگییەکی زیاتر بەم شوێنە مێژووییانە بدرێت و هەڵمەتێکی نۆژەنکردنەوە و پاراستنی بۆ ئەنجام بدرێت، هاوکاری و پاڵپشتی و پارێزگاریکردنی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەتایبەتی خودی بەڕێزان نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی هەرێمی کوردستان و مسرور بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ مەسیحییەکان جێگای شانازی و ڕێز و تەقدیری زۆری ئێمەی مەسیحی و فاتیکان و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، ئەو هاوکاری و بودجە و ئاوڕدانەوەی بەڕێز مسرور بارزانی بۆ ئەلقووش نامەیەکی گرنگە بۆ پاراستنی پێکەوەژیان و ئاوبانگی هەرێمی کوردستان، نەک تەنیا بۆ ئێمەی مەسیحیی کوردستان و عێراق، بەڵکو بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییش.

*** داواکاریتان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان چییە بۆ ئەوەی ناحیەکەتان ئاوەدان ببێتەوە و چیتر ئەوەندە خێزانە مەسیحییەکان عێراق و کوردستان جێ نەهێڵن؟**

- عێراق لە ڕێگەی کۆمەڵێك ئەجیندەی تائیفی و دەرەکییەوە بەڕێوە دەبرێت، ئاسایی نەبوونەوەی دۆخی شنگال و دەشتی نەینەوا بە گشتی و جێبەجێ نەکردنی ماددەی ١٤٠ی دەستوور زیانی گەورەی بە پێکهاتەکانی مەسیحی و ئێزدی و ئایین و ئایینزاکانی دیکە گەیاندووە، حکومەتی خۆجێیی پارێزگای مووسڵ وەکو پێویست پرۆژە و کار لەم ناوچەیەدا ئەنجام نادات، گرفتی ڕێگەوبان و بینایەی قوتابخانە و ئاو و شارەوانی هەیە، بە خۆشحاڵییەوە وەزارەتی کارەبا کارەبای ناحیەکە و گوندەکانی بۆ دابین کردووین، داواکاریشم لە وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە و نیشتەجێبوون و شارەوانی و گەشتوگوزاریش ئەوەیە کە گرنگی بەم ناحیەیە بدەن، ماوەیەك لەمەوبەر یەك ملیار و ٧٠٠ ملیۆن دینارمان بۆ تەرخان کرا و بەشێکی زۆری گرفتی ڕێگەوبانی گوندەکانمان پێ چارەسەر کرد، بەڵام گرفتی ڕێگەی سەرەکیی نێودەوڵەتیمان هەر ماوە و بەردەوام کارەساتی دڵتەزێنی ئۆتۆمبێلی تێدا ڕوو دەدات.

*** ڕێگەی نێودەوڵەتی مەبەستت ڕێگەی سەرەکیی نێوان عێراق و تورکیا و سووریایە کە بە سنووری ناحیەکەتاندا تێپەڕ دەبێت؟**

- ڕێگەی سەرەکیی عێراق – تورکیا – سووریا ڕێگەیەکی نێودەوڵەتییە و ڕۆژانە بە

سەدان تەنکەر و لۆریی بارهەڵگری گەورەی پێدا تێپەڕ دەبێت، جگە لەوەی لە چەند شوێنێکدا پێویستی بە نۆژەنکردنەوە هەیە، تەنیشتی ڕێگەکەش کەموکورتیی زۆری تێدایە، بەداخەوە بەردەوام ڕووداوی دڵتەزێنی ئۆتۆمبێلی تێدا ڕوو دەدات، وەکو ئەو ڕووداوەی پێش ماویەکی کەم لەمەوبەر لە یەك خێزان هەشت کەسی تێدا بوونە قوربانی و، ساڵێکیش لەمەوبەر لە یەك خێزانی دیکە لە کوردانی ئێزدی پێنج کەسیان گیانیان لەدەست دا، ئەمە وێڕای ئەوەی لە نێوان ئەو دوو ڕووداوە گەورەیەی هاتوچۆدا ڕۆژانە ڕووداوی دیکەی هاتوچۆ هەیە و مردن و برینداری زۆری لێ دەکەوێتەوە، چاککردنی ئەم ڕێگە نێودەوڵەتییەی کە هەرسێ وڵاتی عێراق و تورکیان و سووریا پێکەوە دەبەستێتەوە لە توانای بودجەی ناحیەدا نییە، لە ماوەی دەستبەکاربوونم دەرگا نییە لێم نەدابێت، بەڵام تا ئێستا هیچ وەڵامێکم دەست نەکەوتووە، دەبێت ئەم پرۆژە ستراتیژییەی ڕێگەی نێودەوڵەتی بەدرییە - باعدرێ لەسەر ئاستی بودجەی وەزارەت پارەی بۆ تەرخان بکرێت.

*** لە ڕووی ئەمنی و سەقامگیرییەوە ناوچەکەتان تا چ ڕاددەیەك پارێزراوە و داواکاریتان لەم ڕووەوە چییە؟**

- سەرۆك و مەرجەعی کوردستان مسعود بارزانی ڕێز و تەقدیری زۆری بۆ ئایین و ئایینزاکان هەیە، لە شەڕی داعش و لە هەموو وێستگەکاندا زۆر جەخت لەسەر پارێزگاری لە پێکهاتەکان دەکاتەوە، پێشمەرگەی کوردستان ڕۆڵی زۆر باشیان بینوە لە پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە، هەرچەندە ئەمە ئەرکی سەرەکیی حکومەتی عێراق و حکومەتی خۆجێی پارێزگای نەینەوایە، من لە چەندین بۆنە و چاوپێکەوتندا باسی فەرامۆشکردنی ناوچەکەمان بۆ بەڕێزان سەرۆك بارزانی و سەرۆکی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان کردووە، خۆ ئەگەر هێزی پێشمەرگە و هاوکاری و یارمەتییەکانی هەرێم نەبووایە، ئەوا ئەلقووش وەکو تەواوی ناوچەکانی دیکەی شنگال و دەشتی نەینەوا لە تەلکیف و بەرتلە و بەعشیقە کۆچیان دەکرد، زۆر لە خێزانە مەسیحییەکان ناگەڕێنەوە ئەو ناوچانەی لە دەرەوەی سنووری هەرێمن، ئاسایش و ئارامی و پاراستنی گیان و کەنیسە و مەزاری مەسیحییەکان بۆ ئێمە گرنگە، دەکرێت بە گرنگیدان بەم ناوچانە وا لە زۆر خێزانی مەسیحی کۆچکردوو بکرێت کە بە هۆی هەڕەشە و تیرۆر و نەبوونی خزمەتگوزارییەوە هەڵاتوون، ڕوو لەم ناوچەیە بکەن و تێیدا نیشتەجێ بن، ئێمەی مەسیحی باش ئەو ڕاستییە دەزانین کە کەلتووری توندوتیژی و فکری توندڕەوی هەر ماوە و کاتێکی زۆری دەوێت و وا ئاسان نییە لەم پشێوییەی بەغدا، بەم نزیکانە ڕوو لە چارەسەرکردن بکات، ژینگەی توندڕەوی و تائیفی و نەبوونی یاسا و ئارامی، هەمووی

**پێشمەرگەی کوردستان ڕۆڵی زۆر باشیان بینوە لە پاراستنی سەقامگیری و ئاسایشی ناوچەکە، هەرچەندە ئەمە ئەرکی سەرەکیی حکومەتی عێراق و حکومەتی خۆجێی پارێزگای نەینەوایە**



ڕێگرن لەوەی جارێکی دیکە مەسیحییەکان بتوانن بگەڕێنەوە. مادام کوردستان خاوەنی پێشمەرگە و سەرۆك مسعود بارزانییە، کەنیسە دڵنیایە لە بارودۆخی مەسیحییەکانی کوردستان، من پێشتریش لە چەند چاوپێکەوتنێکدا باسی ئەوەم کردبوو کە زۆربەی کەنیسە و تائیفەکانی مەسیحی لە مووسڵ و عێراق و ناوچەکە ڕوو لە هەرێمی کوردستان دەکەن و، کەنیسە و بارەگا سەرەکییەکانیان لە هەرێمی کوردستان بەتایبەتی لە هەولێر دادەمەزرێنن، لە کاتێکدا ئەوان پێشتر لە بەغدا و وڵاتانی دیکەی ناوچەکە بوون، ئەوەتا لە هەولێر کۆلێژی فەلسەفە و لاهوتی ئایینی مەسیحی کراوەتەوە و چەندین ڕەبان و قەشە بڕوانامەیان بەدەست هێناوە.

**ئەگەر هێزی پێشمەرگە و هاوکاری و یارمەتییەکانی هەرێم نەبووایە، ئەوا ئەلقووش وەکو تەواوی ناوچەکانی دیکەی شنگال و دەشتی نەینەوا لە تەلکیف و بەرتلە و بەعشیقە کۆچیان دەکرد**



**نەجات حەسەن** ئەندامی سەرکردایەتی و جێگری سەرۆکی لێژنەی ئامادەکاریی کۆنگرەی(١٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان بۆ گوڵان:

# پارتی بە سەرکەوتوویی کۆنگرە ئەنجام دەدات و بە هزرێکی هاوچەرخەوە درێژە بە خزمەتکردنی گەلی کوردستان دەدات

**پارتی دیموکراتی کوردستان وەك حزبێکی پێشڕەو لە تێکۆشان و خەباتی نەتەوایەتی، خاوەنی چەندین سەروەری و سەرکەوتنە و حزبێکە هەمیشە توانیویەتی لەگەڵ هەلومەرجی هاوچەرخدا تێڕوانینی واقیعبینانە دابڕێژێت و هەنگاوی گونجاو هەڵبگرێت، ئەنجامدانی کۆنگرەش یەکێك بووە لەو وێستگانەی کە هەمیشە پارتی تێیدا باشتر و بەهێزتر خۆی ئامادە کردووە بۆ ئەرکەکانی سەردەم و ڕۆژگار، ئێستاش لە سەروبەندی گرێدانی کۆنگرەی ١٤دایە، ئەمەش بووە تەوەری دیدارێکی گوڵان لەگەڵ نەجات حەسەن ئەندامی سەرکردایەتی و جێگری سەرۆکی لێژنەی ئامادەکاری کۆنگرەی (١٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان.**

*** پارتی دیموکراتی کوردستان زۆرترین کۆنگرەی لە تەمەنی خەباتی خۆیدا بەستووە، ئایا دەکرێت باسی مێژوو و گرنگیی کۆنگرەکان بەتایبەت ئەوانەی لە سەردەمی بارزانیی نەمر ئەنجام دراون، بکەن؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان لە سەردەمێکدا هاتە کۆڕی خەبات کە ڕێگاکەی پڕ لەمپەر و ئاستەنگ بوو، بەڵام لەبەر ئەوەی ئامانجی خەباتی نەتەوەیی و شۆڕشی ڕزگاریخوازی گەلی ستەمدیدەی کورد و کوردستان بوو، ئەوە بوو توانی ڕێگای بەردەم ڕۆڵەکانی گەلەکەمان خۆش و تەخت بکات. هێشتا بۆنی باروت و کێشمەکێشەکانی دابەشکردنی ناوچەکە و بەرژەوەندییەکان لە نیوان وڵاتانی سەرکەوتوو لە جەنگی دووەمی جیهانی بەردەوام بوو، بەڵام لەو کاتەدا وەك زەرورەتێکی مێژوویی لە (١٦ی ئابی ١٩٤٦) پارتی دیموکراتی کوردستان بە سەرۆکایەتیی مەلا مستەفا بارزانی ڕابەر و سەرکردەی لێهاتووی بێ وێنەی گەلەکەمان دامەزرا، ئەمەش گۆڕانکارییەکی گەورە بوو لە پێشکەوتنی بزاڤی سیاسی و شۆڕشگێری لە کوردستان. لە لایەکی دیکەوە بانگەشەی ئەوە بە گوێی جیهان ڕاگەیندرا کە گەلی کوردستان بووەتە خاوەن پیشڕەوێکی سیاسیی شۆڕشگێڕ کە ئەو دابەشکارییەی بۆ خاکی کوردستان نەخشە و پلانی بۆ کێشراوە لە نێوان وڵاتە زلهیزەکان و خاوەن بەرژەوەندییەکانەوە ڕەت دەکاتەوە و داوای مافی ڕەوای گەلی کوردستان دەکات لە ئازادی و دیموکراتی و دادپەروەری، ئەم ویستگەیەش لەو کاتەدا کاریگەریی زۆری هەبوو لەسەر ئاستی عێراقی تازە دروستبوو و تێکڕای ناوچەکەش. لە پاشان لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی و لە کاتی پاڵەپەستووی زۆری ستەمکاران، پارتی دیموکراتی کوردستان یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست و پارتی بووە خاوەن دیسپلین و پروگرام وپەیڕەوی ناوخۆی سەردەمییانە. هەر لە سەرەتای دامەزراندنی پارتییەوە جەماوەری کوردستان پاڵپشتیی تەواوی خۆی بۆ سەرۆکایەتیی بارزانیی نەمر دەربڕی. بێگومان پارتی و بارزانی لە قۆناغە یەك لە دوای یەکەکانی حوکمڕانی لە عێراق کەوتنە بەر هەڕەشە و ڕاوەدوونانی تێکۆشەرانی و پەلاماردانی ڕۆژنامەنووس و سیاسییەکانی، بەڵام پارتی بە هۆی ئەو باوەڕە بەهێز و نەتەوەیی و شۆڕشگێڕییەی کە هەیبوو، ڕۆژ بە ڕۆژ پتر ڕووبەڕووی ستەمکاران دەبووەوە، ئەویش پشتئەستور بە پاڵپشتیی جەماوەری کوردستان و لێهاتوویی ئەندامان و کادرەکانی. هەروەها لە قۆناغی دوای ١٩٧٥ پارتی دیموکراتی کوردستان یەکەم کونفرانسی بەخۆداچوونەوەی خۆی لە بەرلین ئەنجام دا، پاشان هەر دوو کۆنگرەی ٩ و ١٠ کە لە بارودۆخێکی زۆر ئاڵوزی خەباتی سیاسی و شۆرشگێڕی بە سەرکەوتوویی ئەنجام دا لە نیوان ساڵەکانی ١٩٧٩ و ١٩٨٩ کە بەمەش پارتی بە گوڕوتینێکی بەرزتر و ئیرادەیەکی بەهێزەوە پێشڕەوایەتیی گەلی کوردستانی کرد بۆ قۆناغی ڕاپەڕینی ١٩٩١ و دامەزراندنی دامەزراوەکانی حوکمڕانی لە کوردستان.

**لە سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی و لە کاتی پاڵەپەستووی زۆری ستەمکاران، پارتی دیموکراتی کوردستان یەکەم کۆنگرەی خۆی بەست و پارتی بووە خاوەن دیسپلین و پروگرام وپەیڕەوی ناوخۆی سەردەمییانە**

*** لە ئێستادا بە ڕابەرایەتیی مەرجەعی کورد و کوردستان جەنابی سەرۆك بارزانی کۆنگرەی ١٤ بەڕێوە دەچێت، ئایا گرنگیی ئەم کۆنگرەیە لە چیدایە؟**

**جەنابی سەرۆک بارزانی لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان چاوی بە دونیا هەڵهێناوە و لە تەمەنێکی زۆر کەم و لە لاویەتیدا بووەتە پێشمەرگەی کوردستان و لە هەموو تەمەن و مێژووی خۆیدا تا ئێستاش جەنابیان شانازی بە پێشمەرگەبوونی خۆی دەکات**

**بە بڕیار و هەوڵ و کۆششی مەرجەعییەتی کورد و کوردستان سەرۆک مسعود بارزانی ڕیفراندۆم ئەنجام درا و بووە تاپۆ و بەڵگەنامەیەکی گرنگی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی کوردستان**

**زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی لەم کۆنگرەیە دەنگیان داوە بۆ نوێنەرەکانیان، چ کاندید و چ ئەو نوێنەرانەی هەڵبژێردراون بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی ١٤دا هەڤاڵی لاو و خوێنگەرم و خاوەن تێڕوانینی سەردەمیانە و هزرفراوان و کەسایەتیی پڕشنگدارن**

**پارتی تاکە حزبە کە تاکلایەنانە بەبێ گوێدانە ئەو کۆسپ و تەگەرانەی هاتووەتە پێشی کاری بۆ بەرژەوەندیی باڵای گەلی کورد و کوردستان کردووە و هیچ کاتێك لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەکەمان لە بەرامبەر ناحەزان و دوژمنانی نەتەوەکەمان بێدەنگ نەبووە و نەسڵەمیوەتەوە**

**پارتی لە دەستپێکی دامەزراندنی تا ئێستاش وەک کۆکەرەوەیەکی جەماوەری بۆ هەموو چین و توێژەکانی گەلی کوردستان بووە و خۆی بە چەتری کۆکەرەوە و یەکڕیزیی جەماوەری کوردستان زانیوە**

- وەك لای هەموو لایەك ئاشکرایە جەنابی سەرۆك بارزانی لەگەڵ دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستان چاوی بە دونیا هەڵهێناوە و لە تەمەنێکی زۆر کەم و لە لاویەتیدا بووەتە پێشمەرگەی کوردستان و لە هەموو تەمەن و مێژووی خۆیدا تا ئێستاش جەنابیان شانازی بە پێشمەرگەبوونی خۆی دەکات کە لە پێناوی ڕزگاری و بەدیهێنانی کوردستانی سەربەخۆدا ژیان و تەمەنی خۆی بەخت کردووە و بینیمان هەر لەسەر دەستی جەنابیان و بە بڕیار و هەوڵ و کۆششی مەرجەعییەتی کورد و کوردستان سەرۆك مسعود بارزانی ڕیفراندۆم ئەنجام درا و بووە تاپۆ و بەڵگەنامەیەکی گرنگی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی کوردستان. بە دڵنیاییەوە بەستنی کۆنگرەی ١٤ لەم کات و ساتەدا زۆر گرنگە، بە تایبەت بە تێڕوانین و هزری کاریزمای مەرجەعی نەتەوەییمان، کە جەنابی سەرۆك بارزانییە، بۆ ئەوەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە قۆناغەکانی گۆڕانکاریی خێرای هاوچەرخ دانەبڕێت و هەنگاو و کارەکانی زیاتر بۆ چەسپاندن و هاتنەدی دۆزی ڕەوای نەتەوەکەمان قاڵ ببێتەوە. هەروەك دەبینین کۆنگرەی ١٤ نوێنەرانی سەرجەم جومگەکانی سیاسی و حزبی بە بێ جیاوازی تێیدا بەشدارن کە زۆربەی زۆری ئەو کەسانەی لەم کۆنگرەیە دەنگیان داوە بۆ نوێنەرەکانیان، چ کاندید و چ ئەو نوێنەرانەی هەڵبژێردراون بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی ١٤دا هەڤاڵی لاو و خوێنگەرم و خاوەن تێڕوانینی سەردەمیانە و هزرفراوان و کەسایەتیی پڕشنگدارن و بەپێی ئەو ئەزموونەی ئێمە هەمانە ئەوە مەبەستی کۆنگرەکە بەتایبەت جەنابی سەرۆك بارزانی، هاتنەپێشەوەی کەسانی لاو و خاوەن تێڕوانینی هزری و هەڵقوڵاوی بیری نەتەوەیی و خزمەتکاری کورد و کوردستانن. لە دوای بەستنی کۆنگرەش زیاتر بۆمان دەردەکەوێت کە پارتی دیموکراتی کوردستان حزبێکی هەڵقوڵاوی سەرجەم گەلی کوردستانە و حەز بە نوێبوونەوە دەکات. ئەگەر تەماشای سەرتاپای مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان بکەین تا ئێستاکە هەرچەندە خاوەن تەمەن و مێژوویێکی زۆر و دوور و درێژە و بەرزی و نزمیی زۆری بەسەر هاتووە، بەڵام لە سایەی بارزانیی نەمر و کاکە ئیدریسی هەمیشە زیندوو و جەنابی سەرۆك بارزانی هەر بە شێوەیەکی نوێ و پڕشنگدار و کارا لە هەموو قۆناغەکانی شۆڕشی ڕزگاریخوازیی کوردستان، چ لە مومارەسەکردنی پرۆسەی دیموکراتی و و چ لە دامەزراندنی دامەزراوەکانی وەك پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەری سەرکەوتوو بووە. پارتی تاکە حزبە کە تاکلایەنانە بەبێ گوێدانە ئەو کۆسپ و تەگەرانەی هاتووەتە پێشی کاری بۆ بەرژەوەندیی باڵای گەلی کورد و کوردستان کردووە و هیچ کاتێك لەپێناو بەرژەوەندییە باڵاکانی گەلەکەمان لە بەرامبەر ناحەزان و دوژمنانی نەتەوەکەمان بێدەنگ نەبووە و نەسڵەمیوەتەوە.

*** لە عێراق و کوردستان پارتی گرنگترین و دێرینترین حزبە، ئایا پارتی بۆ دۆزی ڕەوا مافی کورد و کوردستان چی دەگەیەنێت؟**

- پارتی دیموکراتی کوردستان واتە کورد و کوردستان، لە قۆناغی چەکداری و شۆڕشی ڕزگاریخوازی کوردستان و ئێستاش کە خاوەن پەرلەمان و حکومەت و دەسەڵاتی دادوەریی سەربەخۆی خۆمانین، لە کار و بەرنامەو دیسپلینی خۆی لای نەداوە، هەموو کار و هەوڵ و کۆشش و گیانفیدایی و پەیوەندییە ناوخۆیی و ناوچەیی و هەرێمایەتی و جیهانییەکانی تەنیا بۆ بەرژەوەندیی باڵای گەلی کوردستانە، کە ئەویش ڕزگاربوونی لە زوڵم و ستەم و گەیشتن بە دۆزی ڕەوای خۆیەتی کە ئازادی و دیموکراتی و دادپەروەری و یەکسانییە و ئێستاکە هەموو دونیا بە عێراقی فیدراڵیشەوە ئەو شاهێدییە بۆ پارتی و بارزانی دەدەن.

*** پارتی جیاواز لە حزبەکانی دیکەی کوردستان پارتێکی جەماوەری سەرتاسەرییە و هەموو نەتەوە و پێکهاتە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستانی تێدا کۆبووەتەوە، ئایا پارتی تا چەند گرنگە بۆ پێکەوە ژیان و ئاشتی و لێبوردەیی لە کوردستاندا؟**

- پارتی لە دەستپێکی دامەزراندنی تا ئێستاش وەك کۆکەرەوەیەکی جەماوەری بۆ هەموو چین و توێژەکانی گەلی کوردستان بووە و خۆی بە چەتری کۆکەرەوە و یەکڕیزیی جەماوەری کوردستان زانیوە. هەموو کەسێك لە

سەرتاسەری کوردستان لەناو ڕیزەکانی پارتی بەبێ ڕێکخستنیش توانیویەتی خۆی تێدا ببینێتەوە و بە ماڵی گەورەی خۆی بزانێت، ئامانجێکی سەرەکیی دامەزراندنی پارتی لەلایەن بارزانیی نەمرەوە بۆ ئەوە بووە کە گەلی کورد و کوردستان پەرش و بڵاو نەبن و لەژێر یەك سابات بەرەنگاری ئەو زوڵم و ستەمە ببنەوە کە دەرهەقیان دەکرێت. هاوکات هەموو کەس و چین و توێژێکی کوردستانیش بە یەکسانی و دادپەروەری بە مافی ڕەوای خۆیان بگەن و پارتی دیموکراتی کوردستان ئەو ماڵەی بە ماڵی هەموو پێکهاتە و نەتەوە و ئایین و ئایینزاکانی کوردستان زانیوە و پێکەوە ژیان لە ناو کۆمەڵگەی کوردستان ئامانجی دێرینی پارتی دیموکراتی کوردستان و پارتییەکان بووە لە هەموو مێژووی دوور و نزیکی خۆیاندا. پێکەوە ژیانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانیش بووەتە فاکتەرێکی گرنگ و بەهێزی پێشکەوتنەکانی پارتی و ئێستاش بووەتە دەستکەوتێك کە هەموو گەلی کوردستان شانازی بەو پێکەوە ژیانە دەکات. هەروەها بووەتە جێگای خۆشحاڵی و سەرنجی جوانی هەموو دونیا کە کوردستان لانکەی پێکەوە ژیان و ئاشتی و لێبووردەییە کە ئەمەش لەو کارنامە و پەیڕەوە ناوخۆییەدا خۆی دەبینێتەوە کە پارتی دیموکراتی کوردستان لەسەری دامەزراوە.

*** ماوەیەکە سەرقاڵی ئامادەکارین بۆ کۆنگرەی ١٤، ئایا کار و ئامادەکارییەکانتان بۆ کۆنگرە بە کوێ گەیشتووە؟**

- ئێستا بەرەو بەستنی کۆنگرەی (١٤)ی پارتی دیموکراتی کوردستان دەڕۆین و ئامادەکارییەکان لە هەڵبژاردنی نوێنەرانی کۆنگرە و شوێنی کۆنگرەکە و پێویستییەکانی کۆنگرەکە لە قۆناغی کۆتاییدان. هاوکات پێویستە ئەو ئامانج و خاڵە گرنگەش بخەینەڕوو کە ئەم کۆنگرەیەی پارتی دیموکراتی کوردستان لەم بارودۆخەدا بۆ خۆنوێکردنەوە و خۆگونجاندنە لەگەڵ قۆناغی تازەدا کە دەبێتە پاڵپشتێکی گەورە و کاریگەر بۆ بەهێزکردنی ئازادی و دیموکراتی و دادپەروەری لە لایەك، و پشتیوانی و بەهێزکردنی سیستەمی حوکمڕانی لە کوردستان و جێگیرکردنی سیستەمی فیدراڵی لە عێراق کە لە ساڵانی ڕابردوو لە دوای ساڵی ٢٠٠٣وە لە دروستبوونی عێراقی نوێدا مافەکانی گەلی کوردستانی تێدا پێشێل کراوە.

*** ئایا پرۆسەی دیموکراتی تا چەند لەم هەڵبژاردنەی ئەندامانی کۆنگرە مەبەستی خۆی پێکاوە؟**

- لە هەڵبژاردنەکان بۆ نوێنەرانی کۆنگرەی ١٤ لە بەر ڕۆشنایی و ڕێنمایەکانی جەنابی سەرۆك مسعود بارزانی و ئەو ڕێنماییانەی بە لیژنەکە دراون، بایەخێکی زۆر بە پاکی و شەفافییەتی پرۆسەکە دراوە و لەم لایەنەشەوە پرۆسەکە زۆر سەرکەوتوو بووە. هەر لەم بارەوە جەخت دەکەمەوە چ لە هەڵبژاردنی کاندیدەکان لەناو ئۆرگانەکانی حزبدا، چ لە پرۆسەی دەنگداندا ئەو پەڕی ئازادی و گیانی دیموکراتی مومارەسە کراوە کە ئەمەش ڕاسپاردەی جەنابی سەرۆك بارزانی بووە، هەر بۆیە دووپاتی دەکەمەوە کە کۆنگرەی پارتی زۆر بە سەرکەوتوویی دەبەسترێت و بە گیانێکی نەتەوەیی و خزمەتکردنی گەلی کوردستان کارەکانی خۆی دەکات و بە ڕۆحێکی تازە و بیر و هزرێکی هاوچەرخ لە قۆناغەکانی ئایندەماندا خزمەت بە گەلی کوردستان دەکات.

**ئامانجێکی سەرەکیی دامەزراندنی پارتی لەلایەن بارزانیی نەمرەوە بۆ ئەوە بووە کە گەلی کورد و کوردستان پەرش و بڵاو نەبن و لە ژێر یەک سابات بەرەنگاری ئەو زوڵم و ستەمە ببنەوە کە دەرهەقیان دەکرێت**

**پێکەوە ژیانی پێکهاتە نەتەوەیی و ئایینی و ئایینزاکانیش بووەتە فاکتەرێکی گرنگ و بەهێزی پێشکەوتنەکانی پارتی و ئێستاش بووەتە دەستکەوتێک کە هەموو گەلی کوردستان شانازی بەو پێکەوە ژیانە دەکات**

# ڕۆڵی خێزان و قوتابخانە لە پەروەردەکردنی منداڵەکانمان

خێزان ئەو بەرپرسیارێتییە سەرەکییەیە کە ئیسلام داوا لە دایك و باوك دەکات ئەنجامی بدات و گرنگی پێ بدەن، هەروەها پەروەردەکردنی منداڵەکانیان لەژێر چاودێری خۆیان. پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: «كلّكُم راعٍ وكلّكم مسؤول عن رعيّته». واتە دایك و باوك سەرپەرشتی سەرەکین بۆ پەروەردەکردنی منداڵەکان و دەبێت لەژێر چاودێری ئەوان بێت.

خێزان و قوتابخانە ئەو ناوەندە پەروەردەییە سەرەتاییانەن کە بنیاتنانی کۆمەڵگەی ئێستا و داهاتوو پێك دەهێنن. پرۆسەیەکی هاوبەشن لە نێوان خێزان و قوتابخانە لە پەروەردەکردنی قوتابیان بۆ بەرەوپێشبردنی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو. خێزان یەکێکە لە گرنگترین دامەزراوەکان کە بەشدارە لە پەروەردەکردنی منداڵی کۆمەڵگە و زۆرترین کاریگەری لەسەر ژیانی تاك هەیە. خێزان لە ڕابردوودا و بۆ چەندین سەدە بەرپرسیار بووە لە پەروەردەکردنی منداڵان و مەبەست لێی فێرکردنی منداڵانی پێگەیشتوو بوو لە ڕێگاکانی ژیان و ڕەفتار، جگە لە دابینکردنی پێداویستییە جەستەیی و دەروونی و ناوەندی سەرەکیی ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگە.

**خێزان یەکێکە لە گرنگترین دامەزراوەکان کە بەشدارە لە پەروەردەکردنی منداڵی کۆمەڵگە و زۆرترین کاریگەری لەسەر ژیانی تاك هەیە**

خێزان، یەکەم ژینگەی پەروەردەییە بۆ منداڵ کە نوێنەری سەرەکیی کەلتوورە و بەهێزترین پەروەردەیە کە کاریگەری لەسەر ڕەفتاری تاك هەیە و زۆرترین بەشداری دەکات لە سەرپەرشتیکردنی گەشەی کۆمەڵایەتیی منداڵ و پێکهێنانی کەسایەتی و ئاراستەکردنی ڕەفتارەکانی. ئەو کەلتوورەی باوە لەناو ئەو تاکانەی کە ئەم خێزانە پێك دەهێنن، لە ناخی دەچەسپێت. زۆرجار منداڵەکە کاریگەری لەسەر هەموو کەسانی دەوروبەری دەبێت، وەك شێوەیماڵەکە و شێوازی ژیان و ناوەڕۆکەکەی و شوێنەکەی و ئەو گەڕەکە کە تێیدا هەڵکەوتووە و ئاستی سەرکەوتووی کۆمەڵایەتیی ئەم خێزانە نیشان دەدات .

**خێزان بۆ فێربوونی زانست کار لەسەر پەرەپێدانی هێزە دەروونییەکانی منداڵ و هاندانی بیرکردنەوە و ڕاهێنانی بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی دەکات**

خێزان لە ماڵەوە منداڵەکانی فێری فێرگەیەکی سەرەتایی دەکات کە چۆن لە ژیانێکی بەختەوەر و لەگەڵ بەها و دابونەریتی کۆمەڵگەدا بژین و لە ماف و ئەرکەکانیان بەرامبەر بە کەسانی دیکە ئاگاداریان دەکاتەوە، کە تەواوی کەون لەلایەن خوای گەورەوە دروست کراون. «هُوَ الَّذِي خَلَقَكُم مِّن نَّفْسٍ وَاحِدَةٍ » [الاَعراف: ١٨٩].واتە هەر ئەو خوایەیە کە ئێوەی لە تەنیا کەسێك دروست کردووە کە ئادەمە.

خێزان ڕێنمایی منداڵەکانی دەکات و بەرەو ئیمانێك ئاراستەیان دەکات و فێریان دەکات ئەوەی لێیان داواکراوە. خوای گەورە سەبارەت بە ئاییناسی دەفەرموێت: «إِنَّ الدِّينَ عِندَ اللَّهِ الْإِسْلَامُ».. واتە بێگومان تەنیا دینی ئیسلامە کۆتا دینە لای خوا، چونکە پاڵاوتە و پوختەی تەواوی ئایینە ئاسمانییەکانە و نزیك بوونەیەوە لە خواپەرستی و بابەتی ئایینەکەیان و هەموو ئەو شتانەی کە لە دروستکەرەکەیان نزیکیان دەکاتەوە و وازهێنان لەو قەدەغەکردنانەی کە ئایینی ڕاستەقینە قەدەغەی کردووە.

پێغەمبەرمان (د.خ) دەفەرموێت: (إنَّ الحلال بيِّن، وإنَّ الحرام بيِّن)، بۆیە پێویستە ئەو شتانەی کە حەڵاڵە لێیان نزیك ببینەوە و ئەوانەشی کە حەرامن لێیان دوور بکەوینەوە.

خێزان فێری منداڵەکانی دەکات کە چێژ لە کاتە پشووەکان وەربگرن و بە خوێندنەوەی هەندێك پەرتووکی بەسوود و بەتوانا گرنگییان لە ژیانی گشتیدا پەرەپێ بدەن کە تێیدا سەرکەوتوو بن.

ئاشکرایە لە دوای مزگەوت قوتابخانە ئەو دامەزراوە فەرمییەیە کە پرۆسەی پەروەردە و گواستنەوەی ڕۆشنبیری و دابینکردنی هەلومەرجی گونجاو بۆ گەشەکردنی جەستەیی و دەروونی وخۆشەویستی وکۆمەڵایەتی ئەنجام دەدات لە ناخی قوتابیدا، کە بەشدارییەکی کاریگەری کردووە لە مامەڵەکردن لەگەڵ گۆڕانکاریی خێرا و خۆگونجاندن لەگەڵیدا.



## مامۆستا عەزیز جەبار مەنتک

بەرپرسی ناوچەی بنەسڵاوەی یەکێتیی زانایانی ئایینی ئیسلامیی کوردستان

بەم شێوەیە ڕۆڵێکی دووانە دەگێڕێت، لە لایەك ئاڵای گۆڕانکاری و پەرەسەندن و نوێبوونەوە هەڵدەگرێت، لە لایەکی دیکەشەوە کار بۆ ئامادەکردنی نەوەی داهاتوو دەکات و ڕاهێنانیان دەکات بۆ هەڵمژینی گۆڕانکاری و پێشهاتەکان لە ئاستی گشتی،هەر بۆیە کە سەیری قورئانی بکەین، یەکەم ئایەت لە (إقرا) دەست پێ دەکات، واتا بخوێنە، چونکە زانست و زانیاری ئەو ڕێگایانەی کە دوورە، بۆمان نزیك دەکاتەوە و لە نەزانی ڕزگارمان دەکات. خوای گەورە دەفەرموێت: «قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ». واتە بلێ: ئایا ئەو کەسانەی کە زانا و شارەزان لەگەڵ ئەو کەسانەدا کە نەزان و نە شارەزان یەکسانن، نەخێر هەرگیز یەکسان نین.

قوتابخانەش ماڵی دووەمی قوتابییە و مامۆستا و پەروەردەکاران تا قۆناغی پێگەیشتنی دەروونی منداڵ پەروەردە دەکەن. قۆناغی پەروەردە یەکێکە لەو قۆناغە گرنگانەی کە لە منداڵییەوە تا گەورە دەبێت کار لەسەر دروستبوونی کەسایەتیی قوتابی دەکرێت. پێغەمبەر ( د.خ ) دەفەرموێت: (خَيرُكُم مَن تعلَّمَ القرآنَ وعلَّمَهُ) باشترینتان ئەو مرۆڤانن کە مرۆڤەکانی دیکە فێر دەکەن بۆ ئەوەی خۆشەویستی قوتابخانە بن».

گرنگیی قوتابخانەکە لەوەدایە کە یەکەم سیستەمی کۆمەڵایەتییە کە منداڵ بە دونیایەك شاد دەبێت کە بە دوودڵییەوە دەچێتە ناویەوە، بەڵام دواتر هان دەدرێت هەموو ڕۆژێك بچێتە قوتابخانە و ڕۆژەکانی پشووش ئامادە بێت بۆ ئەوەی کۆتایی پێ بێت و بگەڕێتەوە بۆ قوتابخانە. ئەم خۆشەویستی و وابەستەییە بە قوتابخانە لە ئەنجامی دۆزینەوەی هاوڕێی نوێ، پێغەمبەر (د.خ) دەفەرموێت: «لا تُصَاحِبْ إِلَّا مُؤْمِنًا، وَلا يَأْكُلْ طعَامَكَ إِلَّا تَقِيٌّ»، واتە هاوڕێیەتی کەسێك مەکە کە باش نەبێت و دەست بۆ شتێك مەبە کە حەڵاڵ نەبێت.

قوتابی لە قوتابخانەدا دەست دەکات بە دۆزینەوەی خۆی و پشتبەستن بە خۆی دوور لە دایك و باوك و براکانی و دەست دەکات بە جێگیرکردنی کەسایەتیی خۆی لەسەر بنەمای ئەوەی فێری دەبێت و لەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا هاوبەشی دەکات.

لە قوتابخانەدا، بەهرە شاراوەکانی قوتابی دەست دەکەن بە دەرکەوتن و لێرەدا ڕۆڵی مامۆستا لەگەڵ خێزان دێتە پێشەوە لە پەرەپێدان و تیشك خستنە سەریان بۆ بینینی توانای قوتابی. پێویستە مامۆستا لە هەموو پۆلەکان بە دوای بەهرە شاراوەکانی قوتابیدا بگەڕێن و بەهێزیان بکەن. پێغەمبەر ( د.خ ) دەفەرموێت: «أَحَبُّ النَّاسِ إِلَى اللَّهِ أَنْفَعُهُمْ لِلنَّاسِ» واتە باشترین کەسەکان ئەوانەن کە سوودیان بۆ خەڵك هەیە.

قوتابخانە خاڵی دەستپێکی ژیانی ئەکادیمی و پیشەیی قوتابییە، ئەگەر کەسێك خوێندنی قوتابخانە تەواو نەکات، ئەمە دەبێتە ڕێگر لە بەردەم چوونی بۆ زانکۆ، یان پەیمانگا، ئەمەش هەنگاوێکی نەرێنییە بۆ سەرکەوتن و بەدیهێنانی ئاواتەکانی. قوتابی تا زیاتر سەرکەوتوو بێت لە بەرزکردنەوەی ئاستی خوێندنی لە ژیانی سەرکەوتووتر دەبێت. خوای گەورە دەفەرموێت: «فَاسْأَلُوا أَهْلَ الذِّكْرِ إِن كُنتُمْ لَا تَعْلَمُونَ». واتە نەخوێندن وا دەکات پرسیار لە ئەهلی زانست بکەیت دەربارەی ئەوەی نایزانی.

هاوکاریی نێوان خێزان و قوتابخانە، بەرهەمێکی هاوبەشی نێوان خێزان و قوتابخانە، یەکخستن و کارکردن لەسەر دارشتنی پەروەردەیی هەماهەنگی بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ قوتابییان، بە جۆرێك کە هیچ ناتەبایی یان ناکۆکییەك نەبێت، لە نێوان ئەوەی قوتابخانە دەیکات و ئەوەی خێزان دەیکات. خوای گەورە دەفەرموێت: «وَتَعَاوَنُوا عَلَى الْبِرِّ وَالتَّقْوَى» واتە لەسەر چاکە و هاوکاری و کۆمەك و پارێزگاری یارمەتی یەکتر بدەن.

**خێزان لە ماڵەوە منداڵەکانی فێری فێرگەیەکی سەرەتایی دەکات کە چۆن لە ژیانێکی بەختەوەر و لەگەڵ بەها و دابونەریتی کۆمەڵگەدا بژین**

**لە دوای مزگەوت قوتابخانە ئەو دامەزراوە فەرمییەیە کە پرۆسەی پەروەردە و گواستنەوەی رۆشنبیری و دابینکردنی هەلومەرجی گونجاو بۆ گەشەکردنی جەستەیی و دەروونی وخۆشەویستی وکۆمەڵایەتی ئەنجام دەدات**

## فەزیلە شۆڕش بەرپرسی ئەنجومەنی ئەورووپای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان:

# هەر ئافرەتێک پێویستی بە ڕاوێژ و ڕێنمایی بێت، وەکو ئەنجومەنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە خزمەتیداین

*** دۆخی ئافرەتانی کورد لە تاراوگە بە شێوەیەکی گشتی لە چ ئاستێکدایە؟**

- ئافرەتی کورد لە تاراوگە هاوشێوەی ئافرەتانی کوردستان ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینن لە پەروەردەکردن و پێگەیاندنی ڕۆڵەکانیان، تا ڕاددەیەکی باشیش لە ناو خێزاندا هاندەرن بۆ پاراستنی زمان و کەلتوور و نەریتی کۆمەڵگەی کوردی. ژیانی ئافرەت لە تاراوگە لێوانلێوە لە ماندووبوون و ناخۆشی و ئازاری غوربەت و دووری، بەڵام توانیویەتی تا ڕاددەیەك تواناکانی بسەلمێنێت و ڕووبەڕووی بەربەست و ناخۆشییەکان ببێتەوە. بە هەمان شێوەی کوردستان لە تاراوگەش ئافرەتان ڕووبەڕووی کێشە و گرفت دەبنەوە، بەتایبەتی کێشە کۆمەڵایەتییەکان گرفتی سەرەکیی خێزانی ڕەوەندی کوردە و ئافرەتیش بە حوکمی ئەوەی لە وڵاتێکی پێشکەوتوو و مۆدێرنە حەز دەکات خاوەنی بژێوی و داهاتی خۆی بێت لەو پارەیەی کە وەری دەگرێت، لە بەرامبەردا پیاو لە ترسی لەدەستدانی پیاوسالارییەکەی هەوڵ دەدات زیاتر حوکمی هەبێت و سەیتەرە لەسەر خەرجی و پارەی ماڵ بکات، ئەوەش وادەکات کێشەی گەورەی خێزانی لە نێوانیاندا دروست ببێت، هەندێکجاریش بە تەڵاق و جیابوونەوە دەگات. هۆکاری زۆربەی جیابوونەوەکانی هاوسەران لە وڵاتانی ئەورووپا، یان کێشەی مادییە، یان ئازادی لە ڕادده بەدەرە بۆ هەر دوو ڕەگەز کە هەوڵ دەدەن مومارەسەی ئەو ئازادییە بکەن کە هەیە، هەموو ئەوانەش دەبنە هۆکاری تێکچوونی شیرازەی خێزان و پەرتەوازەبوونی منداڵ. ئافرەت هەیە دەیەوێ بخوێنێ، بەڵام دیسان بە هۆکاری لەدەستدانی حوکمی پیاوسالاری لە ناو خێزان پیاوەکە ڕێگری لێ دەکات. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەشدا لێرە ڕێگەچارەکان جیاوازترن.

*** کاتێك ئافرەتی کورد لە تاراوگە ڕووبەڕووی گرفت، یان توندوتیژی دەبێتەوە، دەستی یارمەتی بۆ کێ و چ لایەنێك درێژ دەکات و چۆن پاڵپشتی لێ دەکرێت؟**

-لە وڵاتانی ئەورووپا چەندین ڕێکخراوی تایبەت بە خێزان و داکۆکیکار لە مافی منداڵ و ئافرەت بوونیان هەیە، هەر خێزانێك پزیشکی تایبەتی خۆی هەیە، لە کاتی بوونی کێشەی خێزانی لە ڕێگەی پزیشکەکانیانەوە دەتوانن پەیوەندی بەو ڕێکخراوانەوە بکەن، سەرەتا ڕاوێژ لەگەڵ خێزانەکە دەکەن و لە هۆکارەکانی دروستبوونی گرفتەکان دەکۆڵنەوە، دواتر بە شێوەیەکی زانستییانە کێشەکان یەکلایی دەکەنەوە، بە مەرجێك ڕێگەچارەکان کاریگەری نەرێنی لەسەر منداڵ دروست نەکات، چونکە خەمی گەورەی ئەو ڕێکخراوانە پاراستنی مافی منداڵە لە ناو خێزان، ئەگەر لەناو خێزانەکەدا لێدان و توندوتیژی هەبێت، سەرەتا خێزانەکە ئاگادار دەکەنەوە کە دوور بکەونەوە لە هەر توندوتیژی، دوای بەدواداچوون ئەگەر

**ژیانی ئافرەت لە تاراوگە لێوانلێوە لە ماندووبوون و ناخۆشی و ئازاری غوربەت و دووری، بەڵام توانیویەتی تا ڕاددەیەک تواناکانی بسەلمێنێت و ڕووبەڕووی بەربەست و ناخۆشییەکان ببێتەوە**

**لە تاراوگەش ئافرەتان ڕووبەڕووی کێشە و گرفت دەبنەوە، بەتایبەتی کێشە کۆمەڵایەتییەکان گرفتی سەرەکیی خێزانی ڕەوەندی کوردە**



**فەزیلە شۆڕش بەرپرسی ئەنجومەنی ئەوروپای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، لە دیمانەیەکیدا لەگەڵ گۆڤاری گوڵان تیشك دەخاتە سەر کار و چالاکییەکانی ئەنجومەنەکەیان لە تاراوگە و جەختیش لەوە دەکاتەوە کە ئەنجومەنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە تاراوگە تەنیا خەمخۆری ئافرەتانی دەرەوەی وڵات نییە، بەڵکو خەمخۆری ئافرەتانی کوردستانیشە و توانیویانە بۆ چارەسەری کێشەکانی ئافرەتان ڕۆڵی بەرچاو ببینن.**

**گوڵان: کۆمەڵایەتی**

دڵنیا بوونەوە کەماڵەکە ئارامە، ئینجا منداڵ دەدرێتەوە بە دایك و باوکەکە، بەڵام ئەگەر دیتیان ژینگەی خێزانییان بۆ بەخێوکردنی منداڵ ژینگەیەکی تەندروست و ئارام نییە، بنکە و ڕێکخراوەکان منداڵەکە بەو خێزانە نادەنەوە. ئەگەر ڕێنمایی و ئاگادارکردنەوەکانیش بێ ئاکام بوون، ئەوا ناچار دەبن منداڵەکە لە دایك و باوکەکە وەربگرن، تاوەکو ئەوان کێشەکانیان چارەسەر دەکەن، بۆ ماوەیەك منداڵەکە دەدرێتە خێزانێکی ئەوروپی بۆ بەخێوکردن، ئەوان بەو جۆرەی کە خۆیان دەیانەوێ پەروەردەی دەکەن، بەبێ ڕەچاوکردنی کوردبوونی و زمانی دایکی بێ ڕەچاوکردنی باوەڕی ئایینی، ئەوەش هەندێکجار هۆکارێك دەبێت بۆ کاڵبوونەوەی کوردایەتی لە تاراوگە، وێڕای ئەوەی بەشێکی خێزانە کوردەکان لە ئەوروپا زۆر ڕێك و پێکن و جێگەی شانازین، ئەوان منداڵەکانیان لەسەر نەریتی کوردەواری پەروەردە دەکەن.

*** ڕۆڵی ئەنجومەنی ئەوروپای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان، بۆ پاراستن و داکۆکیکردن لە مافی ئافرەتی کورد لە تاراوگە چییە؟**

- بێگومان ئەو خێزانانەی بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانیان پەیوەندیمان پێوە دەکەن، وەکو ئەنجومەنی ئەوروپای یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لەگەڵیان دادەنیشین و ڕێنمایی ئەوەیان دەکەین کە شیرازەی خێزانەکەیان و هێمنی و ئارامیی خۆیان بپارێزن، ئەگەر

نەگەیشتینە هیچ دەرەنجامێك» ئاراستەی ئەو شوێنانەیان دەکەین کە بە شێوەیەکی زانستی و دروست کێشەکانیان چارەسەر بکرێت، وەکو یەکێتی ئافرەتانیش وەرگێڕی زمانیان بۆ دەکەین. زۆرجار ئافرەت هەیە، کێشەی لە کوردستان هەیە، پەیوەندیمان پێوە دەکات و توانیومانە ببینە پردێك بۆ ئەو ئافرەتە بەڕێزەی کە کێشەی لە کوردستان هەیە لەگەڵ بەشی کۆمەڵایەتیی سکرتاریەتی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان بە مەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی لە کوردستان، زۆرجار ئافرەتەکە هاوسەرەکەی جێی هێشتووە، ئەویش دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، دەتوانم بڵێم ئەنجومەنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە تاراوگە تەنیا خەمخۆری ئافرەتانی دوورەوڵات نییە، بەڵکو خەمخۆری ئافرەتانی کوردستانیشە، بەهۆی ئەو بارە ناهەموارە ئابوورییەی کە بە هۆی شەڕی داعش و پەتای کۆرۆنا لە کوردستان سەری هەڵدا، هاوکاری ماددیی و مەعنەوی ئەو ئافرەتانەمان کردووە کە پێویستیان پێی هەبووە، هەروەها لە ئەوروپا کەلوپەلی ناوماڵ و کەلوپەلی تەندروستی بۆ ئەو خێزانانە ناردووە کە باری داراییان باش نەبووە، کار دەکەین بۆ ئەوەی بەپێی توانا هاوکار و یارمەتیدەری خێزانی سەربڵندی شەهیدان بین و هەر ئافرەتێکیش لە کوردستان پێویستی بە ڕاوێژ و ڕێنمایی بێت، ئێمە وەکو ئەنجومەنی یەکێتیی ئافرەتانی کوردستان لە خزمەتیدایین.

**هۆکاری زۆربەی جیابوونەوەکانی هاوسەران لە وڵاتانی ئەوروپا، یان کێشەی مادییە، یان ئازادی لە ڕاددە بە دەرە بۆ هەر دوو ڕەگەز کە هەوڵ دەدەن مومارەسەی ئەو ئازادییە بکەن کە هەیە**

**بەشێکی خێزانە کوردەکان لە ئەوروپا زۆر ڕێک و پێکن و جێگەی شانازین، ئەوان منداڵەکانیان لەسەر نەریتی کوردەواری پەروەردە دەکەن**

# لە پێناو پەروەردەیەکی دروستی منداڵان هەماهەنگی خێزان و قوتابخانە بە پێویست دەزانرێت

دەستکەوت و پێشکەوتنی گەلان بەوە پێوانە دەکرێت، کە تا چەند بایەخیان بە پەروەردەی دروستی منداڵەکانیان داوە، هاوکات بەهۆی گرنگی پەروەردەکردنی تەندروست، چەمکی پەروەردە خراوەتە پێش چەمکی فێرکردن و دەگوترێت پەروەردە و فێرکردن. دیارە خێزان و رابەرانی پەروەردە لە قوتابخانەکان لە پەروەردەکردنی منداڵ هەم هاوبەش و هەمیش بەرپرسن، لەم روانگەیەوە و لە راپۆرتێکی گۆڤاری گوڵان شارەزایانی بواری پەروەردە باس لە گرنگی هەماهەنگی خێزان و قوتابخانە دەکەن.

گوڵان: کۆمەڵایەتی



لە دەستپێکدا بەهزاد سەلیم مامۆستای زانکۆ، رایوایە کە مرۆڤ بۆ گەشەی منداڵ پشت بە فێربوون دەبەستێ و زۆرێك لە ڕەفتارەکان لە ژینگەی دەوروبەر فێر دەبێت و وەردەگرێت.

هاوکات دەڵێت: «بۆ زۆربەمان ئەم فێربوونە لە خێزانەوە دەست پێدەکات. فێربوون بە چەندین شێوە دێت. هەندێك جار منداڵان فێر دەبن کە ڕاستەوخۆ شتێکیان پێ دەوترێت. بەڵام باوترین ڕێگەی فێربوونی منداڵان بە چاودێریکردنی ژیانی ڕۆژانەیە».

ئەو مامۆستایەی زانکۆ ئاماژە بەوە دەکات کە «فێربوون و کۆمەڵایەتیکردنی منداڵ زۆرترین کاریگەری خێزانەکەی لەسەرە بەو پێیەی خێزان گرووپی کۆمەڵایەتی سەرەکی منداڵەکەیە. کەواتە شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و ئاستی ڕۆشنبیری هەر تاکێك بە ڕادەی سەرەکی بەندە بە خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگەکەی. ئەگەر منداڵانمان داهێنەر نین یان ڕۆشنبیر و بە بەرهەم نین، ئەوە روونە کە ئاستی ڕۆشنبیری خێزانەکان و قوتابخانە و کۆمەڵگەکەمان لاوازە و دەبێ پێداچوونەوە و بیرکردنەوەی تێیدا بکرێت».

هاوکات گوتی: «گەشەی منداڵ لەم ماوەیەدا لە ڕووی جەستەیی و سۆزداری و کۆمەڵایەتی و هزرییەوە ڕوودەدات کە لە ماڵ و قوتابخانەیە و کاریگەری هەردوو لایەنی لەسەرە. ئەگەر بینایەکی گەورەت دروست کرد، دەبێت دڵنیا بیت لەوەی کە بناغەیەکی تۆکمەی هەیە، ئەویش بۆ ئەوەی باقی بیناکە بتوانێت بۆ چەندین ساڵ بە بەرزی و بەهێز بوەستێت. ئەگەر بناغەکە بەهێز نەبێت، بیناکە کێشەی دەبێت لە وەستان لەسەر خۆی. هەروەك چۆن مرۆڤەکان، ئەگەر بناغەکانمان پتەو نەبن، ئەوە قورستر دەبێت کە لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ کەسانی تر و لە کار و تەندروستی و بوارەکانی تری ژیان سەرکەوتوو بین. کەواتە، هیچ گومانی تێدا نییە کە خێزان چەندە گرنگە لە گەشەکردنی منداڵدا.»

گوتیشی: ڕوسیل دەڵێت، ”ماڵ ئەزموونی سۆز و کۆمەڵگەیەکی بچووك بە منداڵ دەبەخشێت

**فێربوون و کۆمەڵایەتیکردنی منداڵ زۆرترین کاریگەری خێزانەکەی لەسەرە. هاوکات شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و ئاستی رۆشنبیری هەر تاکێک بە رادەی سەرەکی بەندە بە خێزان و قوتابخانە و کۆمەڵگەکەی**



**ئەگەر بمانەوێت داهاتوویەکی باشمان هەبێت، دەبێت نەوەیەکی باشمان هەبێت و ئەو نەوەیەش دەبێ لە خێزان و قوتابخانە پەروەردەیەکی باشی پێبدرێت تاکو تاکی تەندروست و پڕ بەرهەممان هەبێت**

**گەورەترین وانەی پەروەردە و ڕەوشت لە خیزانەوە بە مندالەکان دەدرێت، ئەگەر دایک و باوکەکە پەروەردەیەکی باشیان بکەن، ئەوکات منداڵێکی ئاقڵ و بەڕەوشت پێشکەشی خوێندنگە ئەکرێ**

**پەروەردە پێش خوێندن و تەنانەت نان خواردنیشە، چونکە کە منداڵ پەروەردەی نەبوو هەر بۆخۆی نا بەڵکو بۆ دەوروبەر و خەڵکانی تریش زەرەری ئەبێت**

هەروەها ئەزموونی پەیوەندی لەگەڵ هەردوو ڕەگەز و تەمەنی جیاواز و کار و بازرگانی و فرەچەشنی ژیانی گەورەسالانی هەیە، بەمجۆرە لە خێزاندایە کە منداڵ یەکەم پەیوەندی کۆمەڵایەتی خۆی هەیە، کە تێیدا و لە ڕێگەیەوە ئەزموونی خۆی بەدەست دەهێنێت و ڕێکدەخات. جا ئەگەر ئەم پەیوەندی و ئەزموونە لە جێی خۆی و بە پێی بەها بەرزەکانی کۆمەڵگە و مرۆڤایەتی بوون ئەوا ئەو مندالە کەسێکی بەکەلك و تەندروست و پڕ بەرهەم دەبێت بۆ کۆمەڵگەکەی و مرۆڤایەتی بە گشتی. کەواتە زۆر گرنگە کە حکومەتەکان لە ڕێگەی بەرنامە و پلان و پرۆگرامی تایبەت جەخت بکەنە سەر هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە بۆ ئەو بابەتە و ڕاهێنان و ڕاوێژکاری بدرێت بە دایکان و باوکان لە چۆنیەتی ئاراستە کردن و بەخێو کردنی منداڵەکانیان. هەروەها زۆر گرنگە و پێویستە کە بودجەیەکی گەورە تەرخان بکرێت بۆ قوتابخانەکان و ڕاهێنانی مامۆستایان بە شێوەیەك کە هەر کەسێك بۆی نەبێت بە ئاسانی ببێت بە مامۆستا بە تایبەتی لە قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی. بەڕاستی ئەگەر بمانەوێت داهاتوویەکی باشمان هەبێت دەبێت نەوەیەکی باشمان هەبێت و ئەو نەوەیەش دەبێ لە خێزان و قوتابخانە پەروەردەیەکی باشی پێبدرێت تاکو کۆمەڵگە و تاکی تەندروست و پڕبەرهەممان هەبێت».

سەبارەت بە هەمان پرس خەندە کەمال کە دەرچووی بەشی دەروونناسییە، هێما بۆ ئەوە دەکات کە خیزان یەکەم فێرگەی منداڵە کە هەر لەگەڵ لەدایکبوونییەوە تا کۆتایی ژیان شتی لێوە فیر دەبیت، گوتیشی: «گەورەترین وانەی پەروەردە و ڕەوشت لە خیزانەوە بە مندالەکان دەدرێت، ئەگەر دایك و باوکەکە پەروەردەیەکی باشیان بکەن، ئەوکات منداڵێکی ئاقڵ و بەڕەوشت پێشکەشی خوێندنگە دەکرێ، ڕاستە منداڵ کاتێکی زۆر لە خوێندنگە بەسەر دەبات و کاریگەری لەسەر ڕەوشت و ئاکاری منداڵەکە دەبێت، بەڵام ئەمەش مانای ئەوە نییە کە منداڵ ڕۆیشتە قوتابخانە ئیهمال بکرێ و پەروەردەی تەسلیم بە مامۆستاکان بکرێت، بەڵکو دەبێ زیاتر هەوڵی لەگەڵ بدرێت، تاوەکو لەگەڵ مامۆستاکان پەروەردەیەکی دروست بکرێت، چونکە بمانەوێ یان نەمانەوێ کۆمەڵێك پەروەردە و بەخێوکردنی جیاواز لە خوێندنگە بەدی دەکرێت، دەبێ خێزان بە هاوکاری مامۆستاکان بزانن چ هاوڕێیەکیان بۆ هەڵدەبژێرن و منداڵەکانیان تێکەڵ بە چ جۆرە منداڵێك ببێ، وەکو مەعلومیشە هاوڕێ کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر هاوڕێیەکەی هەیە و چاودێری و پەروەردەی دایك و باوکی وشیار و مامۆستای ڕۆشنبیر و وشیار تاکێکی بەسوودی لێ بەرهەم دیت».

ئەو دەروونناسە لە کۆتایی قسەکانیدا جەخت لەوە دەکاتەوە: «بە بڕوای من پەروەردە پێش خوێندن و تەنانەت نان خواردنیشە، چونکە کە منداڵ پەروەردەی نەبوو هەر بۆخۆی نا بەڵکو بۆ دەوروبەر و خەڵکانی تریش زەرەری ئەبیت.

پشتیوان ساڵح بەرپرسی چالاکیی قوتابخانەکانی پەروەردەی خەبات، لەمبارەیەوە دەڵێت: «پەروەردەکردنی منداڵ بەتەنها ئەرکی قوتابخانە نییە، بەڵکو پەروەردەکردن پێش قوتابخانە ئەرکی دایك و باوکە وەك خێزان، چونکە خێزان یەکەمین قوتابخانەی ژیانی منداڵە، منداڵ کاتێ دێتە دونیا و چاو دەکاتەوە لەناو ماڵ و خێزاندایە، بەدڵنیاییەوە ئەرکی خێزان زۆر سەختە دەبێ ئەو بەرپرسیاریەتە هەڵبگرێت و منداڵ پەروەردە بکات.» هەروەها گوتی: «دایك و باوك پێویستە پێش منداڵ خستنەوە زانیاری ئەوە بەدەست بێنن چۆن منداڵ پەروەردە بکەن، میتۆدەکانی پەروەردەی منداڵ بزانن یان هاوکاری لەکەسانی شارەزا و پسپۆڕ وەربگرن، ئەویش لە ڕێگەی سەردان و خوێندنەوە و تۆڕەکۆمەڵایەتییەکان. خێزان نابێت چاوەڕێی ئەوە بکات قوتابخانە منداڵەکەی بۆ پەروەردە بکات، ڕاستە ئەرکی قوتابخانەش پێش فێرکردن پەروەردە کردنە، بەڵام دایك و باوکان دەبێ ئەوە درك پێ بکەن و بزانن کە کەسایەتی منداڵ پێش چونە قوتابخانە دروست دەبێت.» پشتیوان ساڵح لە درێژەی قسەکانیدا ئاماژە بەوە دەکات: «زاناکانی دروونزانی کۆکن لەسەر ئەوەی کەسایەتی منداڵ لە تەمەنی دوو ساڵی هەتا تەمەنی شەش ساڵی زۆر گرنگە بۆ دروست بوونی کەسایەتی منداڵ، واتە خێزان ئەرکی لە مامۆستاکانی قوتابخانە سەختترە، خێزان دەبێ وەك مامۆستا قوناغەکانی گەشەی منداڵ بزانێت و کاریگەری قۆناغەکانیش بزانێت، یەکەم قۆناغی گەشە لە ماڵ و خێزان دەست پێدەکات و قۆناغێکی گرنگە،



ئەگەر خێزان هەڵەی تێدابکات یان درێخی بکات لە پەروەردەکردنی منداڵەکەی ئەکید لەداهاتوودا باجێکی سەخت دەدا، ئەو منداڵە دەبێتە تاکێکی لادەر و دەبێتە مایەی سەر ئێشە و کێشە و بەلا بۆ خۆی و خێزانی و کۆمەڵگەش، چونکە منداڵ لەقۆناغی یەکەمی گەشەکردن لەناو خێزاندا گەشەدەکات و پەروەردە دەبێت، ئەم قۆناغەش منداڵ بەلاسایی کردنەوە فێری ژیان و مەعریفە دەبێ، داب و نەریت و ڕەوشت و ئایین لە خێزان دەردەگرێ.» هاوکات گوتی:« ئەوە مانای ئەوە نییە قوتابخانە و مامۆستا هیچ ڕۆڵی نەبێت لەپەروەردە کردن، بەڵکو هاوبەش و تەواوکەری یەکترن، ئەگەر منداڵ بەباشی لەماڵ پەروەردە کرا، ئەوا قوتابخانەش تەواوکەرە و ئاستی پەروەردە و فێرکردنی منداڵ زیاتر گەشە دەکات، بە پێچەوانەوە کارەساتە بۆ قوتابخانە و هاوڕێکانی و خێزان و کۆمەڵگەش، چونکە ڕاست کردنەوەی زەحمەتە لەلایەن مامۆستا، لە زۆربەی قوتابخانەکانیش وەك دەزانین ڕێنمایکار و توێژەری کۆمەلایەتی نییە بۆ ئەوەی گرینگی بە ڕەوشت و ڕەفتار و کێشەی قوتابییەکان بدات».

لە کۆتایی قسەکانیدا ئەو گوتی:« من پێم وایە، خێزان قوتابخانەی یەکەمە، چونکە ئەگەر خێزان سۆز و خۆشەویستی و ئارامی تێدا هەبوو ڕێزی منداڵی گرت و گرنگی و بایەخی بە منداڵدا و پەروەردەیەکی باشی کرد و خۆی نموونە بوو بۆ منداڵەکانی، ئەوا ئەرکی قوتابخانەش ئاسانتر دەبێت و تاکێکی سوود بەخش و پێگەیشتوو و بەرپرسیار و خاکیبوون بەرهەم دێت، کە دەبێتە سەرمایەی نیشتمانی، بەپێچەوانەوە تاك لە قۆناغی یەکەمی ژیانی لەناو خێزاندا پەروەردە نەکرا قوتابخانەش بەو هەلومەرجەی ئێستا ناتوانێ پەروەردەی ئەو منداڵە بەشێوەیەك ڕاست بکاتەوە کە تەندروست بێت، بۆیە دەبێتە مایەی دەردەسەری بۆ قوتابخانە و خێزان و کۆمەڵگا، کەواتە ڕۆڵی خێزان و قوتابخانە گرینگ و کاریگەرە بۆ نیشتمانێك کە سەرجەم تاکەکانی هۆشیار و پڕ زانست و زانیاری و دەروون دروست بن، چونکە ڕێژەی کێشە و تاوان و گشت سەرپێچیەکان دواجار دەگەڕێتەوە بۆ خێزان و قوتابخانە چونکە ڕۆلێکی هاوبەشیان لە پەروەردەکردنی منداڵ هەیە. حکومەتیش بەرپرسە لەهەردووکیان بۆیە پێویستە مافەکانی منداڵ بەباشی دابین بکات و ئاستی و هۆشیاری خێزان و دایبابان بەرز بکاتەوە».

**پەروەردەکردنی منداڵ بەتەنها ئەرکی قوتابخانە نییە، بەڵکو پەروەردەکردن پێش قوتابخانە ئەرکی دایک و باوکە وەک خێزان، چونکە خێزان یەکەمین قوتابخانەی ژیانی منداڵە**

**ڕۆڵی خێزان و قوتابخانە گرینگ و کاریگەرە بۆ نیشتمانێک کە سەرجەم تاکەکانی هۆشیار و پڕ زانست و زانیاری و دەروون دروست بن**



# هونەری ڕۆژهەڵاتناسی

(٣)



**لە گەرمەی گەشە کردنی هونەری شێوەکاری لە نێو وڵاتانی ئەوروپادا، لە سەدەی نۆزدەمدا هونەری ڕۆژهەڵاتناسی، بە دروستی هونەری نیگار، دەبێتە هونەری هەرە باڵادەست و بەرجەستە. ئەو ڕەوتەی هونەر زۆر بە تەوژم تا سەرەتای سەدەی بیستەمیش هەر لە برەودا بوو. ئەو ڕووداوە دژوارانەی لە پای یەکەمین جیهانە جەنگەوە ڕوویان دا، ڕێ خۆشکەر بوون بۆ پەیدا بوونی ڕەوتی نوێ لە هونەری شێوەکاریدا. پەل هاویشتنی زلهێزانی ئەو سەردەمە، بە تایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا بۆ وڵاتانی ڕۆژهەڵات، فاکتەرێکی دیکە بوو، پەیوەست بە داکشانی هونەری ڕۆژهەڵاتناسی و پاشان ئاوا بوونی. لە پاڵ ئەوەشدا، پەیدا بوونی ڕەوتی وەك کلاسیزمی نوێ، ڕۆمانیك، دادابیزم، سوریالیزم. هتد، وای کرد چی دی ڕۆژهەڵات ئەو سیحر و تەلیسمەی جارانی نەمێنێت، ڕەخنەگرێکی عەرەب پێی وایە، بە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی جەزایر لەساڵی ١٩٦٢دا، ئیدی خۆری هونەری ڕۆژهەڵاتناسی ئاوا بوو.**

**ئا/ تاریق کارێزی**


پێشتر ئاماژەمان دا، ڕۆژهەڵاتناسی وەك شەقڵێکی زانست بایەخی بە زۆر بوار دا، بۆ نموونە مێژوو، ئایین، باری گوزەران و کۆمەڵایەتی، زمان، وێژە، خاك، شارستانیەت، بە تایبەتیش بایەخ بە کولتووری شارستانیی نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات دەدات. بەرهەمی ئەوان بووە بە مایەی بایەخ پێدانی توێژەرانی ڕۆژهەڵات و هەر کەس و توێژەرێکیش، کە بخوازێت بە ڕۆژهەڵات بە هەموو ڕەهەندێکییەوە، شارەزا و ئاشنا بێت.

هونەرمەندانی ڕۆژهەڵاتناس لە کێشانی وێنەی کەنیزە و کۆیلە و سیحرباز و فاڵچیدا زێدەڕۆییان کردووە، ئەوان بە دوای ئەندێشە و بابەتی سەرنج ڕاکێشەوە وێڵ بوون، بەم زێدەڕۆییەی لەم بوارەدا کردوویانە، ویستوویانە کڕیاری تابلۆی خۆیان سەرسام بکەن، خەیاڵی خۆشیان زاخاو بدەن و ئەو خەیاڵەش وەك ئەندێشە بەسەر ڕووی تابلۆدا بەتاڵ بکەن. ئەوان خەیاڵ و واقیعیان بە شێوەیەکی فراوان ئاوێتە بە یەك کردووە، هەر شت و دیاردە و ڕواڵەتێکی ژیان کەوت بێتە بەر دیدە و سەرنجیان، بە وردی کێشاویانە. ئەوان لە ناخەوە شەیدای ڕۆژهەڵات بوون، بۆیە لە گواستنەوەی ڕواڵەتەکانی خەڵکی ئەوێدا، دەست کراوە بوون. توێژینەوە لە هونەری ڕۆژهەڵاتناسی گەلێك لایەنی دەروون و کۆمەڵایەتی و کولتوور و سیاسەت دەخاتە ڕوو، دوو جیهانی بە یەك مێمڵ، لە یەك ڕادەمێنن و یەکیان بە زمانی ستاتیکا، وێنەی ئەوی دیکەیان دەکێشێت، هەموو ئەمە بە شێوەی هەمەجۆر لە بەرهەمی نیگارکێشانی ڕۆژهەڵاتناسیدا ڕەنگی داوەتەوە. هەر ئەم هونەرەش سەرەتا و دەسپێکی هونەری هاوچەرخی ئەوروپای دیاری کرد.

هەندێك لە ڕەخنەگران پێیان وایە، ئەو ڕۆژهەڵاتەی هونەرمەندانی ئەورووپا مەبەستیان بوو، ڕۆژهەڵات نییە بە واتای جوگرافیانەی، بەڵکوو زاراوەی ڕۆژهەڵات وابەستەی ڕووناکی و ڕۆژ هەڵاتن و ڕۆشنی و بەرچاو ڕوونی، هەروەها کولتوور و میراتی شارستانی و مێژووش، دەگەیەنێت.

خانمە توێژەری میسر د. ئیناس حوسنی پێی وایە، ڕۆژهەڵاتناسی «شێوازێکی بیر کردنەوەیە، پەیوەستە بە لە یەکدی جودا کردنەوەیەکی بوونایەتی (ئەنتۆلۆجی) و زانینخوازی (ئەپستمۆلۆژی)ی نێوان ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا. زانایانی ڕۆژاوا لە بارەی باوەڕ، شەریعەت، کولتوور، شارستانیەت، مێژوو، سیستەم و کەلەپوور و تواناکانی گەلانی ڕۆژهەڵات، بابەت و لێکۆڵینەوەیان نووسیوە. ئەمەش بە ئامانج و خواستی هەمەجۆر.» من پێشتر گوتم، ئەوەتا ئەو توێژەرەی عەرەبی میسریش جەختی دەکاتە سەر و دەڵێت «ئەو ئیماژ و کاریگەرییانەی نیگارکێشانی ئەورووپا لە هونەری بیزانسەوە بە میرات بۆیان مایەوە، کە بەشێکی زۆری بە ڕۆژهەڵاتەوە گرێ درا بوو، بەوەی ئایینی کریستیان لە فەلەستین پەیدا بووە، پاشان ئیمپراتۆریەتی ڕۆم بەرەو ڕۆژهەڵات پەلی هاویشت، ئەم ئیماژ و کاریگەرییانە تەژی بوون لە هونەری ئاسیا و هیلینستی، لە سەدەکانی ناوەڕاستدا بەرەو ئەورووپا پەڕینەوە.»





# خەونە بێکۆتاکانی بریانکا

بریانکا شۆپرا ئێستا بووەتە یەکێکە لە سەرکەوتووترین ئەستێرەکانی بۆلیۆد و توانیویەتی ڕێگەی سەرکەوتنی خۆی دیاری بکات، تەنانەت لە یەکەمینەکانە لە رووی زۆریی ژمارەی ئەو کارانەی بەشدارییان تێدا دەکات، چونکە بەرهەمهێنەر و دەرهێنەرەکان هەمیشە هەوڵ دەدەن لە کارەکانیاندا بەشداریی پێ بکەن.

دەرهێنەرەکان پێیان وایە هەر کارێکی بریانکا تێیدا بەشدار بێت، سەرکەوتنی مسۆگەرە، سەبارەت بەم سەرکەوتنەی چەند بوارێکی دیکەی ژیانی تایبەتی خۆی، دیمانەیەکی لەگەڵ گۆڤاری (Star World India) ئەنجام داوە و لە میانەی دیمانەکەدا باسی لە ژیانی تایبەتی خۆی کرد و ڕایگەیاند: «خۆم هەست بەوە دەکەم کە تا ڕاددەیەکی زۆر جیاوازم لە زۆر کەس، بەتایبەتی ئەوانەی لە بواری هونەردا کار دەکەن، خۆشەویستیم بۆ هونەر وای کردووە کە هەمیشە چاوم لە پێشکەوتنی زیاتر بێت، چونکە کەسێکم، هەمیشە خەون و ئاواتم زۆرە، بۆیە هەوڵ دەدەم کە بەرەو پێشەوە بڕوانم و ئاواتەکانم بێنمە دی».

سەبارەت بە هەوڵەکانی بۆ سەرکەوتن لە ژیاندا بریانکا دەڵێت: «دوای ئەوەی بە شاجوانی هیندستان هەڵبژێردرام، دواتریش بووم بە هەڵگری نازناوی شاجوانی جیهان، بەر لەوەی روو لە بواری نواندن بکەم، بۆ ماوەیەك بووم بە ئەندازیار، بەڵام تەنیا بوون بە ئەکتەر و شاجوان نابێتە هۆی ئەوەی کە سنوورێك بۆ ئاواتەکانم دابنێم، هیوا و ئاواتی من سنووری نییە».

سەبارەت بە کردنی کار لە دەرەوەی سنووری وڵاتەکەی بریانکا دەڵێت: «هیندستان وڵاتی هونەرمەندانە، ئێمە خاوەن هونەرمەندی زۆر گەورەین کە سنووری وڵاتیان تێپەڕاندووە، ئەمەش مانای ئەوە ناگەیەنێت کە پشت لە وڵاتی خۆمان بکەین، بە پێچەوانەوە هەمیشە شانازی بەوەوە دەکەین کە رۆڵەی هیندستانین، کە روومان لە دەرەوەش کردووە، تەنیا بۆ ئەوە بووە کە ناوبانگی وڵاتەکەمان بەرز بکەینەوە و بیسەلمێنین کە ئێمەش لە بواری هونەردا هیچمان لە کەسی دیکە کەمتر نییە».



میرهان:

# هەر کارێک دەیکەم کە خۆشم دەوێت

میرهام حوسێن بەوە ناسراوە کە ڕۆڵەکانی زیاتر یاخیبوونی تێدایە، بەڵام یاخیبوونی تەنیا دژی داب و نەریتە کۆمەڵایەتییە باوەکان نییە.

میرهان حسێن لە بارەی بڵاوبوونەوەی گرتە ڤیدیۆییەکانی لە سۆشیال میدیا دەڵێت: «من مەبەستم نییە دوو دڵی بکەم، هەروەها زۆر حەز دەکەم وێنە بکێشم و ماکیاژ بکەم و، هەندێك شت لەو کەسایەتییانە فێرببم کە لە ژیانمدا کاریگەرییان هەیە»، سەبارەت بەو شتانەی کە خۆشی دەوێن میرهان حسێن ئاماژەی بەوەدا کە زۆر حەزی لە زێڕینگەرییە، ئاماژەی بەوەشدا کە گوڵ ڕۆمانسییە، بەڵام دەکرێت ڕۆمانسییەت وەربگێڕدرێت بۆ وشەیەك، بەڵام ئەو تەنیا ئەو وشەیەی ناوێت».

لە بارەی بارودۆخی ئێستای سینەمای میسری میرهان دەڵێت: «سەرەڕای بابەتەکانی کەچی سینەما بەردەوام لە گەشەدایە و ئێستا کاری زۆر بە هێزتر و زیاتر پێشکەش دەکات، سەبارەت بە خۆشم ناتوانم حوکم لەسەر خۆم بدەم هەرچەندە هەنگاوەکانم هێواشن، بەڵام تێبینی ئەوە دەکەم کە ئێستا پێگەکەم باشتر بێت و شارەزاییم پەیدا کردووە، هەرچەندە دەزانم کە سەرکەوتن لە هونەردا ئاسان نییە، بەڵام توانیم بەسەر ئاستەنگەکانمدا زاڵ بم».

سەبارەت بە ڕۆڵی وروژاندن لە سینەمادا میرهان دەڵێت: «ناتوانم باس لە بابەتە بەشێوەیەکی گشتی بکەم، بەڵام سەبارەت بە خۆم بە هەموو شێوەیەك ڕۆڵی وروژاندن بەشێوەیەکی ئاشکرا و ڕاشکاوانە ڕەت دەکەم، بەڵام ئاساییە ڕۆڵێکی کۆمەڵایەتی ببینم کە کاریگەریی لە هەستی بینەر و جەماوەر نەکات و، بەشێوەیەك نەبێت کە زیاد پێم بڵێن ئەوەی تۆ دەیکەی زیاد لە پێویستە، چونکە ئاواتی من ئەوەیە بوونی خۆم بسەلمێنم و تەنیا لە ڕێگای هونەرەکەمەوە سەرکەوتوو بم».




**هیوا سوعاد:**

# حەوتەمین فیستیڤاڵی شانۆی هەولێر جیاوازیی زۆری دەبێت لەگەڵ خولەکانی پێشوو

**دوای ئەوەی لەبەر چەند هۆکارێک لە ساڵانی رابردوو راگیرا بوو، بڕیار وایە لە مانگی تشرینی دووەمی داهاتوو لە هەولێر حەوتەمین خولی (فیستیڤاڵی نێودەوڵەتی هەولێر بۆ شانۆ) ئەنجام بدرێت، سەبارەت بە وردەکارییەکانی فیستیڤاڵەکە بەڕێوەبەری هونەری شانۆی هەولێر (هیوا سوعاد) بەم جۆرە وردەکارییەکانی بۆ گوڵان خستە ڕوو.**

*** ئایا کۆرۆنا تاکە هۆکار بوو بۆ دواکەوتنی ڕێکخستنی حەوتەمین فێستیڤاڵی نێودەوڵەتیی هەولێر؟**

- لە راستیدا کۆرۆنا هۆکار نەبوو بۆ ئەنجام نەدانی ئەم فێستیڤاڵە لە هەولێر، بەڵکو تێبینیمان کرد کە نییەتێك هەبووە نایەوێت ئەم فیستیڤاڵە لە هەولێر ئەنجام بدرێت، تەنانەت رێگەیان نەدەدا کاری شانۆییش هەبێت، سێ ساڵە هەرچی نووسراوە بۆ شانۆ بەرزی دەکەینەوە رەت دەکرێتەوە، بەڵام ئێمەی شانۆکاران قسەمان هەبوو لەو بارەیەوە، جێگەی سەرسوڕمانە کە چەندین فێستیڤاڵ لە دهۆك، سلێمانی، کەرکوك، رانیە و چەندین شوێنی دیکە بەڕێوە چووە، بەڵام کە دەگاتە هەولێر، سەرەڕای بوونی دەیان شانۆکار، کەچی ئاستەنگ و گرفت دروست دەبێت وهەندێك بیانوو باس دەکرێن، کە هیچ پەیوەندی بە فێستیڤاڵ و بزووتنەوەی شانۆی لە هەولێر نییە.

*** چەند وڵات و گرووپی شانۆی پێشکەوتوو لەم خولەدا بەشداری دەکەن؟**

- تا ئێستا ١٥ شانۆگەری بۆ بەشداریکردن لە فێستیڤاڵەکەدا هەڵبژێردراون، شانۆگەرییەکان لە ئیتاڵیا، پۆڵەندا، ئەڵمانیا، ئوردن، میسر، لیبیا، تونس، سەڵتەنەتی عومان، ئێران، بەغدا، سووریا، سلێمانی، هەروەها شانۆگەرییەکی ئاشووری بەشداری لەم فێستیڤاڵەدا دەکات.

*** ئایا تەنیا شانۆگەری نمایش دەکرێت، یان سیمینار و گفتوگۆش لەخۆ دەگرێت؟**

- لە میانەی فیستیڤاڵەکەدا وۆرکشۆپمان هەیە لەسەر نووسینی شانۆیی، کۆمەڵە کتێبێك بڵاو دەکرێتەوە، هەروەها چەندین کۆڕ ساز دەکرێت، جگە لە کۆڕی تایبەت بە شانۆگەرییەکان، گۆڤارێکی تایبەت بە فیستیڤاڵ چاپ دەکرێت، رێز لە چەند کەسایەتییەك و فیلمی دیکیۆمنتاری لەسەر ژیانی چەند کەسایەتییەك ئامادە دەکرێت و گەشتێك بۆ چەند شوێنەوارێ ئەنجام دەدرێت.

*** جیاوازیی ئەم خولە لەگەڵ خولەکانی پێشووی فێستیڤاڵەکە چییە؟**

- ماوەیەکە فێستیڤاڵی شانۆیی لە شاری هەولێر رێك نەخراوە، بۆیە ئێمە لە لیژنەی ڕێکخستن دەبینین کە ئەم فێستیڤاڵە دەبێتە تەحەددا بۆ ئێمە، چەند وڵاتێك بۆ یەکەمجارە بەشداری دەکەن، لەوانە سەڵتەنەی عومان، سووریا و لیبیا، جگە لە زۆر شانۆکاری ناسراو، گۆڕانکارییەك لە رووی شوێنەکانی نمایشکردنی شانۆگەری و سیمینار و وۆرکشۆپەکانەوە هەیە، تەنانەت شوێنەکانیش بۆ تیمە بەشداربووەکان جیاواز دەبن لە فێستیڤاڵەکانی دیکە، پەنا بە خوای گەورە وبە هەوڵ و ماندووبوونی کەسانی پەیوەندیدار کە فێستیڤاڵێکی جیهانی ڕێك دەخەین کە لە لایەنە ڕێکخستن و تەکنیکییەکانەوە لەگەڵ ناوبانگی هەولێر بگونجێت، ئەمەش دەبێتە هاندەرێکی گەورە بۆ ئێمە، بۆ ئەوەی لە داهاتوودا کاری باشتر پێشکەش بکەین.

*** ئایا لە فێستیڤاڵەکەدا باشترین شانۆگەری، ئەکتەر، دەرهێنەر و سیناریۆ هەڵدەبژێردرێن؟**

- بێگومان وەك چۆن لە خولەکانی پێشووی فێستیڤاڵ سەبارەت بە خەڵاتەکان ئەنجاممان داوە، ئەم خولەش پڕ دەبێت لە خەڵات بۆ براوەکان، خەڵاتی باشترین ئەکتەر، باشترین شانۆگەری، باشترین دەرهێنان و باشترین سینۆگرافیا هەیە، جگە لە چەندین خەڵاتی دیکە کە دواتر رای دەگەیەنین.

*** کەرتی تایبەت هیچ ڕۆڵێکی دەبێت لەم خولەی فێستیڤاڵەکەدا؟**

- بەداخەوە کەرتی تایبەت و بازرگانان لە ئێستادا و لە ڕابردووشدا بەشدارییان لە ڕێکخستنی فێستیڤاڵەکەدا نەکردووە، ڕەنگە ئەمەش بەهۆی تێنەگەیشتنی تەواویان بێت لە گرنگیی شانۆ و ڕێکخستنی فێستیڤاڵی شانۆیی لە شاری هەولێر، هەروەها هەندێکیان بیر لە دەستکەوتنی قازانجی ماددی دەکەنەوە، رەنگە ئەم فێستیڤاڵە هۆکارێك نەبێت بۆ بەدەستهێنانی سوود، بەڵام پێویستە ئەوەیان لە یاد بێت کە فیستیڤاڵەکە بە ناوی هەولێر و بۆ هەولێرە و، هەرچی دەرەنجامێك هەبێت بۆ هەولێرە و خودی خۆیان سوودی لێ وەربگرن، ئەگەر بیکەنە نەریتێك و پشتگیری لە فیستیڤاڵەکە بکەن، رەنگە پێویستمان بە پشتگیریی حکومەت نەبێت.

*** لە خولی پێشووەوە تا ئێستا ژمارەیەك ئەستێرەی شانۆی کوردی ماڵئاواییان کردووە، چۆن لەم خولەدا یادیان دەکرێتەوە؟**

- بێگومان ئێمە ئەوانیشمان لە یاد نەکردووە، تەنانەت بەر لەوەی رەزامەندییش بدرێت لەسەر سازدانی فیستیڤاڵ، ئێمە دامانناوە فیلمێکی تایبەت لەسەر ژیانیان تۆمار بکەین، هەروەها بڕگەیەکی تایبەت دەبێت لە فیستیڤاڵ بۆ رێزگرتن لە ژیان و بەرهەمیان و کەسوکاریان، تا کار و بەرهەمەکانیان بە زیندوویی لە یادەوەریی ئێمەدا بمێننەوە و، هەوڵ دەدەین سوود لە ئەزموونیان وەربگرین.

یادی محەمەد :

گۆڵپارێزی تیپی تۆپی دەستی هەڵبژاردەی عێراق

# پێشکەوتنی یاری تۆپی دەست پێویستی بە ڕاهێنانی یاریزانی تازەپێگەیشتوو هەیە





**تیپی تۆپی دەستی یانەی وەرزشیی هەولێر، یەکێکە لە تیپە بەهێزەکانی سەرئاستی کوردستان و عێراق و هەمووکات ڕکابەری یانە بەهێزەکانی سەر ئاستی خولە بەهێزەکانی کوردستانە و کارگێڕیی یانەکەش بەردەوام گرنگی بە یاریزانانی دەدات،ساڵانەش بۆ خولەکانی دەرەوە وەکو خولی یانەکانی عەرەبی بەشدار دەبن، کارگێڕیی یانەی هەولێر بەردەوام گرنگی بە کچە یاریزانانی یانەکەی دەدات بۆ ئەوەی لەوپەری ئامادە باشیدابن بۆ خول و پاڵەوانێتییەکان، کچانی یانەکەش لە یاریزانە بەهێزەکانی کوردستان و عێراقن، یەکێك لە گۆڵپارێزە هەرە بەتواناکانی کوردستان و عێراقیش کچە گۆڵپارێز (یادی محەمەد)ـە کە ماوەیەکی زۆرە بەرگری لە تۆڕی گۆڵی یانەی هەولێری پایتەختی کوردستان دەکات، یادی لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٩شاری هەولێرە و خاوەنی چەندین ئەنجامی شایستەیە، جگە لە یانەی هەولێر بۆ یانەکانی قەڵا و ئافرەتانی هەولێر و هەڵبژاردەی عێراقی یاریی کردوە، گۆڤاری گوڵانیش لە نزیکەوە چەند پرسیارێکی ئاراستە کرد، ئەویش وەڵامی پرسیارەکانی دایەوە.**

**دیمانە: کارزان کانەبی**

*** تۆپی دەست لای تۆ چی دەگەیەنێت؟**

- تۆپی دەستی لای من حەز و ئارەزوو و خولیایە.

*** بۆچی بەردەوام ململانێ هەیە لە نێو یاریزانانی شاری هەولێردا و هۆکارەکەی چییە؟**

- لە ناو هەموو وەرزشێکدا کێبڕکێ هەیە، بەڵام ئەم ساڵ جیاواز لە ساڵانی پێشوو زیاترە، چونکە یانەکانی ئەم ساڵ ئاستی یاریزانەکانیان نزیك لە یەك بوون.

*** کەمیی ئەنجامدانی پاڵەوانێتی کاریگەریی هەیە لە سەر ئێوەی یاریزان؟**

- تۆپی دەست لە شاری هەولێر پشتگوێ خراوە، درەنگ درەنگ خولی تایبەت بەم یارییە بەڕێوە دەچێت، ئەوەش کاریگەری دەبێ لەسەر ئاستی یاریزانان.

*** ئاستی ئەم یارییە چۆن دەبینیت لە کوردستان؟**

- بەهۆی نەبوونی توانای دارایی و پاڵپشتی دارایی زۆربەی یانەکانی نەیانتوانی بەشداری بکەن، ئەوەش ئاستەکەی بەهێز نابێت.

*** بۆ پێشکەوتنی ئاستی یاریی تۆپی دەست چی بکرێت باشە بە شێوەیەکی گشتی؟**

- بۆ ئەوەی یاریی تۆپی دەست پێش بکەوێت یاریزانی تازە پێگەیشتوو بهێنن ڕاهێنانیان پێ بکەن، هەروەها لە ڕووی ماددییەوە هاوکاری یانەکان بکرێت.

*** گرفتی ئێوەی ئافرەت لە شاری هەولێر زیاتر لە چیدا ڕەنگ دەداتەوە؟**

- لەوانەیە هەندێك لە خانەوادەکان ڕێگر بن بۆ هاتنی کچەکانیان بۆ نێو یانە یان یاریگە، ئەوەش دەبێتە هۆکار بۆ دروست نەبوونی یاریزانی بەتوانا.

*** خەونی وەرزشیت چییە وەکو کچە یاریزانێك؟**

-خەونی وەرزشیی هەموو یاریزانێك ئەوەیە بگاتە ئەو ئاستە کە بتوانێت وەکو یاریزانی پیشەگەر لە دەرەوەی وڵات یاری بکات.

*** ئامانجت لە وەرزش کردن چییە؟**

- ئامانجم ئەوەیە ئاستێك پێشکەش بکەم کە ببمە جێی سەرنج بۆ هەمووان.

*** بە چ یاریزانێکی جیهانی سەرسامیت لە نێو یاریگە؟**

- سەرسامم بە گۆڵپارێزی هۆڵەندی (Tess wester).

*** پلانی داهاتووت چییە؟**

- هەوڵ دەدەم لە داهاتوودا بەشداریی خولی گۆڵپارێزی بکەم و ببمە ڕاهێنەری گۆڵپارێز.

*** داواکاریت لە بەرپرسانی وەرزشی چییە؟**

- هیواداریـن پشتگیری بکرێین لە ڕووی هەموو شتێکەوە، بۆ ئەوەی کاتەکانی یاریمان بۆ دیار بکرێت، کە لە ساڵێکدا دووجار بەڕێوە بچێت، نەك بەهۆی نەبوونی پارە و پاڵپشتی بۆ یانەکان لە چەند ساڵێکدا یەك پاڵەوانێتی بکرێتەوە.

*** ئەگەر شتێکت ماوە لە کۆتاییدا؟**

-زۆر سوپاس بۆ گۆڤاری گوڵان، هیوادارم هەر بەم شێوەیە پاڵپشتی وەرزشکارانی کوردستان بن.

# مێسی بەربژێرەکانی بۆ بەدەستهێنانی نازناوی مۆندیال دەستنیشان کرد

مێسی دوو هەڵبژاردە بەربژێر دەکات بۆ بردنەوەی نازناوی مۆندیالی ٢٠٢٢ی قەتەر و پێیوایە ئەرژنتینا بەربژێر نییە بۆ بردنەوەی نازناوەکە.
لیۆنێل میسی ئەستێرەی پاریس سانت جێرمان لە لێدوانێکی بۆ رادیۆی مۆنتی کارلۆی فەرەنسی دەڵێت: بەشێک لە هەڵبژاردەکان بەربژێرن بۆ بردنەوەی نازناوی مۆندیالی ٢٠٢٢ـی قەتەر لە نێوانیاندا بەڕازیل، ئەڵمانیا، فەرەنسا، ئەنگڵتەرە و ئیسپانیا بەبێ ئەوەی ناوی ئەرژەنتین بهێنێت.
مێسی هێما بۆ ئەوەش دەکات ئەگەر داوای لێبکرێت تەنیا هەڵبژاردەیەک یان دووان بەربژێر بکات بۆ بردنەوەی نازناوەکە ئەوە بەڕازیل و فەڕەنسا هەڵدەبژێرێت و دووپاتیدەکاتەوە ئەم دوو هەڵبژاردەیە گەورەترین بەربژێرن بۆ بردنەوەی نازناوی مۆندیالی قەتەر.
مێسی، کە لە مۆندیالی ٢٠١٨ لە قۆناغی شازدە لەگەڵ ئەرژەنتین ماڵئاواییان کرد لە ماوەی رابردوو ئاماژەی بەوە کردبوو، کە مۆندیالی ٢٠٢٢ دوایین مۆندیالی دەبێت لە کاروانی یاریکردنی.
بڕیارە لە ٢٠ی مانگی داهاتوو مۆندیالی قەتەر دەستپێبکات و تاکو ١٨ی مانگی دواتر بەردەوام دەبێت، هەڵبژاردەکەی ئەرژەنتین بە سەرکردایەتی مێسی لە قۆناخی کۆمەڵەکانی مۆندیال لە کۆمەڵەی سێیەم هاوشانی سعوودیە، مەکسیك و پۆڵەندا یاری دەکەن.





## ئەستێرەیەکی ئیسپانیا هەڕەشەی بێبەشبوونی مۆندیالی لەسەرە

یانەی ئەتلەتیکۆ مەدریدی ئیسپانی ئاشکرای کرد، کۆکێی کاپتنی یانەکەیان لە یاری یانەکەی بەرانبەر یانەی ئەتلەتیکۆ بیلباو لە خولی ئیسپانیا، دووچاری پێکان بووە، بەمەش هەڕەشەی لەسەرە نەتوانێت بەشداری مۆندیال بکات.
کۆکیی یاریزانی ئەتلەتیکۆ مەدرید و هەڵبژاردەی ئیسپانیا لەم یارییە لە رانیدا دووچاری پێکان بووە.
بە پێی زانیاریی میدیاکانی ئیسپانیا، کۆکێ پێشبڕکێ لەگەڵ کات دەکات، بۆ ئەوەی چاك بێتەوە و بتوانێت بەشداری مۆندیالی ٢٠٢٢ بکات.
یانەی ئەتلەتیکۆ مەدرید روونیکردەوە، کۆکێ، کە ٦٧ یاری نێودەوڵەتی لەگەڵ ئیسپانیا کردووە، دەستبەجێ دەستی بە قۆناغی چاکبوونەوە کردووە بەبێ ئەوەی وادەی گەڕانەوەی دیاری بکرێت، بەڵام میدیاکانی ئیسپانیا ئاشکرایان کردووە، کە بۆ ماوەی سێ هەفتە لە یاریگەکان دوور دەکەوێتەوە.
ئیسپانیا لە ٢٣ی مانگی داهاتوو، لە چوارەم رۆژی مۆندیالی قەتەر، بەرانبەر کۆستاریکا یاری دەکات، دواتر لەگەڵ ئەڵمانیا و ژاپۆن یاری دەکات.





# بنزیما خەڵاتی باڵۆندۆری وەرگرت

کەریم بنزیما ئەستێرەی ریال مەدرید، لە تەمەنی ٣٤ساڵیدا دوای وەرزێکی سەرکەوتوو، توانی خەڵاتی تۆپی زێڕین (بالۆن دۆر) بەدەست بهێنێت.
لە شانۆی شاتلیێ لە پاریس، ئاهەنگی دابەشکردنی ٦٦مینی خەڵاتەکانی گۆڤاری فڕانس فوتبۆڵ بەڕێوەچوو، لە ناویاندا خەڵاتی تۆپی زێڕین (بالۆن دۆر).
کەریم بنزیما ئەستێرەی ریال مەدرید و هەڵبژاردەی فڕەنسا، خەڵاتی بالۆن دۆری وەك باشترین یاریزان بۆ ساڵی ٢٠٢٢ بەدەست هێنا.
کەریم وەرزی رابردوو هەموو شتێکی بەدەست هێنا، خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەورووپا، خولی ئیسپانیا، جامی سوپەری ئیسپانیا، گۆڵکاری خولی پاڵەوانەکانی ئەورووپا و گۆڵکاری خولی ئیسپانیا و گۆڵکاری سوپەری ئیسپانیا.
لە ئاهەنگەکەدا زەینەدین زیدان خەڵاتەکەی پێشکەش بە بنزیما کرد و هاوکات باوك و دایك و برا و خێزان و منداڵەکەی بنزیما ئامادەبوون.
هەر لە بۆنەکەدا خەڵاتەکانی تریش دابەش کران، کە بەم شێوەیە بوون:
کۆرتوای گۆڵپارێزی ریال مەدرید، خەڵاتی باشترین گۆڵپارێزی وەرگرت، خەڵاتی (یاشین).
لیڤاندۆڤسکی، هێرشبەری بەرشلۆنە، خەڵاتی گێرد مولەری وەک باشترین گۆڵکار وەرگرت.
یانەی مانچستەر سیتیی ئینگلیزی، خەڵاتی باشترین یانەی وەرگرت.
سادیۆ مانێ یاریزانی بایرن میونیخ ، خەڵاتی سۆکراتیسی وەرگرت، بە هۆی ئەنجامدانی کاری خێرخوازی و مرۆڤانە.
ئالیکسیا پۆتیاس یاریزانی بەرشلۆنە، بۆ ساڵی دووەمی لەسەریەک، خەڵاتی بالۆن دۆری وەک باشترین خانمە یاریزان لە ٢٠٢٢ وەرگرت.
گاڤی، یاریزانی بەرشلۆنە خەڵاتی (کۆپا)ی وەک باشترین یاریزانی لاو وەرگرت.



# ئیڤان خالید
# بۆ کارەبا زۆر یانەی ڕەتکردەوە

یانەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراقی بەردەوام لە هەوڵدان بۆ ئەوەی ئەستێرە کوردەکانی شارەکانی کوردستان بگوازنەوە ریزی یانەکانیان، لەم ناوەشدا چەندین یاریزانی کورد پەیوەندیان بە ریزی یانەکانی دیکەی شارەکانی عێراقی کردووە بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی عێراقی، یەکێك لەم یاریزانانەش (ئیڤان خالید)ی یاریزانی پێشووی یانەی هەولێرە، لە بارەی پەیوەندیکردنیشی بە ریزی یانەی کارەبا، ئیڤان بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «ساڵێکی باشم بەڕێ کرد لەگەڵ یانەی کارەبا و گەیشتنە یاریی کۆتایی جامی عێراق، ئەوەش دەستکەوتێکی گرنگە بۆ من، منیش لەگەڵ یانەی کارەبا ئاسوودەم و کاپتن لوئەی زۆر سوور بوو لەسەر نوێکردنەوەی گرێبەستەکەم»، لە بارەی هەبوونی گرێبەستی دیکەش ئیڤان گوتی: «لە هەریەك لە یانەکانی زاخۆ و نەورۆز وتەڵەبە و نەجەف و نەفتی میسان گرێبەستم بۆ هاتبوو، بەڵام من بەهۆی ئاسوودەییم، یانەی کارەبام هەڵبژارد، بەهۆی بوونی کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانا لەم یانەیە، ئێستاش تیپێکی زۆر باشمان هەیە و دەتوانین کێبڕکێ بکەین لەسەر پلەکانی پێشەوە، و دەتوانین ئەو ئامانجە بپێکین و بە هەمان نەفەسی وەرزی ڕابردوو ئاست و ئەنجامی گەورە بەدەست بهێنین، منیش وەکو یاریزانێکی کورد هەوڵدەدەم ئاستێکی باشتر لە وەرزی ڕابردوو پێشکەش بکەم، لە هەر شوێنێك بم ئامانجم ئەوە بووە کە باشترین یاریزان بم و باشترین ئاست پێشکەش بکەم»، لە بارەی گرفتەکانیش گوتی: «هیچ گرفتێکم نییە لەگەڵ یانەی کارەبا، بگرە زۆریش ئاسوودەم لەگەڵ دەستەی ڕاهێنەران و یاریزانانی یانەکە، هەموومان بە یەکەوە ئامانجی گەورەمان هەیە لەم یانەدا».

## خولی نایابی تۆپی دەست

بەمەبەستی گرنگیدان بە یارییەکانی تۆپی دەست لە شارەکانی کوردستان و وەکو بەرنامەی ساڵانەی خۆی، فیدراسیۆنی تۆپی دەستی کوردستان بۆ وەرزی نوێی خولی نایابی تۆپی دەستی یانەکانی کوردستان بۆ ئاستی کوڕان، هەڵسا بە ئەنجامدانی خولی نایابی تۆپی دەستی، بۆ سەرجەم یانەکانی کوردستان، لە بارەی ئامادەکارییەکانی ئەم وەرزەش سەرکەوت موحسین سکرتێری یەکێتی فیدراسیۆنی تۆپی دەستی کوردستان لە بارەی ئامادەکارییەکانیان، بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «وەکو فیدراسیۆنی تۆپی دەستی کوردستان ئامادەکاریی پێویستمان کردووە بۆ ئەوەی سەرجەم یانەکانی کوردستان بەشداری بکەن، هەریەك لە یانەکانی هەولێر و کەرکووك و سلێمانی و کۆیە و سۆلاڤی نوێ و سۆران بەشداری ئەم وەرزەی خولی نایابی یانەکانی کوردستان دەکەن بۆ ئاستی کوڕان، هەوڵمان داوە بە جوانترین شێوە پێشوازی

# هێرۆ لەگەڵ سەنحاریب ئاسوودەیە



یانەکانی کوردستانساڵانە کێبڕکێ لەسەر بەدەستهێنانی پلەکانی پێشەوە لە خولی باڵەی یانەکانی کوردستان و عێراق دەکەن، یانەی سەنحاریبی شاری دهۆکیش هەموو ساڵێك ئاست و ئەنجامی باشی هەیە لە خولەکاندا، ئەمساڵیش پشتی بە کۆمەڵێك یاریزانی بەتوانا بەستووە، یەکێك لە یاریزانە بەتواناکانی یانەکەش (هێرۆ جەمیل)ی یاریزانی یانەی وەرزشیی سەنحاریبە، کە بە گرێبەستێك لە ناحیەی تەق تەقەوە پەیوەندیی کردووە بە سەنحاریبەوە، لەم بارەشەوە هێرۆ جەمیل بۆ گۆڤاری گوڵان گوتی: «من ئەمساڵ بە گرێبەستێك پەیوەندیم کردووە یانەی سەنحاریبەوە، توانیمان ئاستێکی زۆر باش پێشکەش بکەین بۆ ئەوەی نازناوەکانی کوردستان و عێراقی بەدەست بهێنین، من لە یانەی سەنحاریب زۆر ئاسوودەم، لە ساڵی ٢٠٠٦ تا ئێستا یاریی باڵە دەکەم، لە هەریەك لە یانەکانی تەق تەق و کۆیە و برایەتی یاریم کردووە، زۆریش ئاسوودە بووم ئەو ماوەیە کە لە ریزی یانەکەی شاری دهۆك یاری دەکەم، لە هەر شوێنێك یاریم کردبێت ئاستی باشم و پێویستم پێشکەش کردووە، ئەوەندەشی لە تواناما بێت، خزمەتی یانەکانی کوردستانم کردووە».



## ـــی کوردستان دەستی پێ کرد

لەم خولە بکرێت و یارییەکانیش لە سەرجەم شارەکانی کوردستان بەڕێوە دەچێت، خولەکە بە شێوازی چوون و هاتنە بۆ سەرجەم یانە بەشداربووەکانی کوردستان، بەهیوای ئەوەین بتوانین خولەکە بەشێوەیەکی زۆر جوان و سەردەمییانە لە سەر شێوازی نێودەوڵەتی ئەنجام بدەین، هەفتەی سێ یاری لە نێوان هەر شەش یانەی بەشدار بوو بەڕێوە دەچێت، لە بارەی گرفتەکانیش گوتی: «هیچ گرفتێکی ئەوتۆمان نییە و تەنیا دەمانەوێت خولەکە بە شێوازیکی جوان بەڕێوە ببەین، سوپاسی سەرجەم یانە بەشداربووەکانیش دەکەین، بۆ ئەوەی بتوانین خولێکی بەهێز بەڕێوە ببەین، ئامانجی ئێمە گرنگیدانە بە یارییەکانی تۆپی دەست لەسەر ئاستی کوردستان، بۆ ئەوەی بتوانین زیاتر خزمەتی ئەو یارییە بکەین».





# ئایا لە زستاندا پێویستیمان بە کەپسولی ڤیتامین D دەبێت؟

ڤیتامین D زۆر گرنگە بۆ تەندروستی، تیشکی خۆر سەرچاوەی سەرەکی سروشتیی ئەم ڤیتامینەیە بۆ دابینکردنی بڕی تەواوی ڕۆژانە. لە وەرزی زستاندا لەگەڵ کەمبوونەوەی بەرکەوتن بە تیشکی خۆر ئەگەری کەمیی ڤیتامین D زیاد دەبێت چونکە لەوانەیە کە دابینکردنی بڕی پێویستی ڕۆژانە تەنیا لە خۆراکەوە کارێکی ئاسان نەبێت، بۆیە پێویستە کە ڤیتامین D لە ڕێگای کەپسول وەربگیرێت بە ڕێنمایی دکتۆر کە بڕ و ماوەی بەکارهێنانی دیاردەکات. بە شێوەیەکی گشتی بە درێژایی مانگەکانی وەرزی زستان ڕۆژانە وەرگرتنی یەك کەپسول کە ٢٠٠٠ یەکەی جیهانی (٥ مایکرۆگرام) ڤیتامین D3 کە بە کۆلیکالسیفیرۆل Chle-calciferol ناسراوە لەخۆبگرێت لەپاش یان لەگەڵ ژەمی سەرەکی خۆراکدا بەسە بۆ کەسانی پێگەیشتوو. نیشانەکانی کەمیی ڤیتامین D: لاوازبوونی سستمی بەرگریی لەش و زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە هەوکردنە

# چەند ڕێگایەکی ئاسان بۆ دابەزاندنی کۆلیستیرۆل

ئەمە سەلمێنراوە کە دابەزاندنی ئاستی کۆلیستیرۆل ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشیی دڵ و جەلتەی مێشك کەم دەکاتەوە. بۆ دابەزاندنی ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆل پەیڕەوی ئەم هەنگاوە سادانە بکە: بچووککردنەوەی قەبارەی ژەمەکانی خۆراك، جۆراوجۆرکردنی خۆراك و هەڵبژاردنی خۆراکی تەندروست کە بڕێکی باشی سەوزە و میوە و پاقلەمەنییەکان لەخۆبگرێت لەگەڵ ماسی و چەورییە تەندروستەکان بە بڕی کەم وەکو زەیتی زەیتوون یان زەیتی کانۆلا Canola oil، هەروەها کاکڵە گوێز و باوی لەگەڵ خۆراکی دەوڵەمەند بە ریشاڵ و ماددە دژەئۆکسانەکان کە ڕۆڵی بەرچاویان لە دابەزاندنی ئاستی بەرزی کۆلیستیرۆلدا هەیە بەتایبەتی کۆلیستیرۆلی خراپ LDL، هەروەها دانەوێڵەی تەواو، دووركەوتنەوە لە خۆراکی خێرا کە چەورییە تێر و نێوەندەکان Trans fats لەخۆدەگرن، کەمکردنەوەی خواردن لە دەرەوەی ماڵ، دابەزاندنی کێشی زیادی لەش بە چاودێریی پزیشکی، ڕۆژانە ئەنجامدانی مەشقی وەرزشی هەوایی سووك یان مامناوەندی کە لە ٤٥ خولەك کەمتر نەبێت بەلای کەم هەفتانە ٥ جار وەکو پیادەڕۆیی یان مەلە یان ڕاکردن، پەیڕەوکردنی هەموو ڕێگاکانی سووککردنی سترێسی ژیانی ڕۆژانە، دووركەوتنەوە لە جگەرەکێشان، دووركەوتنەوە لە خواردنەوە ئەلکهولییەکان.

# هۆکارەکانی خەوزڕان





خەوزڕان Insomnia حاڵەتێکی باوە، واتە گرفت لە نووستندا بە شێوەی گرفت لە چوونەخەو یان بەردەوامبوونی خەو یان بیداربوونەوە بەر لە تەواوکردنی خەوێکی دروست. خەوزڕان ٣ جۆری هەیە: خەوزڕانی کاتی Transient کە بۆ ماوەی کەمتر لە یەك مانگ بەردەوام دەبێت،خەوزڕانی تیژ Acute یان کورت خایەن کە ١-٦ مانگ دەخایەنێت، خەوزڕانی درێژخایەن Chronic کە لە ٦ مانگ زیاتر بەردەوام دەبێت. هۆکارە سەرەکییەکانی خەوزڕان: سترێس، چوونە ژینگەی و دەوروبەرێکی نوێ و نامۆ، ڕووناکیی زۆر و غەڵبەغەڵب، گەرمای زۆر، جێگای نارەحەتی خەوتن، پیشەی نوێ یان گۆڕینی قوتابخانە یان چوونە زانکۆ، شوێن گواستنەوە، تاقیکردنەوە و ئەزموونەکان، مردنی کەسی نزیك و ئازیز، گرفت لە پەیوندییە کۆمەڵایەتییەکان، خەمۆکی، گرفتی تەندروستی وەکو لووتگیران یان هەستەوەریی لووت، گەڕانەوەی ترشەلۆکی گەدە بۆ بەشی خوارەوەی سوورێنچك Acid reflux، نەخۆشیی گلاندی دەرەقی، ئازاری درێژخایەن، نەخۆشیی پارکینسۆن، هەناسەتەنگی لەکاتی خەودا Sleep apnea، بەساڵاچوون، جگەرەکێشان، خواردنەوە ئەلکهولییەکان، زیاد خواردنەوەی شلەمەنییە کافائینییەکانی وەکو چای و قاوە، هەروەها وەکو زیانی لابەلای بەکارهێنانی چەند دەرمانێك، بۆنموونە دەرمانەکانی کۆنترۆلکردنی پەستانی بەرزی خوێن، دەرمانی هۆرمۆنی، لەگەڵ دەرمانەکانی چارەسەرکردنی ڕەبو و هەستەوەری.

# ڕۆژانە چەند پرۆتین پێویستە بۆ بینای ماسولکەکان؟

پرۆتین لە ترشە ئەمینییەکان Amino acids پێکدێت، لە هەموو خانە و شانەکانی لەشدا هەیە و ڕۆڵی زۆر گرنگی هەیە بەتایبەتی بۆ هێز و گەشەی ماسولکە وچاکبوونەوە پاش هەر زەبر و برینداربوونێك، هەروەها فرمانی بەرگریی لەش و بەرهەمهێنانی وزە. پرۆتین کە لە خۆراکەوە دەگاتە کۆئەندامی هەرس، شیدەبێتەوە بۆ ترشە ئەمینییەکان کە لەش سوودیان لێوەردەگرێت. سەرچاوە خۆراکییە دەوڵەمەندەکانی پرۆتین: گۆشتی سوور، پەڵەوەر، هێلکە، ماسی، شیرەمەنی، سۆیا، پاقلەمەنییەکان، کاکڵەکانی وەکو گوێز و باوی، نیسك، لەگەڵ تۆوەکان. پێویستیی ڕۆژانەی پرۆتین بۆ تەمەنی ١٩ ساڵ و بەسەرەوە بریتییە لە ٥٠-١٧٥ گرام کە کۆی وزەی ڕۆژانە ٢٠٠٠ کالۆری بێت، یان ٠,٨ گرام پرۆتین بۆ هەر کیلۆگرامێك کێشی لەش. وەرگرتنی بڕی کەمی پرۆتین لە خۆراکەوە کە پێویستیی لەش پڕنەکاتەوە واتە کەمتر لە ٥٠ گرام ڕۆژانە، دەبێتە ئەگەری پووکانەوە یان کەمبوونەوەی بارستایی ماسولکەکان، هەروەها وەرگرتنی بڕی زیاتر لە پرۆتین لە خۆراکەوە کە لە ٢ گرام بۆ هەر کیلۆگرامێك کێشی لەش زیاتر بێت ئەوا زیان بە تەندروستی دەگەنێت.





## مەترسییەکانی نەخۆشیی شەکرەی دەستنیشان نەکراو!

بەپێی ئامارە پزیشکییەکان نزیکەی ٢١,٤٪ ی پێگەیشتووان دوچاری نەخۆشیی شەکرە دەبن کە بۆ ماوەی چەند ساڵێك بەردەوام دەبێت بێ ئەوەی کە درکی پێبکەن و دەستنیشان بکرێت، چونکە نیشانە زووەکانی پاش تووشبوون نیشانەی گشتین کە لەوانەیە گومانی نەخۆشیی شەکرەیان لێنەکرێت. ئەگەر نەخۆشیی شەکرە بە دروستی دەستنیشان نەکرێت و چارەسەرنەکرێت بۆ کۆنترۆلکردنی ئاستی شەکری خوێن، ئەوا ئەگەری ئاڵۆزیی تەند وستیی گەورە دێنە پێشەوە بە شێوەی: زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە نەخۆشی دڵ و بۆڕییەکانی خوێن، نۆرەی دڵ، جەلتەی مێشك، هەوکردنی دەمارەکان Neuropathy، نەخۆشیی گورچیلە کە لەوانەیە ببێتە پەککەوتنی یەکجارەکی گورچیلەکان، گرفت لە تۆڕەی چاو و زیادبوونی ئەگەری ئاوی سپی و ئاوی ڕەش Glaucoma کە لەوانەیە ببێتە هۆی کوێربوون، گرفت لە پێیەکاندا لە ئەنجامی کەمبوونەوەی هاتووچۆی خوێن کە هەندێك جار کار دەگاتە لاڕەشە کە تەنیا بە بڕینەوە بە نەشتەرگەری Amputation چارەسەردەکرێت، گرفتەکانی پێست بە شێوەی هەوکردنی بەکتریایی و ڤایرۆسی، دواکەوتنی چاکبوونەوەی برین، گرفت لە کۆئەندامی هەرسدا بە شێوەی هێڵنج و ڕشانەوە و ئازاری گەدە، گرفتی پوك و هەوکردنی ئێسکی شەویلاك. قەزای دووکانی سەر بە پارێزگای سلێمانی گرنگیی بە زۆربەی یارییە وەرزشیەکان دەدات لە هەردوو ئاستی کوڕان و کچان و ساڵانە لە چەندین یاری ئەنجامی بەرچاوی هێناوە، ئەمساڵیش دەیەوێ لە خولەکە تیپی فوتساڵ شەڕی بەدەستهێنانی ئەنجامی گەورە بکات.

# زیانەکانی کات بەسەربردن تا درەنگانی شەو!

خەوی دروست زۆر گرنگە بۆ تەندروستیی مێشك و جەستە، مانەوە و بەسەربردنی كات تا درەنگانی شەو Staying up late هۆكارە بۆ تووشبوون بە گەلێك گرفتی تەندروستی. لە توێژینەوەیەكی نوێدا هاتووە كە دواخستنی نووستن و كات بەرسەربردن تا درەنگانی شەو هاندەرە بۆ نووستن و پرخە لەكاتی رۆژدا كە ئەگەر ماوەكەی لە ٣٠ خولەك زیاتر بێت ئەوا ئەگەری تووشبوون بە زیادبوونی چەوریی جگەر Fatty liver زۆر بەرزدەبێتەوە. لە لایەكی تر، لێكۆڵینەوەكان ئاماژەیان بەمە كردووە كە مانەوە تا درەنگانی شەو و بەیانییان درەنگ لەخەو هەڵسان هاندەرە بۆ زیادبوونی ئەگەری تووشبوون بە: تاریكبوونی رەنگی پێستی بەری چاوەكان بە شێوەی ئەڵقەی تاریك Dark circles، پەستی، زیادبوونی كێشی لەش، خەوزڕان، زیادبوونی ئەگەری كارەساتە دەستكردەكان لەبەر كەمبوونەوەی سەرنج یان تەركیز، هەروەها تووشبوون بە چەند جۆرێكی شێرپەنجە. گرنگترین نیشانەكانی زیادبوونی رێژەی چەوریی جگەر بریتین لە: هەستكردن بە تێربوون و پڕبوونی گەدە، سك ئێشە، هێڵنج، كەمبوونەوەی ئارەزووی خواردن، كەمبوونەوەی كێشی لەش، زەردبوونی پێست (زەردوویی Jaundice)، ئاوسانی سك و قاچەكان، هەروەها هەستكردن بە بێهێزی گشتیی لەش.



# کامێرای واقیعی- مەجازی ٣٦٠ پلە

بەر لە هەموو شتێك رەنگە خوێنەر نەزانێت دەستەواژەی واقیعی- مەجازی چییە و بۆ بە کوردی مانا ناکرێتەوە. بەداخەوە هەتا ئێستا ناوێکی وای بۆ دانەندراوە و منیش نامەوێ لەخۆوە ناوێکی بۆ دابنێم. بەڵام وشەی واقیعی-مەجازی بەو ئامێرانە دەگوترێن کە لە راستیدا مەجازین واتە واقیعی نین، بەڵام کاتێك بەکارهێنەر سوودی لێوەردەگرێ وەك واقیعی خۆی دەبینێتەوە. بۆ نموونە ئامێرێ هێدست کە کاتێك وەك چاویلکە لەسەر دەکرێت ئەو دیمەنانەی کە دەیانبینی وەك واقیعی دەچین.



کامێرای واقیعی- مەجازی فیلم و وێنە هەڵدەگرنەوە لە هەموو لاوە بۆ بینەر کە سەیری دەکات وەك ئەوە وایێ خۆی لە شوێنەکەیە. بۆ نموونە کامێرای جۆری Kandao Obsidian GO 360 کە بەشێوەی ٣٦٠ پلە واتە بە هەمووﻻیەکدا فیلم بە کوالیتی K4 و بەشێوەی 3D هەڵدەگرێتەوە. وێنەکانیش بە کوالیتی K8 و بەشێوەی 3Dین. کامێراکە لەسەر درۆنی تایبەت بە فیلم هەڵگرتنەوە دادەنرێت یا دەتوانی لەسەر ستاند دایبنێی.

کامێراکە شەش لێنز واتە چاوی هەیە بۆ فیلم هڵەگرتنەوە. هەرکام بە جیا فیلم یا وێنە هەڵدەگرنەوە و دواتر بەهۆی پرۆگرامێکی تایبەتەوە کە لەخۆیدایە تێکەڵ دەکرێن و دەبنە یەك وێنە. شەحن دەکرێتەوە و وزەکەی هەتا دوو کاتژمێر لە کاتی فیلم هەڵگرتنەوە و ٨ کاتژمێریش لەکاتی وێنەگرتندا دانابەزێت.



# شەحنکەرەوەی بێ وایەر بۆ گشت ئامێرێک

دیەی داهاتوو لە تەکنەلۆژیادا دیەی نەمانی وایەر دەبێت، نە تەنیا بۆ مۆبایل و ئامێرە دیجیتاڵییەکان، رەنگە ئامێرەکانی دیکەی ماڵەوە وەك بەفرگر و تیڤی و ئامێری دیکە بێ وایەر کار بکەن.

شەحنکەرەوەی وایەرلەیس لەمێژە بەرهەم هاتوون، هەتا دێت هەم ستایلیان گۆڕانی بەسەردادێت و هەم کارکردیان زیاتر دەبێت. بۆ نموونە پاوەربانکی وایەرلەیسی جۆری ALTERBELL کە لە یەك کاتدا سێ ئامێرە. هەم داك واتە ستاندێکە بۆ راگرتنی مۆبایل و ئامێرەکانی دیکە. هەم شەحنکەرەوەی وایەرلەیسە و هەم شەحنکەرەوەی ئاسایی.

بە شەحنکەرەوەی ALTERBELL X40 دەتوانی گشت جۆرە مۆبایلێك شەحن بکەیەوە، وەك ئایفۆن، ئەندرۆید، جۆرەکانی کاتژمێری زیرەك. هەر ئامێرێك سوود لە Qi وەربگرێ. چارژێرەکە دەنووشتێتەوە و پاش نووشتانەوەی بەقەد نیو موبایلێ لێدێت. شەحنکەرەوەکە لە ئالۆمینیۆم دروستکراوە و بەهۆی مۆگناتیسەوە بە مۆبایلەوە دەنووسێت. کێشی ١٩٥ گرامە.

# پاوەربانکی دەستی

پاوەربانـک یـا وزە وەرگرتـن لـە سـووڕاندنی دەسـتەیەك یـا زەخت هێنـان، لەمێـژ سـاڵە هەیـە، بەرلـەوەی تەکنەلۆژیـای دیجیتالیش پەرە بستێنێ. چـرای لایـت هەبـوون کـە بـە زەخت بـۆ هێنـان و داگرتنـی دەسـتەیەك، بـارگاوی دەکرانـەوە.

ئێسـتا پاوەربانکێـك هەیـە کـە بـە دەسـت ئامێـرەکان شـەحن دەکاتـەوە. چ شـتێك لـەوە ئاسانتر نییـە کـە لـە شـوێنێکی دوورەدەسـت بـی و پاوەربانکت پـێ بـێ کـە بـۆ بـارگاوی کردنـی پێویسـتی بـە هیـچ شـتێك نەبێت، نـە وزەی کارەبا و نـە تیشـکی خـۆر و نـە وزەی بـا، بەڵکـو بـە پەنجـەی خـۆت شـەحنی بکەیـەوە.

پاوەربانکـی جـۆری کـە کۆمپانیـای سـۆنی ژاپۆنی بەرهەمـی هێنـاوە دەتوانێت بـە سووڕاندنی دەسـتەیەك باتریيەکـەی بـارگاوی بکرێـت و ئـەوکات ئامێـرەکان شـەحن بکرێنـەوە. ئەگـەر تـەواو بـارگاوی بوویـەوە دەتوانێت باترییەکـەی کە ٤٠٠٠ میلـی ئامپێـرە شـەحن بکاتـەوە ئـەم وزەیـە بـۆ شـەحنکرنەوەی مۆبایلێـك گونجـاوە. بەیـەك خولـەك دەتوانێت پێنـج خولـەك شـەحن بکاتـەوە. بێجگـە لەدەسـت دەکرێـت بـە وەزی کارەبـاش شـەحن بکرێتـەوە. شـەحنکەرەوەکە بـۆ هەمـوو جـۆرە مۆبایـل و کامێـرا و ئـەو ئامێرانـە دەبێت کـە سـوود لـە باتـری هاوشـێوەی ئـەو ئامێرانـە وەردەگـرن.







# داتاشۆی لەیزەری کۆکەرەوەی چەند ئامێرێک

حـەزت لەوەیە لە ماڵەوە بە تەلەڤزیۆنێکی گەورە و کوالیتـی بـەرز بـۆ نموونە K4 سـەیری ڤیڤیەکان بکـەی. یـا حـەز دەکـەی لە شاشـەیەکی گـەورەدا سـەیری فیلمێکـی سـینەمایی بکـەی و ماڵەکەت بکەی بە سـینەما. یا حەز دەکەی پلەی ستەیشـن یا نینتنۆ یا سۆنی یا هەر ئامێرێکی دیکەی گەیم بەکار بێنی.. گشت ئەو ئامێرانە و ئامێری دیکەش لـەو داتاشـۆیەدا جێگای بۆتەوە کە بەیـەك پەنجە هەڵدەگیردرێت.

داتاشـۆی جـۆری Nebula Cos- mos یەکێکـە لـە باشـترین داتاشـۆکان. لەیزەرییـە. سیستەمی ئەندرۆیدی لەسەرە و گشـت پرۆگرامەکانی ئەندرۆیـد دەخوێنێتـەوە. دوو سـپیکەری ٣٠ واتـی تێدا بەکارهاتـووە کە توانایی پرۆژکتەرەکـەی زۆر بردۆتـە سـەرێ. دەتوانێت فیلمـەکان لـە مـەودای ١٥٠ ئینـچ لەسـەر دیوار نیشان بدا.



# فوتەیەکی دیجیتالی بۆ کیبۆردێک بۆ گشت سەردەمێک

کیبۆرد گرنگترین پارچەی کۆمپیوتەرە، ئەو پارچەیەی کە تەختەی دوگمەکانی لەسەرەو بەکارهێنەر لەوەوە دەتوانێت فەرمانەکان بداتە کۆمپیوتەر. کیبۆردەکان جۆراوجۆرن، بەڵام هەموویان ئەرکیان ئەوەیە فەرمانەکانی بەکارهێنەر بۆ کۆمپیوتەر بگوازنەوە.

کیبۆردی جۆری Lunar 01 لە ریزی ناوازەترین کیبۆردەکان دێت. بەکارهێنەر دەتوانێت بە ویستی خۆی هەموو دوگمەکان بگۆڕێت. شریتێك لەسەرەوەی کیبۆردەکەیە کە هەم رووناکی دەبەخشێت و هەم دەکرێت بۆ بەشی مۆسیقی بەکار بهێندرێت و هەروەکا دەتوانرێت ئەو بەشە دەربهێنرێت و لە شوێنی ئەو مۆبایل یا تەبلێت دابندرێت. چونکە کیبۆردەکە بۆ کۆمپیوتەر و مۆبایل و تەبلێت دەبێت.

دوگمەکان گلۆپی تایبەتیان لە ژێرەوەرەوە بەکارهێنەر دەتوانێت بە ویستی خۆی رەنگیان بگۆڕێت. دوگمەیەك لەسەرەوەیە بۆ ئەوەی لە هەندێك پرۆگرامدا ئاسانکاری بکات. لە هەردو سەری کیبۆردەکە شتێکی هاوشێوەی ساروخی هەڵدانی کەشتی ئاسمانی هەیە.



## هەر جارە و وەڵامی پرسیارێک


**بەرێزێك دەپرسێت چۆن دەکرێت فایلێکی PDF کە دووسەد لاپەڕە زیاتریشە، لە نێو فایلەکەدا چەند لاپەڕەیەك بە ویستی خۆم جیا بکەمەوە؟**

بەرێز بۆ جیاکردنەوەی لاپەڕەکانی PDF ئاسانترین شێواز بۆ لێکجیاکردنەوەی لاپەڕەکانی PDF پێویستە بەهۆی پرۆگرامی google chrome فایلەکە بکەیەوە و دواتر لەبەشی print دا بەشی Custom هەڵبژێرە و ئەگەر نیازت هەبێ لە لاپەڕەی بۆ نموونە ٢٠ هەتا ٣٥ جیا بکەیەوە دەکرێت ئاوا بنووسی (٢٠-١٣٥)، بەڵام ئەگەر نیازت هەبێ لاپەڕەی سەربەخۆ و دوور لەیەك جیا بکەیەوە ئەوە بۆ نموونە دەبێ بنووسی (٢٠,٢٨,٣٧) ئیدی چەند لاپەڕەت مەبەستن ناوی ئەو لاپەڕانە دەنوسێ و پاشان ئەوانە دەبنە یەك فایل و جیا دەبنەوە.

# پرۆگرامێک بۆ دروستکردنی وێنەی کاریکاتۆر

حەز دەکەی وێنەیەکی کاریکاتۆر دروست بکەی، بەڵام بەهرەی هونەریت نیە و هیچی لێ نازانێ، پرۆگرامەکانی گرافیکی وەك فۆتۆشۆپ و هاوشێوەکانی ناتوانن وێنەکانت یان ئەوەی دەیکێشیەوە بیکەن بە وێنەی کاریکاتۆری.

پرۆگرامی Prima Cartoonizer تایبەتە بەوێنەی کاریکاتۆری، بەهۆی ئەو پرۆگرامەوە وێنەکانتان زۆر بە ئاسانی دەبن بە وێنەی کاریکاتۆری. وێنە کاریکاتۆرییەکان دەکرێت بکەی بە وێنەی پرۆفایلی هەژمارەکانت، یا لەسەر کاغەز یا گلاس و تی شێرت چاپی بکەی. کارکردن بە پرۆگرامەکە زۆر ئاسانە و پێویستی بە شارەزاییەکی ئەوتۆ نییە. هەموو ئەو ئامرازانەی بۆ وێنەی کاریکارتۆری پێویستن لەو پرۆگرامەدا هەیە. نە تەنیا وێنەکانتان بگرە ئەو وێنە شێوەکارییانەی بە دەستیش دەیکێشیەوە دەکات بە وێنەیەکی کاریکاتۆری. دەیان ئێفکتی جۆراوجۆری تێدایە.









# فوتەیەکی دیجیتالی بۆ هەموو مەبەستێک

فوتە یا بە واتایەکی دیکە میتر (measure) هەتا ئێستا بریتییە بووە لە ئامێرێکی بچووك کە لە کانزایەکی وەك تەنەکە یا پارچە پلاستیکێك پێکهاتووە. لەو چەند ساڵەی دواییدا مەتری تایبەت بەرهەم هاتن کە بۆ پێوانە لە تیشکی لەیزەر سوودیان وەردەگرن و هەندێك لەو مەترانە لە رێگای بلوتوسەوە داتاکانیان بۆ مۆبایل دەگوازتەوە.

مەتری جۆری MEAZOR 6-in-1 Laser Measure کە دیارە ناوەکەی خۆی بەخۆیەوەیە و لە یەك کاتدا ٦ ئامێرە. بچووکترە لە مۆبایلێك و لەگەڵ مۆبایلیش پەیوەند دەدرێت. بۆ پێوان بەشێوەی لەیزەری. هێڵ کێشان، ئەندازەکردنی تەنە چەماوەکان، گۆشەکان، یا پێوانی تەنێکی سێ رەهەندی بەتەواوی و کۆکردنەوەی داتاکان بەشێوەیەکی زیرەکانە بەرهەمهاتووە.

ساڵی ٢٠٢١ لە بواری دیزاینەوە خەڵاتی یەکەمی وەرگرت. لە ئەلەمینیۆمی وشك دروستکراوە. بچووکە ١,٣ ئینجە. شاشەیەکی لەمسی هەیە. پایە واتە ستاندێکی هەیە بۆ راگرتنی مەترە دیجیتالییەکە. پرۆگرامی و ئەپی تایبەت بەخۆی هەیە کە بۆ هەردوو سیستەمی ئەندرید و ئای ئۆ ئێس بەکاردێت. خۆی داتاکان لەخۆیدا رادەگرێت و وێنە لە شوێنی پێوانەکان دەگرێت و بە فۆرماتی PDF و JPG و هەروەها DXF خەزنی دەکات. میمۆری ناوخۆی ١٢٠ گیگابایتە.



## ماڵپەڕێک بۆ فێربوون زمانی ئینگلیزی

بۆ فێربوونی زمانی ئینگلیزی لە ئینتەرنێتدا هەزاران ماڵپەڕ و کەناڵی ڤیدیۆیی لە ئینتەرنێتدا هەیە. ئەگەر کەسێك تەنیا ئامانجی فێربوون بێت پێویست ناکات سەردانی خول و شوێنی تایبەتی بکات و هەر لە ئینتەرنێتدا زۆر باشتر فێر دەبێت. یەکێك لەو ماڵپەڕە فێرکارییانە، ماڵپەڕی. eslpod.comیە. ئەو ماڵپەڕە لەلایەن گرووپێکی ئەمەریکی نیشتەجێی کالیفۆرنیای ئەمەریکا بەڕێوە دەچێت. ماڵپەڕەکە هەموو رۆژێ بە فایلێکی دەنگی نوێ دەکرێتەوە. فایلە دەنگییەکە دیالۆگی نێوان دوو کەسە زۆر لەسەرخۆ و دواتر شارەزایەکی بواری ئینگلیزی ئەو دەستەواژانەی لە دیالۆگەکەدا بەکار هاتن شی دەکاتەوە. و دواتر دیالۆگەکە بە شێوەی خێرا لێدەدرێتەوە.

## پرۆژکتەرێکی بچووک و سینەمایەکی گەورە

کاتێك پرۆژکتەر واتە داتاشۆیەکان بەرهەم هاتن، سینەماخانەکان واتە ئەو شوێنانەی فیلمی سینەمایی لێ نیشاندەدرێن، لە هەندێك وڵاتدا یان داخران یان بازاڕیان بەرەو کزی رۆیشت. داتاشۆیەکان قەوارەیان بچووکە و ئەرکی سینەمایەکی گەورەش ئەنجام دەدەن. بۆ نموونە داتاشۆی جۆری MUDIX جگە لەوەی سیستەمی وای فا و بلوتوسی هەیە، هەموو رێڕەوکانی پەیوەندی وەك HD, AV, USB هەیە. کۆمپیوتەر و مۆبایل و تیڤی لەگەڵ پەیوەند دەدرێت. بۆ پەیوەندی دان پێویستی بە هیچ پرۆگرامێکی تایبەتی نییە. لەگەڵ هەموو سیستەمەکانی ئەندرۆید و ئای ئۆ ئێس و ویندۆز دەگونجێت. کوالیتی نیشاندانی فوول ئیچ دییە. نە تەنیا بۆ سەیرکردنی فیلم بەڵکو بەکارهێنان وەك کۆمپیوتەر و کردنەوەی پرۆگرامەکان و هەروەها بۆ یارییە ئەلکترۆنییەکانیش سوودی لێوەردەگیردرێت. زۆر بچووکە لە دوورەوە کۆنترۆڵ دەکرێت. لە مەودای یەك مەتری هەتا ٥ مەترییەوە دەتوانێت فیلم نیشان بدات. بەپێی دووری مەوداکە لە قەوارەی ٥٠ هەتا ١٢٠ ئینجی نیشان دەدات.





## کانتۆری جلەکانت بە شێکی ڕێک بخە

زۆربـەی خانمـان بـە تایبـەت کاتی سـەرلەبەیانیان بەهۆی پەلەیان بۆ چوونە زانکـۆ و سـەرکار، یـان ئەوانـەی لـە ماڵـن و خەریکی ژیانی ڕۆژانـەن، هێنـدە گرنگـی بـە ڕێکیـی جلەکانیـان لـە نێـو کاوەنتەرەکانیـان نـادەن، بـەم چەشـنە دیمەنێکـی ناشایسـتە لـە ژوور و شـوێنی هەڵگرتنـی جلەکانیـان بـەدی دەکرێت، بـۆ ئـەوەی کلۆسـێتێکی ڕێکت هەبێت، پابەندی ئەم ڕێنماییانە بە: ڕۆژانە سەیرێکی جلەکان بکە، بزانە کامـەی پیسـە و بۆنی ناخۆشـە جیایان بکـەرەوە، ئەگـەر ڕۆژانـەش نەتتوانی، هـەوڵ بـدە دوو یـان سـێ ڕۆژ جارێـك خەریکـی دەقکـردن و چاککردنـی جلەکانت بیـت، هـەوڵ بـدە سیسـتمێك بـۆ جلەکانت دابنێـت، واتـە پانتۆڵـەکان لـە شـوێنێك بـن و جلی سـەرەوە بـە جیا و عـەزی و کراسیش جێگـەیان دیار بێت، تاوەکو لێـك تێك نەچێت و دواتـر نەزانیـت کامـەی بپۆشـی، یـان ئـەو جلانـەی کۆنـن و لەگـەڵ نوێیـەکان تێکەڵیـان مەکـە، وا چاکە هـەر یەکە شـوێنی خـۆی هەبێت، تاوەکو بـە سـانایی بیاندۆزیتـەوە، هەروەهـا دەربـارەی هەڵبژاردنـی جلەکانت، هـەوڵ بـدە خشـتەیەکی هەفتانـە دابنێـت و مـاوە مـاوە خشـتەکە بگـۆڕیت، ئەمـەش بـۆ ئەوەیـە سـەر لـە بەیانیـان کـە بـە پەلەیـت لێـت نەشـێوێت و نەزانیـت کامـەی لەبـەر بکـەی.



## ئارایشتی قژی خانمانی بووک

لـە مارەبڕیـن و زەماوەنـدی گواسـتنەوەدا، تـا چەنـد جـوان و سـەنگین بیت، هێشـتا پێویسـتت بـە گرنگیدانـی زیاترە، پێویسـتە هەمـوو لایەنەکانی جوانیـت تێدا گەڵاڵـە ببێـت، قژیـش یەکێـك دەبێـت لـە پێکهاتـەی جوانیـت لـەو ڕۆژەدا، هەڵبژاردنـی ئارایشـتی قـژ پێویسـتە بەنـد بێـت بـە جـۆری کراسـی بووکـەوە، شـێککردنی ئـەو دوو لایەنـە جوانیـت پـێ دەبەخشـێت و شایسـتەی مۆدێکـی نایـاب دەبیـت، (نویزیـۆ سـافیانۆ) خـاوەن سـاڵۆنی (سـافیانۆ) لـە نیۆیـۆرك بـۆ ئـەو مەبەسـتە دەڵێـت: «کاتێـك بەشـی شـانەکانی کراسـەکەت لـە دەرەوە و کـراوە بێـت، پێویسـتە ئارایشـتی قـژی هەڵگیـراو هەڵبژێریـت. بـۆ ئەوانـەی خوازیـاری کراسـی یەخـەی حەوتـی یـان پیتـی (V)ی ئینگلیزیـن، پێویسـتە بەشـێکی قژیـان هەڵگیـراو بێـت و بەشـێکی دیکـە بکەوێتـەوە سـەر سـینگ. ئارایشـتی کلکـە ئەسـپ بـۆ ئـەو جـۆرە کراسانەیە کـە تـاك شـانێکیان ڕووتـە و ئـەوەی دیکـە داپۆشـراوە. ئەوانـەی کراسـەکانیان سـادەیە، پێویسـتە قژیـان بهێننـە سـەر لایەکـی سەرشـان و بەشـێکی ببەسـترێت، بەسـتانی قـژ لـە بەشـی پشـتەوە بـۆ ئـەو کراسانەیە کـە مـل دادەپۆشـن. لـەو کاتـەی پێویسـتە قـژت بـە تـەواوی بەسـتراو بێـت، کـە کراسـەکەت شـانەکانت دادەپۆشـێت.





# ماکیاژی سادە ڕوخسارت دەگەشێنێتەوە

پێشتر باوی ماکیاژی تۆخ و پڕ ڕەنگ بوو، لە ئێستادا ئەو شێوازە هێندە باو نەماوە، تەنیا لە بۆنە و یادەکان نەبێت، ماکیاژی ڕۆژانە و دەرچوون و چوونە سەر کار، پێویستە سادە و لە ڕەنگی ناسك و هێمن بێت، هەروەها پسپۆڕانی ماکیاژ ئاماژە بە خانمانی بووکیش دەکەن، کە جوانتر دەردەکەون ئەگەر ماکیاژەکەیان سادە بێت، واتە هێندە تۆخ نەبێت کە ڕەنگ و شێوازی ڕوخساریان بگۆڕێت، ماکیاژی سادەش بەم جۆرە گونجاوە: سەرەستا پێویستە بزانیت کە پێستت چۆنە و چ کێشەیەکی هەیە، هەروەها ڕەنگە سادەکانی وەك: پەمەیی کاڵ، قاوەیی، وەنەوشەیی ناسك، سپی کراوە بۆ ڕەنگی ڕوخسارت هەڵبژێریت، هەروەها شوێنی وردە زیپکە و پەڵ و لەکەکان دیاری بکە، تاوەکو بە جوانی بیانشاریتەوە، سەرەتا بە شێوەیەکی نەرم پرایمەرئەساسی ماکیاژ لە دەوری لووتت بدە، ئەگەر پێستت چەور بوو، سەرەتا لەبەشی سەرەوەی لووت دەست پێ بکە، تاوەکو گەردەن، ئەگەر پێستت وشك بوو، بە جوانی وشکی بکەرەوە و پاشان ئەساسی لێ بدە، دوور بکەوە لە ماکیاژی بریقەدار و بە بریسکە، پاشان ڕەنگەکان بە ڕێژەیەکی کەم و تەنیا سەری فلچە لێ بدە، ڕەنگی سپی و پەمەیی نەرم و نیوّدی بەبێ بریقە، هەروەها ڕەنگی سیلڤەر بە ناسکی ئامادە بکە.



# پەیکەری خۆشەویستی بۆ خۆشەویستان و ئاشقان

خۆشەویستان و ئاشقانی دونیا لە هەر شوێنێك بن، هێما و یادگاریی خۆیان تۆمار دەکەن بە دەربڕینی خۆشەویستییان بۆ یەك، لە شوێنێك یان لەسەر دار و بار و شۆستەیەك بە یادگاریی نەخش و نووسین پەیامی خۆشەویستییان دەنووسنەوە. لە وڵاتی جۆرجیا پەیکەرێکی سەیر بۆ خۆشەویستیان دروست کراوە، کە درێژیی حەوت مەترە و پێکهاتووە لە پیاوێك و ئافرەتێك، دەکەوێتە کەنار دەریای ڕەش لە جۆرجیا، پەیکەرەکە لەلایەن هونەرمەندی جۆرجی (تەمەر ڤیستادزی) دروستکراوە و هەر دە خولەك جارێك هەردوو پەیکەرەکە تێکەڵ بەیەکتر دەبن، ئەو پەیکەرە بەبۆنەی چیرۆکی خۆشەویستیی عەلی و نینۆ، کە هاوشێوەی چیرۆکی خۆشەویستیی ڕۆمیۆ و جولێتی شکسپیرە، دروست کراوە.

# یاریگای سەر رووبار

ئەم یاریگایە دەکەوێتە کەنداوی (مارینا) وڵاتی سەنگافوورە، کە سەکۆیەکی لێواری ئاوە و پڕ بووە لە پرۆژەی گەشتیاری و باڵەخانە، دوای ئەوەی لەسەر داوای زۆربەی خەڵك و گەشتیاران کە یاریگایەك یان شوێنێکی وەرزشی لەو ناوچەیە بکرێتەوە، ئەندازیارانی ئەو وڵاتە لێواری ئاوەکەیان بە باشترین شوێن شك برد، بۆ ئەوەی شوێنێکی وەرزشی دروست بکەن، ئەوە بوو پرۆژەکە بووە بیرۆکە و پاشان جێبەجێ کرا، ناوچە وەرزشییەکە بە درێژی (١٢٠) مەتر و پانی (٨٣) مەترە، تیایدا گۆڕەپانێکی راکردن و یاریگایەکی وەرزشی لە خۆ دەگرێت، بەم چەشنە دەبێتە ناوازەترین یاریگای وەرزشی کە لەسەر لێواری ئاودا دروست بکرێت.





## یەکەمین بریکاری خۆراک و خاوەن کۆنترین پانکە

مـام فاتیـح کریـم هاووڵاتییەکـی قـەزای چەمچەماڵـە، تەمەنـی ٤٧ سـاڵە ئێسـتا بریـکاری خۆراکە و یەکـەم کـەس بـووە ژمـارە ١ وەکالەتـی خۆراکی وەرگرتـووە لـە قـەزای چەمچەمـاڵ و، ژمارەکەشـی تـا ئێسـتا نەگۆڕیـوە، تـا ئیسـتاش بـۆ کێشـکردنی کەرەسـتەکان کیلـۆ و تـەرازووی کۆن بـەکار دەهێنێت، ژمارەیەکی زۆر لـە بەشداربووی هـەن، مانگانە بەپێ هاتنی بەشە ئازووقە کەرەسـتەکان بەبـێ دواکەوتـن دابـەش دەکات، وەك خـۆی دەڵێت: «نابێـت کەرەسـتەی خواردن دوا بخرێت، چونکە شتێکی گرنگە و پێداویستی ژیانی خەڵکە». مـام فاتیـح لەگـەڵ دامەزراندنی وەك بریـکاری خـۆراك پانکەیەکـی هەبـووە لـە ماڵـدا، دواتـر هێناویەتییـە دووکانەکـەی، کـە٥٢ سـاڵە بەبـێ وەسـتان کاردەکات، تـا ئێسـتاش وەسـتای نەدیـوە و تێـك نەچـووە، بەشـێك لـە خەڵکیـش داوایـان لـێ کـردووە پانکـە ڕەسـەنەکەیان پـێ بفرۆشـێت، بـەڵام ڕەتـی دەکاتـەوە و دەڵێت: حـەزم لێـی نییـە پانکـە جوانەکـەم بفرۆشـم کاتێکیـش هەلـی دەکـەم وەك ئەوەوایـە لـە بـەردەم موبەریدیەکـدا بـم، بەهـۆی ئـەوەی هەوایەکـی باشـی هەیـە».

فۆتۆ: دانا حەمە غریب

## داهاتووی ئۆتۆمبێل لە جیهان


زانسـت لـە هەوڵدایـە لـە مـاوەی (٢٠) سـاڵی داهاتـوودا سـووتەمەنی بـۆ ئۆتۆمبێلـەکان وەك بەنزیـن و گاز بە یەکجاری نەمێنن و کاریان پێ نەکرێت، چونکە لە داهاتوودا تەوژمی گـەرمی و پلەکانی گـەرما لە جیهاندا بە ڕێژەیەکی زۆر بـەرز دەبێتـەوە، ئەمـەش کاریگـەری ترسناك لەسـەر کەشوهەوا و ژینگـەی گـۆی زەوی دروست دەکات، هـەر بۆیە لە پرۆژەکانی داهاتووی جیهانی ئوتۆمبێلدا سووتەمەنی نامێنێت، کارەبا و وزەی خـۆر دەبنـە سـەرچاوەی وزە بـۆ بەکارخسـتنی ئوتۆمبێلـەکان، هەروەهـا لـە پێشـبینییەکاندا هاتـووە کـە شـۆفێریش نامێنێت، بەڵکو دەکرێت ئوتۆمبێلـەکان بـە کۆمپیوتـەر و پرۆگـرام خۆیـان بێـن و بچـن، واتـە مـرۆڤ تـەنیا سەرنشینێك دەبێت و ڕۆبۆتـەکان کاری شـۆفێری دەکـەن، نـاو ئوتۆمبێلـەکان دەبنـە دیوەخانێکی بچـووك، ئەوانـەی سـەردەکەون تەنیـا قسـە دەکـەن و سـەیری زانیـاری لـە نێـو جـام و بەرگەدەرگـەکانی ئوتۆمبێلەکـە دەکـەن، لـە ئێسـتاوە کۆمپانیـای مارسیدیسـی ئەڵمانـی ئوتۆمبێلێکـی بـۆ ئـەو زەمینەیـەی داهاتـوو دروسـت کـردووە بـە نـاوی (f015)، کـە ئوتۆمبێلێکـی مواسـەفات خەیاڵییـە و جێگـەی سـەرنجە.





## کاریکاتێر

ئەم کاریکاتێرە باس لەو کەسانە دەکات کەسانێکی گەورەیان خولیای خۆیان کردووە و پێیان وایە دەستەمۆی خۆیانیان کردووە.



## میوزیک

**ئاگاداری خۆت بە - Talking to Yourself**

تراکێکی تازەی کچە گۆرانیبێژی کەنەدی (کارلی رەی جێپسین)ـە کە لەدایکبووی ساڵی ١٩٨٥ی کەنەدایە و لە ساڵی ٢٠٠٥ دەستی بە گۆرانیگوتن کردووە، تراکە تازەکەی لە مانگی ١٠ی ئەمساڵ بەرهەم هاتووە و لە ئەلبوومی The Loneliest Time لە شێوەی ئار ئەند بی و سۆڵ، پوپ، بڵاو کردووەتەوە.

# گرانترین پارچە ئەڵماس

ماوە ماوە نرخی گرانترین کەرەستە و کەلوپەل بڵاو دەکرێنەوە، کە نرخی هەندێکیان خەیاڵییە و جێگەی باوەڕ نین. لە ماڵی کریستی بۆ نرخی ئاشکرا لە وڵاتی سویسرا گەورەترین پارچە ئەڵماس فرۆشرا، ئەو پارچە ئەڵماسە لە مەزادی نرخی ئاشکرادا لەلایەن کەسێکەوە بە بڕی (٣٤) ملیۆن دلار کڕدرا، کە لە وڵاتی (ئەنگۆلا) دۆزراوەتەوە و ناوی (ڤەن گریسنۆس)ـە، کێشی (٤٠٤) قیرات دەبێت، بەر لە (٢٧) ساڵ دۆزراوەتەوە و تا ئێستا گەورەترین پارچە ئەڵماسە، نزیکەی (١٤) وەستای ئەڵماس کاریان لەسەر چێکردنی ئەو پارچە ئەڵماسە کردووە، قەبارەی ئەو ئەڵماسە هێندەی پوولێکی دۆمینە دەبێت.



## فیلم

### کاترین بە باڵندە دەناسرێت - Catherine Called Birdy



فیلمێکی کۆمێدی و سەرکێشییە، باس لە کچی شای بەریتانیا دەکات، کە دوای ئەوەی باری دارایی خراپ دەبێت، هەوڵ دەدات کچەکەی هاوسەرگیری بکات، کە ئەوەش لە دوای ئەوەی داوەتی زۆربەی سەمایەداران و خەڵکی ناودار دەکات، ماوەی فیلمەکە یەك کاتژمێر و ٤٨ خولەکە، لە وڵاتی ئەمریکا وێنەی گیراوە و لە مانگی نۆ کاری بەرهەمهێنانی تەواو بووە، لە دەرهێنانی لینا دونهام، لە نواندنی (بێلا رامسی، لینا دانهام، ئەندریو سکۆت، جۆی ئەلیۆون بێلی پەیپەر، ئیسیس هاینسۆد، رۆسێل براند) ـە

#### کاوڕ ٣/٢١ - ٤/١٩

سوپاسگوزاربە بۆ هەر شتێك کە بەدەستی دەهێنیت، خۆشەویستەکەت هەندێك وشەی ناخی هەیە و دەیەوێت بۆت بدرکێنێت، باشترە ڕێگەی بدەیت دڵی خۆیت بۆ بکاتەوە، پاڵپشتی خێزانەکەت بکە، بەتایبەتی لە چەند رۆژی داهاتوودا کە پێویستیان پێت دەبێت.

#### گا ٤/٢٠ - ٥/٢٠

لە رووی پیشەییەوە لە کۆتاییدا دەگەیت بەو پلەیەی کە خۆت ئارەزووی دەکەیت، ئێشتا کاتێکی باش نییە بۆ ئەوەی چاوەڕێی هاوپیشەکانت بکەیت یارمەتیت بدەن، متمانەت بە هەنگاوەکانت هەبێت و هەوڵ بدە خۆت کارەکانی خۆت راپەڕێنیت.

#### جمک ٥/٢١ - ٦/٢٠

هەوڵ بدە رابردوو لەبیر بکەیت، سەرنجت با لەسەر ئەو کەسە نوێیانە بێت کە دێنە ژیانتەوە، ژینگەیەکی نوێ و باشتر بۆ خۆت دەستەبەر بکە، لە رووی پیشەییەوە رەنگە نەگەیت بەو خاڵەی کە خۆت دەتەوێت، بەڵام هەوڵدان ڕێگەی نوێت لە بەردەمدا دەکاتەوە.

#### قرژاڵ ٦/٢١ - ٧/٢٢

لە رووی پیشەییەوە بڕیارێك بدە کە زیاتر پیشەکەت بەرەو پێشەوە ببات، ئەم ماوەیە خۆت سەرقاڵی ئەو کەسانە مەکە کە دەیانەوێت بتڕوخێنن و بەردەوام رەخنەت لێ دەگرن، لە ئێستادا تەندروستیت زۆر باشە، هەوڵ بدە لە وەرزشکردن بەردەوام بیت.

#### شێر ٧/٢٣ - ٨/٢٢


لە روی پیشەییەوە کارەکانت دوامەخە بۆ سبەینێ، هەروەها یارمەتی کەسانی دیکە رەت مەکەرەوە، وا باشترە لە پەیوەندیی سۆزداریدا هەمیشە قسەکانی خۆت زاڵ نەکەیت و ڕێگە بدەیت بەرامبەرەکەت رای خۆی دەرببڕێت، هەوڵ بدە ئارام و لەسەرخۆ بیت.

#### گوڵەگەنم ٨/٢٣ - ٩/٢٢

کارکردن بە تیم چانسی سەرکەوتنت زیاتر دەکات، وا باشترە خۆت بگونجێنیت لەگەڵ کەسانی چواردەورت، هەمووان ستایشی کارەکانت دەکەن، لە رووی سۆزدارییەوە دەمەقاڵێی بەردەوام و بێ هۆکار زیان بە پەیوەندییەکەتان دەگەیەنێت، هەوڵ بدە لە بەرامبەرەکەت تێبگەیت.

بۆ زانیاریت

## ڕەنگی زمان




زمان ڕەنگێکی دیاری کراوی هەیە، کە زیاتر پەمەیی و سووره، بەڵام هەندێك جار گۆڕانكاری بەسەردا دێت، کە ئەوەش هۆکاری نەخۆشی و حاڵەتی نا سرووشتیی تەندرووستیی جەستەیە، هۆکار و نیشانەکانی گۆڕانی ڕەنگی زمان ئاماژەن بۆ:

مۆر: نەخۆشییەکانی سی و دڵ

کاڵ: بەدخۆراکی و کەمیی ڤایتامین

سپی : وشکبوونەوە (لەدەستدانی ئاو و ئەلیکترۆلایت)، هەوکردنی کەڕوویی و هەڵامەت

ڕەساسی: نەخۆشییەکانی کۆئەندامی هەرس

شین: نەخۆشییەکانی گورچیلە

## یاسا




**کۆمپیالە**

کۆمپیالە: بریتیە لە بەڵگەنامەیەکی نووسراو، کە بەهۆیەوە کەسێك بەڵێن دەدات بەوەی کە بڕێکی دیاریکراو پارە بە کەسێکی دیکە بدات، کە پێی دەگوترێت (المستفید) لە بەروارێکی دیاری کراودا، یان هەر کاتێك داوای بکات (حين گلب)، بۆ ئەوەی کۆمپیالە شایستەی خەرجکردن بێت، چەند مەرجێکی پێویستە کە دەبێت هەبێت، بەم مەرجانە لەقەرزی ئاسایی جیا دەکرێتەوە و دەبێت بە نوسراوێکی بازرگانی، دەبێت ناوەڕۆکەکەی بڕێکی دیاریکراو لە (پارە بێت)، نابێت هیچ مەرجێکی تێدابێت، واتە شایستە بوون بە هیچ مەرجێکەوە نەبەسترابێتەوە، دەبێت بەرواری شایستەبوون (تاريخ الاستحقاق)ی تێدابێت، لەگەڵ چەند مەرجێکی دیکە کە دەبێت هەبێت، تاوەکو دەستبەجێ لە بەرواری شایستە بوونیەوە ببێتە نوسراوێکی بازرگانی و شایستەی خەرجکردن بێت، دەبێت تێیدا دەستەواژەی (التعهد) بەڵێن دان و دەستەواژەی (سند لآمر) و واژوی نووسەرەکەی و... هتد هەبێت، کە لەلایەن جێبەجێکاری داد جێبەجێ دەکرێت، بەبێ ئەوەی پێویستی بە بەرزکردنەوەی داوا هەبێت لە دادگای بەرایی، هەر کاتێك بەرواری شایستەبوونی (تاريخ الاستحقاق) هات، ئەو کەسەی کە کۆمپیالەکەی لایە، تەنیا پێویستی بەوەیە بچێتە لای جێبەجێکاری داد (منفذ العدل) و داوای جێبەجێکردنی بکات، ئەگەر نووسەری کۆمپیالە ئامادە نەبێت ئەو بڕە پارەیە بدات کە لەکۆمپیالەکەدا نووسراوە، بە بڕیاری جێبەجێکاری داد موڵك و ماڵی نووسەری کۆمپیالەکە حجز دەکرێت، یان حەپس دەکرێت، ئەگەر کەسێك کۆمپیالە بنووسێت، دادگا هیچ ماوەیەکی وەکو دەرفەت پێ نادات تاوەکو خۆی بۆ دانەوەی قەرزەکەی ئامادە بکات، ئەگەر کۆمپیالەکە گەیشتە کاتی شایستەبوو (الاستحقاق) دەستبەجێ دەبێت ئەو بڕە پارەیە بدات کە لە کۆمپیالەکەدا نوسراوە، لە کاتێکدا بۆ قەرزدار دادگا ماوە دەدات بە قەرزدار بەپێی حاڵەتەکە تاوەکو بڕی قەرزەکە ئامادە بکات و بیداتەوە، هەندێ جاریش دەیکات بەقیست بەپێی جۆر و حاڵەتی قەرزدار و قەرزەکە، بەڵام بۆ کۆمپیالە بەم شێوەیە نییە.



## پەند و وتە

ئەلبێرت کامۆس، کە بە ئەلبێر کامۆ ناسراوە، فەیلەسوف و نووسەری دراما و ڕۆژنامەنووسی فەرەنسی، لە ساڵی ١٩١٣ لە شاری دریان لە جەزائیر لە دایکبووە و لە ساڵی ١٩٦٠ لە فەرەنسا کۆچی دوایی کردووە، دەربارەی ڕێز و ترس دەڵێت: نزمترین و خراپترین ڕێزگرتن ئەو ڕێزەیە، کە لەژێر ترس و بەرژەوەندیدا ڕێچکە بگرێت.



## یاریی وێنە

لەم وێنەیەدا زاوایەك بووکێکی هەڵگرتووە، قاچی بە جۆرێك دەرکەوتووە کە جێگەیتێڕامانە، بزانە وێنەکە چۆن گیراوە.

### گۆزە ١/٢٠ - ٢/١٨

لە ئێستادا کارەکان زۆر باش بەڕێوە ناڕۆن، فشارێکی زۆری دەروونیی بۆ دروست کردوویت، وا بیر دەکەیتەوە کەسانی دیکە لێت تێناگەن، ئەمەش بیرکردنەوەیەکی هەڵەیە، لە پێناو تەندروستیت خۆت زۆر ماندوو مەکە. ە هەندێك جار وا باشترە پشوویەك وەربگریت.

### نەهەنگ ٢/١٩ - ٣/٢٠

لە بیرت بێت مەرج نییە کارەکان هەمیشە بەو شێوازە بڕۆن بەڕێوە کە تۆ دەتەوێت، ئەمەش ئاساییە و ئەزموزنیان لێ وەردەگریت، لە ڕووی سۆزدارییەوە ڕێگە مەدە کەسی سێیەم بێتە ژیانتانەوە، لە ڕووی تەندروستییەوە پێویستت بە پشووە، چونکە زۆر ماندوویت.

### شایان ٩/٢٣ - ١٠/٢٢

ڕەنگە بکەویتە گێژاوێکەوە لە ژیانی تایبەتیتدا، ئاسان نابێت مامەڵە لەگەڵ ئەو گرفتانە بکەیت، باشترە لۆمەی هاوسۆزەکەت یان هاوڕێکانت نەکەیت، ئێستا کاتی ئەوەیە تەماشای ئاوێنە بکەیت و دووبارە بیر لە خۆت و ژیانت بکەیتەوە، پێویستت بەوەیە گۆڕانکاری ئەنجام بدەیت.

### دووپشک ١٠/٢٣ - ١١/٢١


لە ڕووی پیشەییەوە بە خێرایی کێشەکانت چارەسەر دەکەیت، هەروەها وەکو هەمیشە بە باشی کارەکانت دەکەیت، لەگەڵ خۆشەویستەکەت ڕوون بە و وشەکانی ناخت بە ئاشکرا دەر ببڕە، تەندروستیت بەرەو باشی دەڕوات، ماوەی داهاتووت باش دەبێت.

### کەوان ١١/٢٢ - ١٢/٢١

لەروی پیشەییەوە، ناوە ئەو زانیارییانەی دەیزانیت لەگەڵ کەسانی دیکە بەشی بکە و یارمەتی هاوپیشەکانت بدە، لە ئیستادا شتەکان بە باشی دەڕۆن بەڕێوە، بە گەشبینییەوە بۆ داهاتو دەڕوانیت، ئەمەش خاڵێکی زۆر ئەرێنییە کە بەرەو سەرکەوتنت دەبات.


### گیسک ١٢/٢٢ - ١/١٩

لە ڕووی پیشەییەوە پێویستە زیاتر وریا بیت، بە زویی تورە دەبیت، ئەمەش زیانی هەیە و پەشیمانت دەکاتەوە، باشترە پێش هەر بڕیارێکت بە زویی بیر بکەیتەوە، ماوەی ڕابردوو چەند گرفتێکت هەبوو و تەنیا بویت، کەسێکی متمانەپێکراو بدۆزەرەوە، بۆئەوەی دڵتی بۆ بکەیتەوە.





بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://apps.apple.com/us/app/gulan-media/id1586050534#?platform=iphone




## ئێستا دەتوانی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ هەریەکە لە پلاتفۆری (ئای ئۆ ئێس) و (ئەندرۆید) دابەزێنی بۆ ئەوەی سوودمەند بی لە دواین هەواڵ و زانیارییەکان




بۆ دابەزاندنی ئەپلیکەیشنی گوڵان میدیا بۆ پلاتفۆری (ئەندرۆید) لەسەر ئەم لینکەی خوارەوە کلیک بکە:

https://play.google.com/store/apps/details?id=com.gulan.media




# www.gulanmedia.com

Gulan Weekly October 24, 2022 Issue,No.1338


# TimeNet Company.Ltd

time net
Network expertise

TimeNet Company specialises in IT, ICT, Croporation Computerizing and Implementation of Networking across Kurdistan and Iraq

Our Company provides:
- Dedicated Internet Services
- VSAT
- ..........Copper Wired Networking
- .............Wireless Networking
- .............Fiber Optic Networking
- VoIP Video Streamnig
- VPNs
- CCTV Cameras
- Electronic Door

کۆمپانیای تایم نێت شارەزاین لە تەکنەلۆژیای زانیاری و
بە کۆمپیوتەر کردنی کۆمپانیا و ڕێکخراوەکان بە گوێرەی ئیش و کارەکانیان.

خزمەتگوزاریەکانمان:

گەیاندنی ئینتەرنێت بە ڕێگای... Dedicated و VSAT
دامەزراندنی تۆڕ بە
..... تەلی مس
..... بێ تەل
..... فایبر ئۆپتیک

دامەزراندنی دەنگ و ڤیدیۆ بەڕێی ئینتەرنێت
دامەزراندنی تۆڕی ڕاستەقینە تایبەت
دامەزراندنی سیستەمی چاودێری کامێرا
دامەزراندنی سیستەمی دەرگای ئەلیکترۆنی

Tel : +964 750 380 7676
: +964 750 710 0782

sales@time-net.net
www.time-net.net

Erbil, Ankawa, Iraq
Khabat Street - Karez Districit 240/1/626